[illegible]

[illegible]

# باسکار

گۆڤارێکی وەرزیی باس و لێکۆڵینەوەیە

لە لەندەن چاپ و بڵاودەکرێتەوە


**سەرنووسەر**

صەباحی غالیب

**شێوە و خەتەکانی بەرگ**

هونەرمەند عەلی مەندلاوی

**دەرهێنانی هونەری و رێکخستنی ناوەوە**

مستەفا کەریم


باسکار

ژمارە / ٢

زستانی ١٩٩٩


نێونیشان

105 Gladstone Park Gardens
London NW2 6JY
England



ئابوونەی ساڵانە

لە ئەوروپا ٢٥ پاوەند

لە دەرەوەی ئەوروپا ٣٥ پاوەند

# ناوەڕۆک

١. سەرچاوەی زانیاریی سیاسەتی کورد و نەهێشتنی ڕووناکبیرێتی هەمە ڕەنگ ..... لاپەڕە ٥
صەباحی غالیب

٢. کورد و کوردستان – فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە – پرۆفیسۆر م. س. لازەریێف.
د.جەبار قادر کردویە بە کوردی – بەشی یەکەم ........................ لاپەڕە ١٧

٣. چارەسەری کێشەی کورد ... سەربەخۆییە ........................................ لاپەڕە ٣٥
فەرهادی مەلا رەسوڵ

٤. لەیادی پەنجا ساڵەی جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ و حەوتەمین ساڵی ڕێکخراوی مافی مرۆڤ
لە کوردستان دا ........................................................ لاپەڕە ٥٣
ساڵح حەمەئەمین

٥. شێخ ئەوڕەحمانی تاڵەبانی (خالیص) ........................................ لاپەڕە ٦٥
دکتۆر نوری تاڵەبانی

٦. فریشتەی ڕەحمەت ناکارن ڕێگە لە زۆردار بگرن ........................................ لاپەڕە ٧٧
وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە سەعد محەمەد

٧. ناساندنی کتێب ........................................................ لاپەڕە ٨١
بەرگورد

٨. دەقی ڕێکەوتنی هەردوو حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان ........................لاپەڕە ٨٦
و یەکێتی نیشتمانی کوردستان

هەواڵنامەی کتێب

صەباحی غالیب

# سەرچاوەی زانیاریی سیاسەتی کورد و نەهێشتنی ڕووناکبیرێتی هەمەڕەنگ

## خولێک بە دەوری زانیاریدا

ووشەی زانیاری لە ڕووی فەرهەنگییەوە بە مانای ئاگاداری، شارەزایی و ناسین دێ.(١) لە ڕووی زاراوەییەوە شارەزاییە سەبارەت بە لایەنێک لە لایەنەکانی چالاکی مرۆڤ لە کۆمەڵدا. لەوەش فراوانتر دەگرێتەوە کە بە هەموو تێگەیشتن و زانیاریی مرۆڤایەتی دەوترێ.

زانیاری بۆ ئەوەیە بە باشترین شێوە کارێک ئەنجام بدرێ، بە مەبەستی چاکتر بەرهەمهێنان و خەملاندن و چوونە پێشەوە بەکار ببرێ.
زانیاری : تەنێ شارەزایی پەتی و بنەماو دەستور و رێبەرێتی و سەرنجی تیوری نیە، لە هەمان کاتدا کردەوەی رۆژانەو بیرکردنەوە و خۆڕاهێنان و ڕازیبوونە کە لەگەڵ بنەماکان و شارەزاییەکان یەکبگرێتەوە. بۆ ئەوەش دەبێ ئامانج دیاری بکرێ و بەرنامەی بۆ رێکبخرێ.
زانیاری هاندەرێکە بۆ ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتندا بڕیاری دروست بدرێ. بۆیە وا دەزانین زانیاری و تێگەیشتنی، لە تەک هەڵەو کاری خراپەدا جووت نایەنەوە، لە بنەڕەتدا زانیاری مەشخەڵە، زاڵبوونە بەسەر چەوتی و چەوێڵیدا.
بۆ زانیاری فێر بوون، ڕێگا هەیە : یەکێک لە گرینگترینیان ئارەزووە، واتا ئامادەیی هۆشی و دەروونی بۆ وەرگرتن و گەڕان بەدوای زانیاریدا. ئەوجا ئامانج، دیارە ڕاستگۆیی ئامانج بەندە بە ئەندازەی ڕاستگۆیی داخوازیەکان و بەرهەمەکان و خزمەتگوزاریەکانەوە کە کارگێری و ڕێکخستن و مرۆڤ لە پێناویدا لە کاردا بێ.

## سەرچاوەکانی زانیاری سیاسەت

مەسەلەی سەرچاوەی زانیاری یەکێکە لە مەسەلە بایەخدارەکانی بەڕێوەبردنی ژیان، بەمانایەکی فراوان و گشتی دەبێتە ڕێکخستنی بەرنامەی زانیاری و بزوێنەری مێژوو، مێژووی ئێستا، مێژووی دوارۆژ، بەڵام وەک ئەوەی لەگەڵ خۆزگە و ئاواتی ئێمەدا بۆ مێژوو، یەکدەگرێتەوە یا نا ئەوە شتێکی دیکەیە. پەیوەندییە بابەتی و زلهێزەکان و پێکدا هەڵپڕژانی بەرژەوەندیە ناوچەییەکان و نێو دەوڵەتییەکانیش تێکەڵ دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا لەگشت دۆخێکدا زانیاری پاڵپێوەنەری سەرەکییە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ژیان و وەدەستخستنی قازانج و خۆ پاراستن لە زیان.

دەستەی سیاسەتمەدار لەگەڵ لایەنەکانی ژیان بەگشتی مامەڵە دەکا، ڕاستەوخۆ دەڕوانێتە کۆمەڵ. تاک، مێژوو، جوگرافیا، ئابووری و لەشکر ...
دەتوانین سەرچاوەکانی زانیاری سیاسەت بەوانەی سەرەوەی نێوبەرین. لێکۆڵینەوە و پتر شارەزابوون و تێگەیشتنی لایەنەکانی مرۆڤ، ئەوجا بەکارهێنانیان بۆ ڕوونکردنەوەی



هەولێرنامەی کتێب

دیاردەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان و بەرەو پێشەوە بردنیان لە بەرژەوەندی مرۆڤ، پێویستی بەکارامەیی و لێزانینی بەکارهێنان هەیە.

## لەڕووی سیاسییەوە:

بڵاوبوونەوەی زانیاری دەبێتە دروستبوونی کەشێکی سیاسی کە تاکەکانی کۆمەڵ سەرکەوتوانەتر و هاوبەشی بڕیاربکەن و باشتر شارەزایی دەوروبەربن.

## لەڕووی ئابورییەوە:

ئاگاداریی سەرچاوەکانی سامان و بەرهەم و کەل و پەل و خزمەتگوزاری و بازاڕ و داخوازییە، دۆزینەوەی ئیش و ئەندازەی پێویستییەکانە لەچاو ژمارەی خەڵکەوە.

## لەڕووی ڕووناکبیرییەوە:

هەستکردنە بە بایەخی زانیاری و هاندانی بەکارهێنانییەتی لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوە و مرۆڤایەتیدا.

## بەرنامەی زانیاری

جۆری ڕێکخستنی زانیارییەکان بەشێوەیەکی بەرز، بەنیازی بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی میللەت هۆکاری پێشکەوتن و ئاسوودەییە، هاندەری گەشەکردنی لایەنەکانی ژیان و کۆمەڵە.

بەرنامەی زانیاری لە باری بەڕێوەبردنی میللەتی ئێمەوە دەکرێ لەو خاڵانەی خوارەوەدا ڕەچاو بکرێ :

١- دیاریکردنی توانست و دەستەڵاتی نەتەوە یا بەشێک لە نەتەوە لە قەڵەمڕەوێکی دیاریکراودا.

٢- ڕوونکردنەوەی ئامانجەکانی نەتەوە، هی ئێستا و هی دوورتر.

٣- هێنانە مەیدانی ئەو پڕۆژانەی لە وەدیهێنانی ئامانجەکاندا هاریکاری دەکەن. لەوانە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕووناکبیریتی خەڵک، یەکسانی، ئازادی، ڕێزگرتنی توانستە

داهێنەرەکان، دادی کۆمەڵایەتی، بایەخدان بە ئافرەت و پاراستنی کەسایەتی و دۆزینەوەی کارامەییەکانی و هاوبەشیکردنی لەسەرجەم پلەکانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵدا ....

٥- ڕێگا خۆشکردنی پێوەندی بە ڕێکخستنە کوردی و کوردستانیەکانەوە.

٦- وەبیرهێنانەوەی تاقیکردنەوە تاڵەکانی مێژوومان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان و هەوڵدان بۆ ڕوونەدانەوەیان. بۆ ئەمە زۆر مەرجە بە پەرۆشەوە بیرێکی جددی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بکرێتەوە و لەو بارەوە لە پێش هەموو شتێکدا سوپای بەرگری کوردستان سازبکرێ، ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و بنکەی ستراتیژی بێنە بەرهەم.

## روناکبیریتی سیاسی

پێش ئەوەی کۆمەڵێک کەس لە ڕێکخستنێکدا کۆببنەوە، تاک تاکەو دوو دوو لە دواییدا فراوانتر پێکەوە بیروباوەڕ سەبارەت سەرجەمی پرسیارەکانی مرۆڤ و کۆمەڵ دەگۆڕنەوە و بە قووڵی لێیان دەکۆڵنەوە. دوور لە ئارەزووی پەتی و جەختکردن لەسەر پێویستی کۆمەڵ و پێشکەوتن و بە کۆمەڵ ژیان و بە کۆمەڵ کارکردن و لە پێناوی کۆمەڵدا خزمەتکردن ڕێکدەکەون .. واتا سێ بناغەی سەرەکی لە ڕێکخستندا دەبینرێن : سەرکردایەتی، جەماوەر - خەڵک، بەرنامەی کارکردن و ئامانج، ئەو سێ بنەرەتەش بە ڕشتەی بیروباوەڕ و ڕەوشت و پەروەردە پێکەوە گرێدراون. لە ئەنجامدا وا دەکەوێتەوە سێ بنەمای ماددی بەرامبەر بنەمایەکی گیانی و دەروونی بۆ ڕێکخستن پێویستن.

دیارە بە پێی ڕۆژگار، بۆچوون بەرامبەر حیزب لە بگرەو بەردەدا بووە، بەرزترین پلەی ژیانی حیزبایەتی لە پلەی ڕووناکبیریتی سەرکردایەتی و جەماوەرەکەیەوە ڕەنگدەداتەوە. بۆ هەر حیزبێک «ڕووناکبیریتی سیاسی»پێویستە، لە گشت پلەی ڕێکخستنەکەدا دروست وایە بە بەردەوامی و بەفراوانی مەسەلەی ڕووناکبیریتی بە خاڵێکی سەرەکی تەماشابکرێ، ساردبوونەوە لێی دەلاقە دەخاتە گیانی حیزبەکەوە، لە نێو ئێمەدا تایبەت لە دوو بەرەکیەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٦٤ وە گرنگی بە «ڕووناکبیریتی سیاسی» بۆ بەرژەوەندی بەرزی میللەت لە جێی نەبوو بووە، جۆرە گێژاوێکی بیری لە سەرانسەری کوردستان و ڕێکخستنەکانیدا پەیدا بووە، ژیانی حیزبایەتی خستۆتە قاڵبێکی واوە کە زۆر لە تێکۆشەران لێی دوور بن، ئەوانیش خۆ بخۆنەوە و شەرعیەتی نوێنەرایەتی میللەتیان لێبتەکێتەوە.

دەتوانرێ لایەنە سەرەکیەکانی دۆخی پارتایەتی لە تەواوی کوردستاندا لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکرێنەوە :

١- حیزبی سیاسی کورد، حیزبی سیاسی چەکدارین، ئەوانەی چەکیشیان نیە بە عەقڵیەتی چەک دەجوڵێنەوە، دەیانەوێ مەیدانی سیاسەت پاوانکراو بێ، باوەڕیان بەوە نیە توانست و لێهاتوییان سنوور دارە، وا دەزانن عەقڵ و لێکدانەوە و هێزی ئەوان بۆ گشت کات و شوێنێکە.

٢- سیاسەتی ڕەتکردنەوەی بەرامبەر پیادە دەکرێ، وەزو هێزەکانی کورد لە هەر شوێنێ بن، توێ توێ کراون، تاقیکردنەوەیەکی تاڵی لەچەند بەرەکیدا بەر قەرار کردووە.
ڕێکخراوە کوردستانیەکان لەسەر بنەمایەکی یەک لایەنەی بیرو باوەڕ و سیاسەت دروستبوون، توانستی بەڕێوەبردنی جیاوازی سیاسییان نیە، جا ئەمە نە لە بەرەیەکی کوردستانیدا دروستبووە نە لە نێوان تاکە کانیشدا، بۆیە هەمیشە جیاوازی بیرو بۆچوون دەبێتە زۆرانبازی چەک، هەڵبەت لە زۆرانبازییەکەشدا هیچ جۆرە توانست و ژیرییەکی مرۆڤانە نامێنێ کە لە ڕێگای ژیر بێژی و دڵسۆزی و لێزانینەوە چارەسەری بکەن.

٣- گرنگیدان بە ڕواڵەت و لە بیربردنەوەی مەسەلە سەرەکیەکان، بیانوو دروستکردن بۆ مانەوەی جێگەو ڕێگە و سوور بوون لەسەر هەڵە و زیان. بەهەر شێوەیەک بێ لە کاری ئەوەدا دەبن سەر لە خەڵکی بشێوێن و زەمینەی باسی حەقیقەتەکان بشارنەوە.

٤- یاساکانی سیاسەت و داوو دەزگەی ڕێکخستن دەخرێنە پشت گوێ، لە بیر بردنەوەی پرۆگرام و پێڕەوی حیزب، باوەڕ ناکرێ خاڵە سەرەکیەکانی ئامانجەکان کە کۆنگرەکان دیارییان کردووە چ بایەخێکیان پێبدرێن.

٥- نەبوونی دەستەو توێژی باسکاران و ڕووناکبیران چ لە حیزب و چ لە دەرەوە کە ڕووداوەکان و ئایندە بنرخێنن. چونکەحیزبەکان بەڵگەو تروسکایی بە دەستەوە نادەن تا سەر دەربکرێ و چرایەک تیشک بهاوێژێ و بتوانرێ لە کاروباریان تێگەیشتن پەیدابێ. لای ئێمە سەدان لایەن و حەقیقەت هەن، نەتەوە ئاگای لێیان نیە، لەبەر ئەوە کورد میللەتێکە خاوەنی زۆرترین «حەقیقەتی شاراوەیە»، گەورەترین «گەنجینەی نهێنی» مان هەیە، دوور لەوەی بۆ ئێستامان یا بۆ ئایندە کەڵکیان لێوەربگرین.

٦- گرێدانی سیاسەت بە خەباتی دژی داگیرکەرانەوە، بێ ئەوەی توانرابێ چوارچێوەی

داگیرکەر و دوژمن و دۆست نەخشە بکێشن.
٧- نەبوونی سیاسەتی پەروەردەیی و پێگەیاندنی مرۆڤ، سڕینەوەی گیانی بەخشین و وەرگرتن.
ئەوانە لە پێوەندی حیزبەکان لە نێوان خۆیان و خەڵکدا مەترسی مانەوەی حیزبایەتی ڕەخساندووە. لە خودی تاکە حیزبێکشدا خاڵی لاوازکردنی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتی و سیاسی بارتەقای کێوی ترس و لەرزە ...
با بڕوانین جۆری دروستبوونی خەڵکانی حیزبایەتی لە نێو کورداندا چۆنن :
١- بەشێکی کەمی خەڵکی هەن بۆ سیاسەت بشێن و بەدڵ و بەگیان و بە دڵسۆزی و تێگەیشتن و هێمنییەوە کاربکەن، مەبەستی خزمەتکردنی میللەتەکەی و مێژوو بێ و لە شارەزایی و توانست و لێزانینەوە درێژە بەکاری حیزبایەتی بدا.
کاتی خۆی، تایبەت پێش دووبەرەکی ١٩٦٤ کە ئەندامێکی پارتی هەواڵێکی ڕادەگەیاند یا سەرنجێکی دەردەبڕی وەک ئەوە وابوو حیزب قسە بکا یا هێزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستانی لە پشتەوە بێ. بەڵام دوای ئەوە بە قەولی عەونی یوسفی ڕەحمەتی «جەناب مەقاییس نەما»، گرنگی و بایەخی ئەو دەم لە کوێ و هی ئێستا لە کوێ !؟ لە چاو سەردەم و شوێنەوە، بەراوردی ئەندامانی ئەوکات، لە ڕووی تێگەیشتنەوە، ئازایەتییەوە، دڵسۆزییەوە، ئاواتەوە لەگەڵ هی ئێستا ناکرێ. ئەمە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە جێیە، ئەگەر بێت و جەماوەری حیزبی لەسەردەمی کۆماری خود موختاری کوردستان و ئێستای ئەو حیزبە پێک بگیرێن زۆر سەروکورت دێن.
٢- دروستکردنی تاوان بۆ ئەوانەی لە گەڵیاندا نین.
لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا برایەکی سەرکردایەتی حیزبێکی کوردستانی لە لەندەن لەگەڵ دەستەیەک «نا قوتابی» بۆ دروستکردنی «ڕێکخستنی قوتابیان» هاوکاری دەکرد !! عەرزم کرد : لە کوردستان ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوویت، حەق نیە لێرە لە قوتابیانەوە تێهەڵچیتەوە، چاکتر وایە ئارام بگری تا بە تێگەیشتنێکی کامڵتر و بە پرۆگرامێکی چێتر و بارو دۆخێکی گونجاوترەوە حیزبایەتی بکەیتەوە. لە وەرامدا گووتی «ئەمن وەک تۆم پێناکرێ، حیزبایەتی نەکەم هەزار تاوانم بۆ هەڵدەبەستن».
٣- کوردە نامووسی، لە لۆمەی ئەم و ئەو ترسان، زۆر خەڵک بە فەرمووی برادەر و کۆنە

## سەرچاوەی زانیاری سیاسەتی کورد

هاورێی، خۆی بە کۆشتداوە، لە کاتێکدا باوەڕیان بە شەڕی کورد کوژی نەبووەو لە مێژیش بووە دانیشتوون، بەڵام لە شەرمی ئەوەی پێی نەڵێن ترسنۆک یا تاوانێکی دی، خۆی بە کوشتداوە، خۆ بە کوشتنەکەی زیان بووە بۆ نەتەوەکەی، بۆ خۆی، بۆ ماڵ و منداڵ و کەس و کاری.

٤- نەبوونی ئیشێکی دی، سیاسەت بۆ زۆرکەس خولیا و ئارەزووە، خۆ خەریک کردن و تاقەت دەرکردنە. یا خۆیان ئەوەندە بە گەورە دەزانن ناتوانن دارێک بخەنە سەر بەردێک بۆ خۆ و ماڵ و منداڵ ژیاندن، ئەوانەی بێ خوناو، لەسەر حسێبی سیاسەت و میللەت دەژین کەم نین !.

٥- خۆ هەڵکێشان و خۆ بە شت زانین، گەلەک هەن سیاسەتی حیزبایەتی نەکەن، هیچیان لێنامێنێتەوە.

٦- هی وا هەن، هێندەیان خراپە کردووە، ناتوانن دەستبەرداری سیاسەتی حیزبایەتی بن، وختێک دەستە ڵاتیان بووە، بیری ئەمڕۆ و سبەینیان نەبووە، بیری لەسەر کار لابردن و پیری و مردنیان نەبووە. کاتی دەستەڵاتیان، لە بری ئەوەی کارێکی چاکە بکەن، دۆستیان بەخۆیانەوە نەهێشتووە، ناچارن لە هەر قۆناغێکدا بن، بە توندی هەر دوو دەست بگرن و باوەش بە چەکی ڕێکخستندا بکەن، بەو شێوە ڕووتکراونەتەوە لە سەربەستی ئینسانی، بۆشیان سەختە بە خەڵکی ڕەوا ببین.

٧- سەدان کەس هەن مێژووی ژیانیان بەندە بە ڕێکخستنێکی سیاسی چەکدراری کوردەوە. فرەیان لەو پێناوەدا بەختکردووە. ژیانی خۆیان و هۆز و کەس و کاریان تەرخانکردووە، سامان و تەمەنیان لەو ڕێیەدا ڕۆشتووە، لە کەس و کاری نزیک و دووریان «شەهید» داوە،، ناچار بوون کە هەر خەریک بن، با نابەدڵیش بن. ئیدی تووش بوونە.

٨- لەوانەش کە هاوکاری تاوانکارانەیان لەگەڵ داگیرکەران و دوژمنانی کورد دا کردووە زۆرن، بۆ خۆ پاککردنەوە و سەلماندنی دڵسۆزیی تازە بە تازەیان، لە حیزبێکی سیاسی چەکداریدا جێی نەرم و گەرم و مشەیان گرتووە، ئەمانە لەو دەستە مەترسیدارانەن بۆ زێتر خۆ بردنە پێشەوە، کاری وا دەکەن بەرژەوەندی حیزبەکەشیانی تێدانیە چ جای قازانجی کۆمەڵانی کورد. ئەمن پێم وایە ئەوانەی لە سایەی داگیرکەران و دژمنانی کورد دا تاوانیان بە حەقی کورد ئەنجامداوە، مافی ئەوەیان نامێنێ لە سیاسەتدا کار بکەنەوە، لە چاکترین شێوەدا دەبنەوە هاو وڵاتی پیادە و ساکار و سووکایەتی کۆمەڵایەتیان پێنەکرێ.

٩- ئەوانەی لە حیزبێکدا نازیان دەکێشرێ و لە بەر هەر هۆیەک بێ خاتریان دەگیرێ، بەرەکەتیان هەیە. زۆر تۆران و لاتەریکبوون، لە دوو سێ جار پتر مانیان گرتووە، لە دواییدا ڕازی کراون و بە بەرروبارخانەوە گەڕاونەتەوە یا پلەو پایەی بەرزتریان پێبەخشراوەتەوە.
خاڵەکانی سەرەوە، جۆری ناواخن و گیانی ساردەوەبووی هێزە سیاسییە چەکدارەکانی کورد ڕوون دەکەنەوە. ئاشکرایە شێوەی دروستبوون و جەوهەری حیزبەکان لە نەخشەی سیاسی نەتەوەکەمان و لە دیاریکردنی چارەنووسماندا بە تەواوی دەور دەبینن. بەڵام ڕۆڵێک !؟ ئەوەی لەگەڵ بەرژەوەندی و سالاری خۆیاندا یەکدەگرێتەوە !
«هەموو شتێک لە ژیاندا بە قەدەر بایەخ و پیرۆزییەکەی، مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا دەکا. یا لە ڕێگایەوە، بە بەراوردکاری لەگەڵ شتێکی دیکەدا بایەخەکەی دەردەکەوێ. «٢»
پێدەچێ لەسەرەتای دروستبوونی ڕێکخستنە کوردستانیە کانەوە تا ئێستا بیری دروست لە مرۆڤی کورد وەک مرۆڤ و گەورەترین ئامانج نەکرابێتەوە» «٣» بەداخەوە لای ئەوان لە بەراودکاری لەگەڵ هەر شتێکی دیدا مرۆڤ نزمترین پلە وەردەگرێ.
بێگومان کاری وا ڕاستەوخۆ بەندە بە کەسایەتی و بیرکردنەوەی سەرکرایەتییەکانەوە، چونکە لە هەر کۆمەڵگایەکدا کردەوە و ڕەوشتی ڕۆژانەی سەرکردایەتی دەبێتە هۆکاری داهێنان و پێشکەوتن و سەربەخۆیی بوون و جووت سەنگی «توازن» ی هاوکێشەی دەروونی و سۆز و بایەخی کۆمەلایەتی لای جەماوەر. بە پێچەوانەشەوە کەڵەگایی سەرکردایەتی دەبێتە مایەی نزمی کۆمەلایەتی و بێ نرخی کاری چاک بۆ نەتەوە و نزمی داهێنان و پیرۆزی، لام سەرلایی و کێشەی دەروونی و گیانی و ڕەوشت هەراش دەکا.

## نەهێشتنی ڕووناکبیریتی هەمەڕەنگ

دیاردەی کوێرکردنەوەی ڕووناکبیریتی هەمەڕەنگ لە نێو کورداندا لەو خاڵانەی خوارەوەدا خۆ دەبینن:
١- تێگەیشتن و فێربوونی زانیاری لای سیاسەتمەدارانی کورد، کێشەیان بۆ پەیدا دەکا، ترس و بەرچاوتەسکی دەبنە دەستمایەی ژیانیان و خاوەنەکانیان هەمیشە لە دڵەڕاوکەیی و تۆقاندا دەمێننەوە، لەوەوە ئامانجی پیرۆزیان لە بیر دەچێتەوە. ترسەکە وا سەردەکا دەیانەوێ مرۆڤی نەتەوەکەیان لە زانیاری دووركەونەوە، لە کاتێکدا یەکێک لە گرنگترین مافی هاونیشتمانی

مافی زانین و زانیارەیە. مافی زانیاری ئەوەیە کە هەر شتێک پێوەندی بە چارەنووسەوەیە، دەبێ ئاگادار بن، بە ووردی و بە پێی ئاستی دەستەو لایەنەکان تێبگەیەنرێن. ئەم مافە لە سیاسەتی حیزبە چەکدارە کوردستانیەکاندا بەوپەڕی بەربەرەکانیەوە پێشێل کراوە و لە مرۆڤ سەنراوەتەوە، تا ئێستا وەک بووە، لە حەقیقەت و واقیعدا هۆکارەکانی دەوروبەری لە گێژاودایە.

٢- ترس و لەرزو لاوازی وایانکردووە کە لە سیاسەتی کورد دا، بیانوو هێنانەوە و هۆی ناڕەواو نادروست بۆ ڕەوایەتی خۆیان و تاقانەیی یەک لایەن بهێننەوە، بێ چەندو چوون و بە گشت توانستێک «حەقیقەت» بە موڵکی خۆیان دەزانن. سەرەتای تێگەیشتن لە ژیان ئەوەمان فێردەکا کە «حەقیقەت» پاوان ناکرێ !، دڵسۆزی و خەبات قەدەغە ناکرێ ! ناوچە پاکسازی یەک بیروباوەڕ ناکرێ ! زانیاری و پەروەردە دەستیان بەسەردا ناگیرێ !

٣- کۆمەڵی کوردەواریش وەک هەر کۆمەڵێک، لە بناغەدا لەسەر جیاوازی پەروەردە و بیر و ڕوناکبیری و گیرفان و ناوچە و ئامانج و تێگەیشتن لە ژیان دروستبووە. کارکردن بۆ کۆمەڵ، وا دەکا، کە دەربارەی گشت لایەنەکانی «کۆمەڵ»، مێژوویی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، مەزهەب، تیرەگەرێتی، دەروونی : شارەزایی پەیدا بکرێ. بۆ زۆرانبازی لایەنەکان، دەبێ هەموویان لە یەکدی بگەن و بتوانن هەل و مەرجی شارستانیەت بۆ پتر خزمەتکردن سازبکەن، تێنەگەیشتنە لە کۆمەڵ و نەشارەزاییە لە کوردەواری کە پارتی حوکمی نەمانی یەکێتی دەدا، یا یەکێتی فەرمانی توانەوەی پارتی دەردەکا، هەردووکیشیان هی پارتی کرێکارانی کوردستان، یا «پێ کەی کەی» سەرجەم ڕێکخستنەکانی کورد دەداتە دواوە. مەسەلەی زۆرانبازی مەسەلەی سەرکەوتنێکی کاتی و هەڕەشە و تووڕە بوون نیە. پێویستە فێربین مامەلە لەگەڵ بوونی شتەکاندا بکەین نەک لەگەڵ ئەوانەدا کە بە ئەندێشەو هەڵچوون و ئارەزوو دروستیان دەکەین یا دەیاندەینە دواوە. من پێم وایە ئەو بارو دۆخە بەرەو ئاسوودەیی دەگۆڕێ ئەگەر ڕووبکرێتە لایەنی زانیاری زانستی و لە واقیع تێگەیشتن لەسەر ئاستی تاکەکان و ڕێکخستنەکان. ئەمەش بەر لەهەموو شتێک :

١- وازهێنان لە زانیاری یەک لایەنە کە هێزە سیاسیە چەکدارەکانی کورد سەر لەبەریان پیادەی دەکەن و کۆمەڵی کوردەواریان وێرانکردووە. پیادەکردنی زانیاری تاکرەوی و هەوڵدان

بۆ ئەوەی خەڵکی پێڕەوی بکا، پتر کۆمەڵ بەرەو دارزان و چەرمەسەری دەبا، ئەوە بۆ خۆی دەستەوسانیە بەرامبەر فێربوون و تێگەیشتنی کۆمەڵی کوردەواری، بێدەسەڵاتیە بۆ ژیانی هاوبەش و کاری هاوبەش لە کۆمەڵدا، بۆیە ڕێبازی دەستەڵات دەبێتە ڕێبازی زۆرداری و تۆقاندن. بێ وازهێنانی یەک لایەنە بۆچوون و یەک لایەنە زانیاری هیچ فەرمانڕەوا و دەستەڵاتێک ناگاتە ڕاستگۆیی و دڵسۆزی. زانیاری یەک لانە سیاسەتێک دێنێتە گۆڕێ ئەنجامەکەی پەرتکردن و دوورخستنەوە دەبێ.

ئێمە پێویستمان بە دروستکردنی ستراتیژیەتی زانیاریی زانستیە، لەوەشەوە ڕووناکبیرێتی نەتەوایەتی دروست دەبێ کە ڕەهەندەکانی کۆمەڵ لە وولاتدا کۆبکاتەوە، بۆ ئەوەش ڕووناکبیری وامان دەوێ نیاز پاک و دوور لە ئارەزوو بێ، سۆز و تورەیی تێکەڵی بۆچوون و بڕیار نەکا، لەسەر هەموو ئاستەکان پەیڕەوی ڕێبازی زانستی بکا. چاک و جوان و داد و ئازادی و یەکسانی لە خراپە و دزێوی و زۆرداری و دیلێتی و نا یەکسانی جیابکاتەوە، ئاین و عەقڵ و داب و نەریت و ویژدانی کوردەواری بە سەرنج وەربگرێ. کار وا بڕوا پێشکەوتن و ئازادی کورد لە بوون و مانەوە وە نزیک دەبێتەوە، لەسەر شتە بنەڕەتیەکان یەکێتی درروست دەبێ، لەسەر لاوەکیەکانیش جیاوازی ئاسایی دەبێ.

٢- تێکەڵاوی خەڵک و هاندانی بڵاوبوونەوەی ڕووناکبیرێتی کۆمەڵ و هەرەوەزی، ددان بە یەکدیدنان و بایەخ و ڕێزگرتنی ڕەوایەتی و گوێگرتن و تێگەیشتنی بەرامبەر و دڵسۆزی و بەرژەوەندی پاراستنی نەتەوە وا دەکەن ژیانی خۆشی دروست بێ و تێکرا پێکەوە بۆ پێشەوە پێشکەوتن، بۆ سەرفرازی و بۆ هەڵنانی کەسایەتی و جوامێری ڕێبکەن.

دەستوور و یاسا و ڕاستی، پاراستنی مافی مرۆڤ، هەموو پێکەوە هەموو بۆ یەک لەکاردابن. سەربەخۆیەتی، هەستکردن بە خەڵکی و پێکەوە ژیان، ڕۆژ بە ڕۆژ تریفەی پتر بە ژیان دەبەخشن.

٣- کردنەوەی دەرگای پرسیار لە هەر بارێکەوە بێ، تایبەت ئەو پرسیارانەی بە بڕیاری سیاسی قەدەغەکراون یا لە پاشخانی عەقڵی سیاسیدا تاوانیان لەسەرە. با پرسیارەکان گشت لایەنەکانی سیاسی، کۆمەلایەتی، ئاینی، ئابووری، دارایی و ڕووناکبیریی بگرنەوە. پرسیارکردن یەکێکە لە کۆنترین و تازەترین شێوەی فێربوون. لە تەمەنی منداڵییەوە تا لێواری گۆڕ ڕۆڵی گرنگی خۆی دەبینێ.

لەو پرسیارانەی دەبێ بکرێن :
ئەنفال بۆ ڕوویدا ؟ ئایا نەدەکرا پێشی بگیرێ !؟ یا هیچ نەبێ قوربانیەکان کەمتر بوونایە ؟!
پێوەندی دوو لایەنەی کورد و عێراقی داگیرکەر لەو تاوانەدا چ بووە ؟
بۆ هەوڵ نادرێ هەمیشە و بەردەوام لە بیری خەڵکی کورد و مرۆڤایەتیدا بێ ؟!
لە گفت و گۆدا چۆن باس دەکرێ ؟! ...
لە ڕوانگەی ڕووناکبیرییەوە زوو لەوە حاڵی دەبین کە مەرجە ڕێزی مافی زانیاری خەڵکی بگیرێ و هەرگیز بیر و باوەڕێک بە حەقیقەتی پاوانکراوو سەپاو تەماشا نەکرێ. هەرچی بیر و باوەڕ هەیە، دەشێ بخرێتە مەیدانی دەمەتەقە و لێکۆڵینەوە وە. ڕەوای حەق نیە بیرو باوەڕ بەکەڵەگایەتی بچەسپێ یا یەکێک لەسەر ئازادی بیروباوەڕ سزا بدرێ و لە کەسایەتی دابشکێ. ***لا اکراه فی الدین*** پەیامی خودایە بۆ تێگەیشتن و ئازادی بیروباوەڕ، هەروەها نیشانەیە بۆ سەرفرازی و مەزنی مرۆڤ.

## سەرچاوەکان:

١- هەژاری موکریانی بەو شێوە لە ووشەی زانیاری مانا لێکدەداتەوە.
زانیاری : زانست، فن، علم.
هەژار، هەنبانە بۆرینە، انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران، تهران، چاپی یەکەم، ١٣٦٨ ل/ ٣٧٤.
لە زمانی عەرەبیدا : معرفە، درایە، ادراک، اطلاع. دەگرێتەوە.

صەباحی غالیب

لە زمانی فارسیدا : ئاگاهی، اطلاع، شناخت دەگوترێ.

لە زمانی ئینگیزیدا : Knowledge ی پێدەڵێن.

٢- رفعه الجادرجی،عن المدن و مساحه الفنون - ثانیه، مجله ابواب، العدد ١٤، خریف ١٩٩٧، لندن، ل/ ١٣٢.

٣- بڕوانە :

١- عەبدولڕەحمان قاسملو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا - کورتەیەک لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی یەکەم، ١٩٨٥، لە بەیانی دامەزراندنی حیزبدا باس لە پەروەردەی مرۆڤی کورد ناکا.

٢-عەلی عەبدوڵڵا، تاریخ الحزب الدیمقراطی الکردستانی - العراق، من موتمره التاسیسی الی انعقاد موتمر الثالث، مطبعه خەبات ١٩٨٤.

٣- حول الحرکه التحرریه للشعب الکردی فی کردستان العراق، من وثائق الاتحاد الوطنی الکردستانی، ١٩٧٧.

لە یەکەمین بەیانی بەکێتیدا کە لە ١/٦/١٩٧٥ دا دەریانکردووە چ گرنگییەک بە باسی تێکشکانی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و دەروونی مرۆڤی کورد نادا.

هەواڵنامەی کتێب

پرۆفیسۆر م.س. لازەرێف

# کورد و کوردستان
# فاکتەرەکانی دروستبوونی کێشەکە

دکتۆر جەبار قادر کردوویە بە کوردی و
پێشـــــەکی و پەراوێزی بۆ نووسیـــــوە

- بەشی یەکەم -

## پێشەکیەکی پێویست

کەسانێکی زۆر خۆیان بە لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی دۆزی کوردەوە خەریک کردووەو خەریک دەکەن و بیرو بۆچوونەکانیان لە مەڕ ئەو دۆزە نەک تەنها لە یەکەوە دوورن، بەڵکو زۆر جار تەنانەت لە سەدا سەد دژ بە یەکیشن. هەروەها بزاڤی نیشتمانیی گەلی کوردیش بەشی خۆی لە نووسەران و پسپۆڕان هەبووەو هەیە کە یا بوون بە دوژمنی باوەکوشتەی ئەو بزاڤەو هەرچی ناوو ناتۆرەی خراپ و تاوانباریی هەیە داویانەتە پاڵی و بەشدارانی ئەو بزاڤەیان پێ تاوانبار کردووە، یان بوون بە لایەنگر و دەروێشی ئەو بزووتنەوەیە و کەوتوونەتە داکۆکی لێکردن و پاراستنی هەموو شتێک کە لە دوور و نزیکەوە پەیوەندی بێوە هەبووە، با هەندێک جار لە گەڵ

عەقڵ و لۆژیکیشدا نەگونجابێ.
لەم گێژاوەدا خوێنەری ئاسایی، بە تایبەتی خوێنەری بیانی و کەم ئاگای کورد، گەلێ جار ڕاستییەکانی لێ گوم دەبێ و سەری لێ دەشێوێ.
کۆمەڵەی یەکەم پێکهاتەیەکی سەیری هەیە و لە ڕیزەکانی خۆیدا نووسەران و مێژوونووسانی دەرباری داگیرکەران و دەسەڵاتداران و شەڕفرۆشانی گەلانی سەردەستە و وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و ڕۆژهەڵاتناسانی وڵاتانی کۆلۆنیالی ڕۆژئاوا و پیاوانی ڕۆژهەڵاتناسیی حیزبیی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران و بەرەی بە ناو سۆسیالیستدا کۆ دەکاتەوە.
کاتێ مرۆڤ لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵەیە وورد دەبێتەوە لە خۆی دەپرسێ دەبێ چی بێ وا لە نووسەرێکی ناسیۆنالیستی عەرەب، تورک، یان فارس بکات کە هەتا ئێوارە لە دژی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم هاواری دەکرد، کە تاکو ئێستاش لە زۆر شوێن مرۆڤ گوێی لە گوتە ئاگرینەکانیان دەبێ لە تەک نوێنەرانی ئەو کۆلۆنیالیزمە لە دژی بزاڤی کورد جێ بگرن. ئەی ڕۆژهەڵاتناسێکی حیزبیی بەرەی سۆشیالیزم کە لە هەموو بیرو بۆچوونێکدا لە سەدا سەد دژی دید و بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاواو بۆرژواو ناسیونالیستی ڕۆژهەڵات بوو، چۆن وا بە ئاسانی ڕامانەکانی ناسیۆنالیستانی عەرەب و تورک و فارس و ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژئاوای لەمەڕ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بێ لێکدانەوە و پێداچوونەوە وەرگرت و بێ دەسکارییەکی ئەوتۆ وەک چاولێکەر هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە. وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و گەلێ پرسیاری تری لەو جۆرە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و باسیی تایبەتی هەیە و لێرەدا جێگەیان نابێتەوە.
کۆمەڵەی دووەم نووسەرانی کورد دەگرێتەوە بە تایبەتی ئەوانەی بەبێ شارەزایی و قوڵبوونەوە و بەبێ بەدەستهێنانی کەرەسەکانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستیی لە بواری مێژوودا خۆیان لە قەرەی ئەم بابەتە دەدەن و گەلێ بیرو بۆچوون و لێکدانەوەی چەوتیان بەسەردا تێدەپەڕی و دەبنە هۆی شێواندنی ڕاستییەکانی مێژوومان. لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە نووسەری کورد بە مەبەست ئەو کارە ناکەن، بەڵکو گەلێک جار بە نیازی پاک و بۆ داکۆکی کردن لە مێژوو کەلتووری گەلەکەیان لە بەرامبەر هێرشی نەیاران و دوژمنان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن. بەڵام ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و بەر لە هەمووشی مێژووی گەلی کورد بە خۆی ئەو ڕاستییەیان بە ڕاشکاوەیی چەسپاندووە کە شێواندنی مێژوو لەبەر هەر هۆیەک بێت و لە لایەن

# کوردستان و کورد

هەر کەسێکەوە بێت لە پێناوی هەر ئامانجێکدا بێ تەنیا زیان دەبەخشێ و هیچ کاتێ قازانج بە گەلان ناگەیەنێ، بەڵکو زیانەکانی فرەن و ڕۆڵەکانی گەل لە خشتە دەبەن.
لە تەک ئەو دوو گروپەدا کۆمەڵێک پسپۆڕ وکوردناس و نووسەری تر پەیدا بوون کە هەوڵیان داوە هۆ و فاکتەرە ڕاستەقینەکانی دۆزی کورد و هێزە بزوێنەرەکانی بزاڤی نیشتمانیی کورد دەسنیشان بکەن و وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ڕۆژانە دێنە گۆڕێ و خۆیان دەسەپێنن نەک تەنها بەسەر سەرداران و ڕابەران و بەشدارانی بزاڤی کوردا و ئەو هێزانەی هەوڵی سەرکوتکردنی دەدەن، بەڵکو بەسەر گەلێ لە سیاسەتمەدار وبیرمەند و نووسەرانی ناوچەکەو جیهانیشدا.
یەکێ لەو کوردناسانە لازەریف (نەک لازاریڤ یان لازاریێڤ) بوو، کە دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١١ ئەیلولی ١٩٦١ لە باشووری کوردستان لە گەڵ خالفیندا داوایان لێکرا دەست لە بابەتەکانی خۆیان هەڵگرن (یەکەمیان خەریکی مێژووی نوێی عەرەب و دووەمیان خەریکی مێژووی نێوەڕاستی ئاسیاو ئەفغانستان بوو) و هەوڵ بدەن دۆزی نەتەوەیی کورد بۆ دەسەڵاتدارانی پارتی کۆمۆنیست و دەوڵەتی سۆڤیەت و خوێنەرانی ئەو وڵاتە لێکبدەنەوە.
لەو وڵاتەدا کە پارتایەتی زانست و بە تایبەتی لەو بوارانەی پیوەندییان بە بیری سیاسی و فەلسەفی و ئابووری و سیاسەتی نێوخۆو دەرەوەی سۆڤیەتەوە هەبوو دەزگاکان پلان و نەخشەیان بۆ دادەنرا و دەبوایە جێ بەجێی بکەن.
وەک هەموو کارێکی زانستیی نەدەکرا لازەریف و خالفین یەکسەر لەو ڕۆژانەوە واتە لە ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلوولەوە دەست پێبکەن، بەڵکو دەبوایە بگەڕێنەوە بۆ مێژوو بە دوای بنەماو ڕەگ و ڕیشەی کێشەکەدا بگەڕێن. بە لای ئەوانەوە دۆزی نەتەوەیی کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، دوای دەسپێکردنی تەنزیمات لە دەوڵەتی ئۆسمانیدا، سەری هەڵداوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی سەندووە و لەم سەدەیەی ئێمەداو بە هۆی سیاسەتی ڕەگەز پەرستانەو سەرکوتکەرانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە ئاڵۆزتر بووە و هەتا دێت توند و تیژ تر دەبێ. بۆیەکا بڕیاریان دا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێبکەن.

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

لە بەر کۆمەڵێک هۆی جیاواز کە هەندێکیان پەیوەندیان بەو دەزگایانەوە هەبوو کە داوایان لە خالفین و لازەریف کرد کە خۆیان بە مەسەلەی کوردەوە خەریک بکەن و هەندێکیشیان بە خۆیانەوە بە تایبەتی بە هۆی ئەوە کە هیچ کامیان زمانێکی ڕۆژهەڵاتییان نەدەزانی لە لێکۆڵینەوەکانیاندا زیاتر پەرەیاندا بە لایەنی سیاسەتی نێودەوڵەتی دۆزی کورد. ئەوە بوو خالفین کتێبی (ململانێ لە سەر کوردستان) بڵاوکردەوە، کە بۆ باسکردنی ململانێی نێودەوڵەتی بۆ دەسگرتن بە سەر کوردستاندا لە سەدەی نۆزدەمیندا تەرخانی کردبوو. کارەکانی لازەریف تەواوکەری ئەوەی خالفین بوون. وەکو دەزانین لازەریف بابەتی مێژووی دۆزی کوردی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمین و چارەکەی یەکەمی سەدەی بیستەمیندا کردە ئەو جیهانەی وا زیاتر لە سی ساڵە خەریکی لێکدانەوەیەتی.

لەو سەردەمە مێژووییەی کوردو کوردستان شوێنێکی تایبەتی یەکجار گرنگی هەیە، چونکە لەو سالانەدا کوردستان بوو بە ئامانجی پەلهاویشتن و ململانێی دەوڵەتە کۆلۆنیالییەکان کە بە شێوەیەکی ماڵوێرانانە کاریان کردە سەر پاشەڕۆژی وڵاتی کوردان و بوونە هۆی ئەوەی کێشەی کورد ببێتە یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشە نەتەوەییەکانی ئەم سەدەیە.

هەر لەو سەردەمەشدا بزاڤی نیشتمانیی کورد هەندێک ئاڵوگۆڕی بابەتیی گرنگی بەسەردا هات لە بوارەکانی ئامانج و دروشم و هێزە بەشدارەکانیدا (وەکو بەشداری ڕووناکبیرانی کورد) و بەکارهێنانی شێوازی نوێی خەبات ( وەکو بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤار و دامەزراندنی جڤات و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی).

ئەمە بێجگە لەو گۆڕانکارییە مەزنانە کە لە ڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەو سەردەمەدا ڕوویاندا وەکو شۆڕشی مەشروتە لە ئێران و شۆڕشی تورکە لاوەکان لە دەوڵەتی ئوسمانیدا. هەروەها بەشداریکردنی ئەمەی دواییان لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا و تێکشکانی و لە ناوچوونی یەکجارەکی بە ماوەیەکی کورت لە دوای ئەو شەڕەو پەیدابوونی قەوارەی سیاسی نوێ لە سەر کەلاوەکانی ئەو دەوڵەتە. سەرباری ئەمانە هەمووی دەسگرتنی بەریتانیا و فەرەنسا بە سەر داهات و چارەنووسی ناوچەکەدا و گەلێ ڕووداوی تر کە بە شێوەیەکی زەق شوێنەوار و مۆرکی خۆیان لە سەر ڕووداوەکان و پاشەڕۆژی گەلان و وولاتانی ئەو ناوچەیە بەجێهێشت.

میخائیل سیمبۆنۆڤیچ لازەریف کۆمەڵێ زۆر لێکۆڵینەوەو باس و وتار و کتێبی لە سەر مێژووی نوێی کورد بڵاوکردۆتەوە کە لای زۆربەی خوێنەرانی کورد ناسراون و خاوەنەکەیان پلەو پایە و

نێوبانگێکی باشی بۆ خۆی لایان پەیدا کردووە.
میخائیل سیمبۆنۆڤیچ لازەریف لە شاری ١٩٣٠ لە شاری مۆسکۆ هاتۆتە دونیاوە و هەر لەوێ نراوەتە بەر خوێندن و مێژووی لە زانکۆی موسکۆ، کە بە نێوی زانای بە نێوبانگی ڕووسەوە لۆمۆنۆسۆف نێونراوە، خوێندووە. لە ساڵی ١٩٥٦ بڕوانامەی دوکتۆرای لە مێژوودا وەرگرتووە و لە ساڵی ١٩٧٠ شدا دکتۆرای ناووکی لە مێژووی کوردا بە دەستهێناوە. وەکو باسکاریی زانستیی لە ئینستیتوتی ڕۆژهەلاتناسیی مۆسکۆ کاریی کردووە و لە هەمان کاتدا لە زانکۆی مۆسکۆ و گەلێ دەزگای زانستیی تردا دەرسی گوتۆتەوە، هەروەها کارمەندی دەزگای بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات بووە لە مۆسکۆ کە گرنگترین بەرهەمەکانی ڕۆژهەلاتناسیی ڕووسی و گەلێ لە بەرهەمە کلاسیکیەکانی ڕۆژهەلاتی تێدا لە چاپ دراوە.

لێرەدا بۆ گرنگترین بەرهەمەکانی لە بواری مێژووی نوێی کوردا ئاماژە دەکەم:

١- کوردستان و دۆزی کورد لە نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاوەکو ساڵی ١٩١٧، مۆسکۆ ١٩٦٤.
٢- دۆزی کورد لە تێکەڵیی لەتەک پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا لە ڕۆژهەلاتی نزیک لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تاوەکو ساڵی ١٩١٧، دکتۆرنامەی ناوکەکەیەتی کە تۆمار نەکراوە، مۆسکۆ ١٩٦٨.
٣- دۆزی کورد لە کتێبی "پرۆسە نەتەوەییەکان لە وولاتانی ڕۆژهەلاتی نزیک و ناوەڕاست"، مۆسکۆ ١٩٧٠.
٤- دۆزی کورد ١٨٩١ - ١٩١٧، مۆسکۆ ١٩٧٢.
٥- هەروەها لازەریف بەشەکانی دووەم و سێیەمی کتێبی " بزاڤی کورد لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخدا" کە لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن کۆمەڵی کوردناسیی یەکێتی سۆڤیەتەوە بلاوکراوەتەوە، نووسیوە.
٦- ئیمپریالیزم و دۆزی کورد ١٩١٧ - ١٩٢٣، مۆسکۆ ١٩٨٩.

بێجگە لەم کتێبانە م.س لازەرێف گەلێ بەرهەمی تری بە چاپ گەیاندووە و دەیان لێکۆڵینەوە و

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

باس و وتاری لە گۆڤارە ئەکادیمییە زانستییەکان و گۆڤارە ڕۆشنبیرییە گشتییەکان و ڕۆژنامە ڕووسیەکاندا بڵاوکردۆتەوە و لە دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی و سیاسیدا وتار و باسی پێشکەش کردووە و ڕەنگبێ لەوانەش زیاتر ڕاپۆرتی لە بارەی کورد و کوردستان و دۆزی کوردەوە بۆ دەزگا سیاسی و فەرمییەکانی یەکێتی سۆڤیەت و ڕوسیا ئامادە کردبێ، هەروەها سەرپەرشتی گەلێ نامەی دکتۆرای کردووە کە لە ئینستیتووتی ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆ ئامادە کراون لە بابەتەکانی مێژووی نوێ و بزاڤی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی کوردا.

چەند ساڵێکە ڕووسیا بە گشتی و دەزگا زانستییەکانی بە تایبەتی بە بارێکی ئابووری وسیاسی سەختدا تێدەپەڕن. لەگەڵ ئەو بارە سەختەشدا لازەریف هێشتا چالاکانە کار دەکاو وتار و لێکۆڵینەوە و باس بڵاو دەکاتەوە و لە کۆنفرانسە زانستی و سیاسییەکاندا بەشداری دەکا و بە هەموو کوردێ ڕادەگەیەنێ کە ئەگەر کورد دەستی یارمەتی درێژ نەکات ئەوا کوردۆلۆجیا لەو وڵاتە بە یەکجاریی سەر دەنێتەوە.

چەند ساڵێکە خەریکی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی دۆزی کورد لەسەردەمی نێوان هەردوو شەڕی جیهانیدا، کە دەبێتە تەواوکەری بەرهەمەکانی پێشووی کە مێژووی دۆزی کوردیان لە ساڵانی ١٨٩١-١٩٢٣ لێکداوەتەوە.

ئەوەی سەرنج بداتە بەرهەمەکانی لازەریف ئەوا دەبینێ کە زیاتر لە لایەنی نێودەوڵەتی دۆزی کورد دەکۆڵێتەوە، هەڵبەتە بێ ئەوەی لایەنە نێوخۆییە گرنگەکانی کێشەکە بە یەکجاری لە بیر بکات، بەڵکو هەموو ئەو ئەنجامە گرنگانە کە خۆی و نووسەرانی تر پێیگەشتوون دەربارەی ڕاستییەکانی ڕووی ناوەوەی دۆزی کورد و گرێکوێرەکانی بزاڤی نەتەوەیی کورد، بە شێوەیەکی وەستایانە گرێدەدا بە لایەنەکانی دەرەوە و هەڵوێستە لە یەک ئاڵاوو تێکهەڵکێشراوەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان بەرامبەر بە دۆزی کورد شیدەکاتەوە. لە دوا بەرهەمیدا "ئیمپریالیزم و دۆزی کورد ١٩١٧-١٩٢٣" ئەم بارەی بە شێوەیەکی داهێنەرانە بەرچاودەکەوێ.

ئەم چەند ساڵە کەمەی مێژووی کورد و ناوچەکە ئاوسبون بە دەیان ڕووداوو بەسەرهاتی چارەنووسساز. لەو ساڵانەدا هەڵوێستی هێزە نیوچەیی و جیهانییەکان بە تایبەتی زلهێزەکان لەمەڕ دۆزی کورد بە شێوەیەک لە یەک ئاڵابوون، کورد ووتەنی گرێکوێرەکانی بە ئیفراتوونی حەکیم ؛مەبەست ئەفلاتوونە" نەدەکرایەوە. سۆز و پەیمانی دەوڵەتە هاوپەیمانەکان چواردە بەندەکەی ویلسن و ڕاگەیاندنی سوڵتانی ئوسمانیان و حکومەتەکەی لەبارەی دامەزراندنی

# کوردستان و کورد

بەڕێوەبەرایەتیەکی خۆییەوە لە کوردستاندا لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئوسمانیدا. ئەمانە هەمووی بێجگە لە سۆز و پەیمانەکانی موستەفا کەمال کە وەکو بارانی بەهار بەسەر کوردا دەبارین لە بارەی " وەلامدانەوەو تێرکردنی داخوازییە نەتەوەییەکانی برایانی ئاین" هەڵبەتە دوای دەرکردنی "گاوران" لە ولات. ئەم سۆز و پەیمانانە بوونە هۆی دابڕانی باڵەکانی بزاڤی کورد لە یەک و سەرگەردانی و سەرلێشێوانی سەردارانی و لە دەستدانی یەکێتی بزاڤی نیشتمانیی کورد. ڕووداوەکانی سالانی دوای ئەو سەردەمە دەریانخست چۆن ئەو سۆز و پەیمانانە پوکانەوە و دۆزی کورد ئەوەندەی تر ئاڵۆز و کوردیش کەوتە بەر لافاوی زۆرداری و ماڵوێرانی و تەفروتوونا کردن.

لازەریف توانای شیکردنەوەی هەمە لایەنەو قووڵی ئەو بابەت و ڕووداوانەی هەیە کە لێیان دەکۆڵێتەوە، هەروەها زۆر شارەزایە لە خۆدەربازکردن لەو پرسانە کە کۆمەڵێ هەستی دژ بەیەک و ئاڵۆز لای خوێنەرانی جیاواز پەیدای دەکەن. لاپەڕەکانی مێژووی کورد و گەلانی ڕۆژهەلاتی نزیک گەلێک ڕووداوی لەو جۆرەیان تێدایە.

توانای خوێندنەوەی سەرچاوەکان بە هەندێ لە زمانە ئەوروپییەکان تا پلەیەک نەزانینی زمانە ڕۆژهەلاتییەکانی بۆ پینە کردووە. هەر ئەوەش یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان بوو کە زیاتر بایەخ بدات بە دۆزی کورد لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

ئەم لێکۆڵینەوەیەی لەبەردەست خوێنەرانی ئازیزدایە لە ساڵی ١٩٨٦ بە زمانی ڕووسی لە تەک کۆمەڵێ وتاردا لە کتێبی "دۆزی نەتەوەیی لە وولاتە سەربەخۆکانی ڕۆژهەلاتدا" تۆمارکراوە.

بەلای منەوە ئەم لێکۆڵینەوەیە بابەتێک لێکدەداتەوە کە گرنگیەکی ئەوتۆی لە لایەن باسکارانەوە نەدراوەتێ. بە گوێرەی زانیارییەکانی من تاوەکو ئەوڕۆ هیچ نووسەرێکی تر ئەم مژارەی "بابەت" نەکردۆتە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی و هەڵبەتە کەسیش بەو شێوە قووڵ و هەمەلایەنە لێی وورد نەبۆتەوەو نەیخستۆتە بەر تیشکی باس و لێکۆڵنەوە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم باسە لە سەرەتای پرێسترۆیکاگلاسنەستدا بلاوکراوەتەوە و دەبێ پێش ئەو سەردەمەش ئامادەکرابێ، لەبەر ئەوە کۆمەڵێ ووشەو ڕستەی باوی سەردەمی سۆڤیەتی تێدایە کە کەس بۆی نەبوو لێیان لابدات، بۆیەکا لازەریفیش ناچار بووە پەنایان بۆ ببات. هەرچەندە بە خۆی مافی ئەوەی دامێ ئەو بڕگانە بگۆڕم بەلام من بەباشم زانی هەروەکو خۆیان بیهێڵمەوە.

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

ئەوەی نووسینەکانی ئەم کوردناسەی خوێندبێتەوە دەزانێ کە زۆر کەم گوێی دەدا بەو کلێشە باوانە کە لە نووسینە ڕۆژهەلاتناسییەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا هەبوون.
ئەم بیرو بۆچوونانەی لەم لێکۆڵینەوەدا خراونەتە ڕوو دەتوانن ببن بە بابەتی گفتوگۆیەکی زانستیی سیاسی و سوودبەخش لە نێوان نووسەران و ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدارانی کوردو هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە دۆزی کورد و کوردۆلۆجیاوە هەیە. هەڵبەتە بیروبۆچوونی واشی تێدایە کە خوێنەران دید و بۆچوونی جیاواز و دژ بەیەکیان لە بارەیانەوە هەیە. بەرامبەر بەوەش هەندێک بۆچوونی تێدایە کە ڕووداوەکانی سالانی دوای بلاوکردنەوەی باسەکە ڕاستی و دروستیانی دەرخست. تەنها بۆ نموونە لەو کاتە لازەریف گوتبووی کە بزاڤی نیشتمانیی کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەدەسێنێ و پایەو شوێنێکی گرنگ لە سەر ئاستی ناوچەکەو جیهان پەیدا دەکات. ئەمە لە کاتێکدا کە ڕەشبینی و بێهیوایی تەنگی بە کۆمەڵێکی زۆر لە کوردان هەلچنی بوو بە هۆی هێرشە تەفروتوناکەرو قڕکەرەکانی ڕژێمە داگیرکەرەکانەوە لە سەرانسەری کوردستاندا.
هەموو لایەک شایەتی بوژانەوەی بزاڤی نەتەوەیی کورد بووین لە باکوری کوردستان کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ دوای سەرکوتکردنی سەرهەلدانەکانی بیستەکان و سییەکان هێزی لێبڕابوو ڕەشبینان هیوای ئەوەیان لا نەمابوو کە جارێکی تر لەو بەشەی کوردستان باسی کوردایەتی بکرێ. هەروەها هەموو ڕۆژانی پڕ لە شکۆی ڕاپەڕینی مەزنی گەلی زۆرلێکراومان لە باشووری کوردستاندا بینی کە توانی دوای هەموو زۆرداری بەعسی مرۆڤخۆر و سیاسەتی قڕکردنی ڕەگزی کورد و وێرانکردنی کوردستان لە لایەن چەتەکانی بەغداوە، سەربەرز بکاتەوە و لەماوەی چەند ڕۆژێکدا تەخت و تاجی بەعسی داگیرکەر لە خاکی کوردستان تێکبداو ڕامالێ. هەروەها هەموو جیهان بینی چۆن گەلێک بە تەواوی ڕێگەی هات و نەهاتی گرتە بەر و بووە هۆی ئەوەی دۆزەکەی لە کێشەیەکی "نێوخۆوە" کە پابەستە بە چەند ڕژێمێکی خوێنڕێژەوە ببێتە کێشەی نەتەوەیەکی بەشخوراوو بێ ماف و مالوێران کە بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە پێش چاوی هەموو جیهاندا مامەڵەی لەگەلدا دەکرێ.
هەروەها باسەکەی لازەرێف لێکدانەوەی قوڵی دەربارەی هێزە سیاسیەکانی کورد و ڕۆڵیان لە بزاڤی نیشتمانی کوردا تێدایە.
لە بارەی هەڵوێستی دەوڵەتانەوە بەرامبەر بە دۆزی کورد و بزاڤی نیشتمانی کورد لازەرێف



هەوراماهەی کتێب

ناچار بووه پەسندی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لەم بارەیەوە بدات و بە شان و باڵی ئەو سیاسەتدا هەڵدا و پاکانەی بۆ بکات. بۆچوونەکانی لەم بارەیەوە ناتوانن کەس قایل بکەن. ئەمە لایەنی لاوازی ئەم باسەیە، کە دەبێ مرۆڤ لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا لێی بکۆڵێتەوە.
ماوەی چەند ساڵێکە ئەم باسەم کردووە بە کوردی و عەرەبی. مخابن بڵاوکردنەوەی لەبەر گەلێ هۆی ئاشکرا لای خوێنەران وەدوا کەوت. کردنی ئەم باسە بە کوردی ئەوە ناگەیەنێ کە من هاوبیرم لەگەڵ هەموو بۆچوونەکانی نووسەردا.
لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم بیر و بۆچوونی کوردناسێکی پسپۆڕ دەربارەی لایەنێکی گرنگی دۆزی کورد، کە تاوەکو ئێستا بە باشی لێنەکۆڵراوەتە، بە شێوەیەکی ڕەوان پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەم.

وەرگێڕ

پرۆفیسۆر م - س - لازەرێف

## کوردستان و کورد: فاکتەرەکانی دوروستبونی کێشەکە

سەد ساڵە دۆزی کورد لە سەر شانۆی ڕووداوەکان پەیدا بووە و شێوازێکی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. لە سەد ساڵی ڕابردوودا و هەتا دەمێکی درێژ تریش، لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی بە سەریدا دێ، هەمیشە وەکو فاکتەرێکی گرنگی ژیانی سیاسی نێوخۆی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو ناوچەیەدا دەمێنێتەوە.
بەبێ ئەوەی مرۆڤ ئەو دۆزە بگرێتە بەر چاو ناتوانێ لێکدانەوەیەکی هەمەلایەنە و درووست دەربارەی ڕەوشی ئەو دەوڵەتانە بەدی بێنێ. هەروەها ناتوانێ ڕابردووی مێژوویی ئەو دەوڵەتانە تێبگا و نە پێشبینی گۆڕانکارییەکانی داهاتوویان بکات.
ئاخۆ دەبێ ئەم تەمەن درێژی و ئاڵۆزی و توند و تیژییەی دۆزی کورد هۆیان چی بێ و بەچی

ڕوون بکرێنەوە! لە کاتێکدا کێشە سیاسییەکانی تری ناوچەکە، تەنانەت هەرە ئاڵۆزەکانیانیش، دەبن بە بەشێک لە مێژوو. وەڵام لەوەدایە کە هۆیەکانی سەرهەڵدانی دۆزی کورد لە کاتی خۆیدا و ئاڵۆزکردنی لە دواییدا بە هەموو توند و تیژییانەوە هێشتا لە ئارادان. هەڵبەتە لێرەدا چەوسانەوەی نەتەوەیی کە گەلی کورد لە مێژووی دوور و درێژدا دووچاری بووە لە سەرووی هەموویانەوە دێت.

وا پێدەچێ کورد لەم بوارەدا جیاوازییەکەی ئەوتۆی نەبێ لەگەڵ گەلانی سەربەخۆی نێوچەکەدا کە لە پاشماوە و شوێنەوارەکانی رابردووی فیوۆدالی و کۆلۆنیالی لە بواری پەیوەندی نەتەوەییدا رزگاریان نەبووە. ئەو پەیوەندییانە بە شێوەیەکی گشتی بە ڕێگەی سەرمایەداریدا پێشدەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا کورد شوێنێکی دیاری لە نێو ئەو گەلانەدا هەیە.

بۆ ڕوونکردنەوەی باری ئەمڕۆی کورد و دۆزە نەتەوەییەکەی دەبێ مرۆڤ پەنا بباتە بەر تایبەتمەندێتییەکانی مێژووی ئەم گەلە. کورد یەکێک لە کۆنترین کۆمەڵانی دانیشتوی ناوچەی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا پێکدێنن. تەنها بۆ نموونە دەرکەوتنی کورد لە سەر شانۆی ڕووداوەکانی مێژوو لە کاتێکدا بوو هێشتا نێوی عەرەب و تورک لە نێواندا نەبوو. هەروەها کورد بەشداری هەمیشەی هەموو ڕووداوە مێژووییە سیاسی و سەربازی و کولتوورییە گرنگەکانی ئیمپراتۆرییە ناسراوەکانی مێژوو و دەوڵەتە هاودەمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیکی بەربڵاو بووە. بە واتایەکی تر کورد لە دێر زەمانەوە نەک تەنها ئامانجی ڕووداوەکان بووە، بەڵکو ئەندامێکی بەشداری پرۆسەی مێژوویی ئەم بەشەی جیهان بووە، کە بە ڕاستی لانکەی شارستانیی مرۆڤایەتییە و ئەوڕۆش ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا دەگێڕێ.

سیما نەتەوەییە بەرچاوەکانی کورد لە ڕەوتی مێژووی دوور و درێژیدا هیچ گومانێک لەوەدا نایەڵن کە کورد ڕەگەزێکی سەربەخۆیە. دیاردە و سیما ئەنترۆپۆلۆجی و ئەنتۆدەروونی و زمانەوانی و ئەتنو ـ کولتووری و جوگرافییە کوردییەکان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن و دەرفەت بۆ هیچ گومانێک ناهێڵنەوە. فاکتەرە جوگرافی و زمانەوانییەکان لێرەدا گرنگییەکی تایبەتییان هەیە. نیشتەجێبوونی گەلێک بۆ نزیکەی سێ هەزار ساڵ لە ناوچەیەکی جوگرافیدا، بە پەلهاوێشتن و فراوانبوون و کرژبوون و تەسکبوونەوەدا، هەبوونی زمانێکی سەربەخۆی تایبەتی تەنها بەم گەلەوە کە بوو بە بنکەی مادیی کولتوورێکی ڕەسەنی دەوڵەمەند بە تایبەتی لە

# کوردستان و کورد

بواری ئەدەبی فۆلکلۆریی سەرزارەکی و نووسراوەدا، فاکت و بەڵگەگەلێکن ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن.
ڕەوشی سیاسی نالەباری گەلی کورد بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ کولتووری دەوڵەمەند و مێژوویی و ئاستی بەرزی پێشکەوتنی ئەتنیکی و هەستی نەتەوایەتیی ئەم گەلەدا نەک تەنها ناگونجێ بەڵکو بە توندی دژبەری یەکترن و هەمیشە لە ناکۆکیدان. ئا لێرەدا ڕەگ و ڕیشەکانی ئەو بارە تایبەتمەندە کە دۆزی کوردی تێدایە خۆیان حەشارداوە و لە هەموو دۆزە نەتەوەییە چارەسەرنەکراوەکانی ئەم دەمەیان جودا دەکەنەوە.
کورد لە ڕەوتی مێژوویدا و بە درێژایی سەدەگەلێکی زۆر دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆی خۆی نەبووە. هەروەها لە ڕاستیدا هیچ یەکێ لەو دەوڵەتانەی کوردستانیان پێوە لکێنراوە تاوەکو ئەم ڕۆژانەش دانیان بە هیچ مافێکی نەتەوەیی گەلی کوردا نەناوە. ئەگەر ئەم بارە بۆ سەردەمەکانی ڕابردوو کارێکی ئاسایی بووبێ ئەوا بۆ ئەم سەردەمەی ئێمە شتێکی سەیر و نامۆیە.
کەوا بوو دەبێ تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی دۆزی کورد چین و ئەم دۆزە چ ڕۆڵی لەم جیهانە ئاڵۆز و نائارامەدا دەگێڕێ؟
بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە ئەو فاکتەرە سەرەکییانە دەستنیشان بکەین کە ئەم دۆزەیان هێناوەتە کایەوە و دەبنە هۆی پێشکەوتن و توند و تیژکردنی هەنووکەیی.

فاکتەرە جوگرافییەکان:

کورد لە ناوچەیەکی فراوانی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیادا کە بە کوردستان "واتە وڵاتی کوردان" دەناسرێ، دەژی. وشەی کوردستان تەنها واتایەکی ئەتنۆجۆگرافی دەگەیەنێ چونکە نە لە ڕابردوودا و نە ئەوڕۆش دەوڵەتێ بە ناوی کوردستان هەبووە و هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کوردستان وەکو وڵاتێ بە درێژایی سەدەیەکی زۆر هەر هەبووە و ماوەتەوە. وشەی کوردستان لە سەدەی دوازدەوە پەیدا بووە و لە سەدەی چواردەهەمەوە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا بە بەردەوامی بەکار هاتووە.
لەبەر ئەوەی سنوورە سیاسییەکانی کوردستان دانیان پێدا نەنراوە و دیاری نەکراون، بۆیەکا پرسی دەستنیشانکردنی سنوورە جوگرافیەکانی بە شێوەیەکی زانستیانە و وردبینانە لە

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

گۆڕێ نیە و هەموو ئەو ژمارە و ئامارانە کە لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکرێ لە مەزەنە و بیر و بۆچوون زیاتر نین. کوردستان لە ناوەندی ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا و نێوان هێڵەکانی ٣٤ و٤٠ پانی و ٣٨ و٤٨ی درێژیدا هەڵکەوتووە. کوردستان بەشی ناوەندیی ئەو چوارگۆشەیە دەگرێتەوە کە لە باکوور و باشووری ڕۆژئاواوە، دەریاکانی ڕەش و نێوەڕاست و لە باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتیشەوە، دەریای قەزوین و کەنداوی فارس سنوورەکانی پێکدێنن. درێژایی کوردستان لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات نزیکەی هەزار کیلۆمەترە و لە باکوورەوە بۆ باشوور لە نێوان ٣٠٠- ٥٠٠ کیلۆمەتردایە و پانتایی کوردستان زیاتر لە ٤٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.(١)

لێرەدا دەبێ یەکسەر ئاماژە بۆ چەند پرسیارێکی ئاڵۆز لەم بارەیەوە بکەین. لە لایەنی جوگرافییەوە "دۆزی کورد" تەنها سەر زەمینی کوردستان ناگرێتەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆری کورد بە درێژایی مێژوو تووشی کۆچڕەوەری زۆر هاتن "بە تایبەتی بە زۆر ڕاگوێزان" و ئێستا لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان دەژین "تەنها بۆ نموونە چەند سەد هەزار کوردی ناوچەی خوراسان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران". هەموو کوردەکانی دەرەوەی کوردستان "لازەریف بە کوردە ناکوردستانییەکان ناویان دەبا. ج" گومان لەوەدا نیە کە لە دوورەوە هاوسۆز و هاودەنگن لەگەڵ بزاڤی نەتەوەیی کوردا و بەشێکیان بەشداریشی تێدا دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا دووری جوگرافی ئەو کوردانە کاریگەریی خۆی کردووە.هەروەها دەبێ پرسێکی تریش بخەینە ڕوو کە دەبێتە هۆی بیر و ڕای جیاواز لە مەسەلەی دەستنیشانکردنی سنوورەکانی کوردستاندا ئەویش ئەوەیە کە ئەو ناوچانەی خەڵکی خزم و نزیک بە کوردی لێ دەژێ "وەکو لوڕ و بەختیارییەکان لە ئێران" وەکو باوە دەدرێن بەدەم کوردستانەوە. هەروەها لە سەر هەندێ ناوچەی تێکەڵاو لە عێراق و ئازربایجانی ئێران کە ڕەگەز و ئەتنیکی جیاوازی تێدا دەژین گێرمە و کێشەیان لە سەرە.

بە گشتیی دژبەرییەکی پرینسیپی ئەوتۆ لە دید و بۆچوونەکاندا نیە لە بارەی ناوچە سەرەکییەکانی کوردستانەوە. هەر ئەو ناوچانەشن مەڵبەند و ناوەندی ڕووداوە گرنگەکانن. ئەو ڕووداوانەی ناوەڕۆک و گەوهەری دۆزی کورد پێکدێنن.

خاکی کوردستان لە مێژوویەکی زۆر دێرینەوە بووە بە هەرێمێکی سنووریی لە نێوان دوو، گەلێ جار زیاتریش، ئیمپراتۆری و دەوڵەتدا وەکو ئیمپراتۆرییەکانی ڕۆمانی و بێزەنتی و خیلافەتی عەرەبی و دەوڵەتی ئۆسمانی و ئێران. هەمیشە پارچەیەکی کوردستان، نەک

# کوردستان و کورد

هەمووی، بەشێکی سنووری لەو قەوارانە پێکهێناوە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمینیشەوە رووسیا لە سنوورە باکوورەکانی کوردستان نزیک بووەوە کاتێ نێوچەکانی ئەودیوی قەوقازی "بۆ کوردستان دەبێتە ئەم دیوی قەوقاز" خستە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە و کوردەکانی نیشتەجێی ئەو ناوچانە بوونە هاولاتی رووسیا.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی باری جیۆپۆلیتیکی کوردستان گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هات. تەنها سنوورە رۆژهەلاتی و رۆژئاواییەکانی کوردستان و سنوورەکانی نێوان بەشەکانی ژێر دەستی تورکیا لە ئاسیای بچووک و ژێر دەستی ئێران شێوازی کۆنی خۆیان پاراست.

لە باکووری کوردستان، سنوورەکانی رووسیا کشاوە دواوە بووە هۆی دەست هەلگرتنی رووسیا لە ناوچەی قارس بە گوێرەی بەیاننامەی مۆسکۆ لە ئازاری ١٩٢١ لە نێوان رووسیای بەلشەفی و تورکیای کەمالیدا. گۆڕانکارییە گەورەکان لە ناوچە رۆژهەلاتی و باشوورە رۆژهەلاتییەکانی کوردستان روویاندا. ئەم بەشانەی کوردستان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کەوتنە ژێر دەسەلاتی سیاسی و ئابووری بەریتانیا و فەرەنساوە، بەریتانیا و فەرەنسا هەرێمە عەرەبییەکانی دەولەتی عوسمانی تێکشکاویان لەگەل ناوچە کوردییەکانی عێراق "لەژێر ماندەیتی بەریتانیا" و سوریا "لەژێر ماندەیتی فەرەنسادا" خستە ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی خۆیانەوە. هەرچەندە بەریتانیا و فەرەنسا لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی ناچار بوون دەست لە سوریا و عێراق هەلگرن، بەلام کوردستان بە دابەشکراوی لە نێوان چوار دەولەتدا مایەوە و لە هەموویانیشدا ناوچەی سنووریی دواکەوتوویان پێکدەهێنا.

ئا بەو شێوەیە دەبینین کوردستان بە هەلکەوتەی جوگرافی خۆی بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی لە ناوچەرگەی رووداوەکانی ژیانی نێوخۆی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا و پەیوەندییە نێودەولەتییەکاندا چ لە نێوان ئەم ولاتانەدا و چ لە نێوان ئەمان و ولاتانی جیهاندا بەشداری دەکات. تەنها سەیرکردنێکی جوگرافی ناوچەکە مرۆڤ لەو راستیە دەگەیەنێ کە رووداوەکانی کوردستان و دەور و بەری پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیان بە یەکێتی سۆڤیەتیشەوە هەیە.

کوردستان گرنگییەکی لە ڕادەبەدەری بۆ هێزە ئیمپریالیەکانی رۆژئاوا هەیە. بەر لە هەر شتێک وەکو بنکەیەکی ستراتیجی پلە یەک دەتوانن لەوێوە هەڕەشە بکەن لە سنورەکانی باشووری یەکێتی سۆڤیەت و ولاتانی رۆژئاوای ئاسیا، کە هەول دەدەن سیاسەتێکی پێشکەوتووخوازانەی نێوخۆ و دەرەوە پەیڕەو بکەن.(٢)

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

لە بەر رۆشنایی ئەو راستیانەی سەرەوە تایبەتمەندییەکانی سەر زەمینی کوردستان و جوگرافیای سروشتی پێویستیان بە سەرنجێکی تایبەتیی هەیە. کوردستان ولاتێکی شاخاوییە و زنجیرە چیاییەکانی ئەرمەنی " لە تورکیا" و زاگرۆس "لە ئێران و عێراق" بەشێکی فراوانی خاکی کوردستان دەگرنەوە. هەروەها زنجیرەی چیا نێوخۆیی و رۆژهەلاتییە ئەرمەنییەکان و زنجیرەی چیاکانی کوردستان بە پانی و تا پلەیەکیش بە درێژی نێوچەکانی لە یەک دادەبڕن. بۆیەکا کوردستان لە رابردوو و لەم سەردەمەشدا وەکو قەلایەکی سەختی سروشتیی دەمێنێتەوە، تەنانەت لە بەرامبەر هەموو کەرەسە و تەکنیکی نوێی شەڕی زەمینیدا. نەبوونی رووبار و دەریای لەبار بۆ کەشتیوانی و کەناری دەریا بوونە هۆی ئەوەی ئەوەندەی تر توانای بەربەرەکانی و بەرگری هەبێ و بایەغی ستراتیجی بەرز ببێتەوە.

کوردستان بۆ بزووتنەوە و شەڕی پارتیزانی شوێنێکی یەکجار لە بارە. چیا سەرکەشەکانی کە دارستان داپۆشیون و تەنگ و دەربەندە پڕ پێچ و پەناکانی بێجگە لە ئاو و هەوای کۆنتینێنتالی "قارِی" و بە تایبەتی سەرما و سۆلەی سەختی زستان و بارینی بەفرێکی زۆر و نزمبوونەوەی پلەکانی گەرما بە شێوەیەکی توند، هەموو ئەمانە هۆی یارمەتیدەر و رەخسێنەری شەڕی پارتیزانین. ئەزموونی سەرهەلدانە زۆرەکانی کورد بە درێژایی سەدەکانی نۆزدەمین و بیستەمین، بەوانەی ئەم سالانەی دوایشەوە لە عێراق و ئێران، ئەو راستییە دەسەلمێنن کە هێزە سەربازییە مێرییەکان هەر کە گەیشتنە چیاکانی کوردستان بالادەستی خۆیان کە لە بوارەکانی پەروەردە و راهێنانی سەربازی و چەک و جبەخانەدا هەیانە لە بەرامبەر پارتیزانە کوردەکاندا، کە لەگەل باری سروشتی ولاتەکەیاندا بە شێوەیەکی زۆر باشتر خۆیان گونجاندووە و راهاتوون، لە دەست دەدەن. (٣)

کانزا سروشتییەکانی کوردستان لە رابردوودا گرنگییەکی زۆری پێنەدەدرا. بەلام لەم سەدەیەی ئێمەدا گرنگیی ئەو دەولەمەندییانە بە توندی پەرەی سەند. لێرەدا هەلبەتە بەر لە هەموو شتێک باسی نەوت دێتە پێشەوە. رزێرڤی نەوتی بن زەوی کوردستان یەکجار زۆرە. چالگەکانی نەوتی کەرکووک "کوردستانی عێراق"، کە لە دامێنی کۆتاییە باشوورییەکانی زنجیرەی زاگرۆس هەلکەوتوون، بە دەولەمەندترین و بە بەرهەمترین کانگا نەوتییەکان دادەنێرن و لە سەر ئاستی جیهانی شوێنێکی گرنگیان هەیە.(٤)

هەروەها گەلێ چالگەی تری نەوت لە کوردستانی عێراق هەن، هەرچەندە ناگەن بەوانەی

کەرکووک، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەرچاوەی گرنگی نەوت دادەنرێن وەکو چاڵگەکانی باکووری مووسڵ و ئەوانەی نزیک خانەقین. لە کوردستانی تورکیاش نەوت لە " سێگۆشەی نێوان کارزان و گرمک و راماندا" بە بەرهەم دەهێنرێ و لە کوردستانی ئێران لە "نزیک کرماشان" و لە کوردستانی سوریاش لە "باکووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە" نەوتی کوردستان فاکتەرێکی سیاسی گرنگ دەگێرێ نەک تەنها لە سەر ئاستی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لە سەر ئاستی جیهانیش.

هەروەها برسی نەوت لە کوردستاندا چەند تایبەتمەندییەکی گرنگی خۆی هەیە. نرخی هەرزانی هەڵگۆزین و ناردنی نەوت بە تایبەتی لە چاڵگەکانی کەرکووکەوە بۆ بازاڕی جیهانی لە پێش هەموویەوە دێ. هەروەها دەوڵەمەندیی ئەو کانگانە کە وەکو کانییەکی بە خوڕ نەوتی لێوە هەڵدەقوڵێ بە رێژەی پێنج تا دە هەزار تۆن لە رۆژێکدا، کە هاوتای لە هەموو جیهانیی سەرمایەداریدا نیە.

چاڵگەکانی کەرکووک بە پلەی یەکەم دێن و ریکۆردی جیهانییان شکاندووە لە هەڵگۆزینی نەوتدا لە گۆڕ هەر مەتری هەڵکەندراودا کە دەگاتە ۳۳۰۰ تۆن.(٥)

بە گوێرەی ئەو ژمارانەی تایبەتن بە ناوەڕاستی شەستەکانەوە نرخی دەرکردنی بۆشگەیەک نەوتی کەرکووک دەیکردە ٤.٢ سەنت، لە کاتێکدا لە ئەمریکا دەیکردە ١٥١ سەنت و لە فەنزەویلا ٦٣ سەنت و لە کوێت ٩.٨٠ سەنت و لە عەرەبستانی سعودیش ٩.٥ سەنت. هەروەها خەرجی ناردنی نەوتی کەرکووک زۆر هەرزانە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ناردنی نەوتی کەنداوی فارسدا کە بە پاپۆڕی نەوتهەڵگر و بە رێگەی کەناڵی سوێسدا دەنێررێ بۆ بازارەکانی جیهان. ئەو پاپۆڕانە ناچارن بۆ ئەوەی بگەنە بازارەکانی ئەوروپا و ئەمریکا بە دەوری سەری هیوای بە پیتدا "رأس الرجاء الصالح"دا بسوورێنەوە، لە کاتێکدا نەوتی کەرکووک راستەوخۆ بە لوولەکانی نەوت دەگوێزرێتەوە بۆ بەندەرەکانی سەر دەریای ناوەڕاست.

تایبەتمەندێتی دووەمینی نەوتی کوردستان لەوەدایە، کە ئەو نەوتە تەنها سەرچاوەی وزەی دەرهێنراو لە بۆ تورکیا و سوریا پێکدێنێ و سەرچاوەیەکی یەکجار گرنگیش بۆ عێراق پێکدێنێ "خۆ لە رابردوویەکی نزیکدا و پێش بە بەرهەمهێنانی چاڵگەکانی نەوتی نزیک بەسرە و لە کاتی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانیشدا، نەوتی کوردستان تاکە سەرچاوە بوو".

## وەرگێڕانی دکتۆر جەبار قادر

لە کۆتاییدا نەوتی کوردستان لە نزیک دەوڵەمەندترین کانگاکانی نەوت "زێڕی ڕەش"ە لە جیهانی سەرمایەداریدا هەڵکەوتووە، مەبەست کەنداوی فارسە.
لێرەوە هەر گۆڕانکارییەک کە پەیوەندی بە نەوتی کەنداوەوە هەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان کار دەکاتە سەر باری نەوتیی کوردستان و بە پێچەوانەشەوە ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدات کار دەکاتە سەر باری نەوتیی کەنداو.
نابێ کانزا و دەوڵەمەندییە سروشتییەکانی تری کوردستان لە بیر بکەین. تەنها بۆ نموونە لە کوردستانی تورکیا سەرچاوەی کانزای کرۆم دۆزراوەتەوە و بەکاردەهێنرێ و بایەخێکی جیهانیی باشی هەیە، بێجگە لە کانزاکانی ئاسن و مس.

**پەراوێزەکانی بەشی یەکەم:**

(١) کوردە نەتەوەپەروەرەکان پانتایی کوردستان بە نزیکەی ٤٧٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە قەڵەم دەدەن. لە تورکیا ٢٢٥ هەزار کم٢ و لە ئێران ١٦٠ هەزار کم٢ و لە عێراق ٧٥ هەزار کم٢ و لە سووریا ١٥ هەزار کم٢. "نووسەر"
قاسملو هەڵکەوتەی جوگرافی کوردستان لە نێوان هێڵەکانی ٣٠-٤٠ پانیی و ٣٧-٤٨ درێژیی دیاری دەکا و پانتایی کوردستانیش بە "٤١٠" هەزار کم٢.
بڕوانە: الدکتور عبدالرحمان قاسملو، کوردستان والأکراد، بیروت ١٩٧٠، ص ١٣، ١٩-٢٢.
دکتۆر عەبدوڵلا غەفوور کە بە خۆی پسپۆڕی جوگرافیایە کوردستان لە نێوان هێڵەکانی پانیی ٣٩، ٤٠ و ٦١، ٣٠ باکووردا و هێڵەکانی درێژایی ٦١، ٥٢ و ٠٠، ٣٦ ڕۆژهەڵاتدا دادەنێ و دەڵێ درێژایی خاکی کوردستان لە باکوورەوە بۆ باشوور ١٣٠٠ کم پانییەکەشی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا خۆی لە ٥٥٠ کم دەدات. ئەم پانتاییە لە هەموو لایەکەوە وەکو یەک نییە لە لای باکوورەوە دەگاتە ٥٧٨ کم. لە هەندێ شوێندا کەم دەبێتەوە تا دەگاتە ١١٢ کم. ڕووبەری کوردستانیش بە ٥٣٦،٣٩ کم٢ لە قەڵەم دەدات.

بۆ زانیاری فراوانتر لە بارەی جوگرافیای کوردستانەوە بڕوانە: دکتۆر عەبدوڵلا غەفور، جوگرافیای کوردستان، ستۆکهۆڵم ١٩٩٦.
لا ١٥ و ٢٧٧ "وەرگێڕ"
(٢) ئەمە بۆچوونێکی ڕۆژهەڵاتناسی سۆڤیەت بوو بۆ چەواشە کردنی خوێنەران و پاکانە کردن بۆ سیاسەتی دەوڵەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە مەسەلەی کورد. لە کاتێکدا بنکە ستراتیجییەکانی ئەمریکا خاکی تورکیا و ئیسرائیل و وڵاتانی کەنداویان تەنیی بووە، ئەمان مەترسی ئەوەیان دەردەبڕی نەبا کوردستان ببێتە بنکەیەکی سەر بە ڕۆژئاوا ئەگەر کورد گەیشت بە مافەکانی خۆی. باسی ڕژێمە "پێشکەوتنخوازەکانی دژ بە ئیمپریالیزم"ی ناوچەکەو، لە درۆیەکی زلی پروپاگەندەی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت و ڕۆژهەڵاتناسانی حیزبی ئەو وڵاتە بەولاوە هیچی تری لێوە وەبەر نەهات. هەڵبەتە ڕژێمی مرۆڤخۆرەکانی بەغدا یەکێک بوو لەو ڕژێمانە لە گۆڕ لێکدانەوە "زانستییەکانی" ئەو ڕێبازە!" "وەرگێڕ"
(٣) لازەریف ئەم بۆچوونەی لە کاتێکدا دەربڕیوە هێشتا داگیرکەرانی کوردستان، بە تایبەتی ڕژێمی بەغدا، دەستیان نەکردبوو بە بەکارهێنانی چەکی کیمایی. ئەزموونی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئەوەیان دەرخست کە بە هێزترین سوپا ناتوانێ خۆی لە بەر ئەم چەکە تەفروتوناکەرانە ڕابگرێ. ئەی چەکداری هەژاری کورد کە لە چەکێکی سووک بولاوە هیچی پێ نیە، هەروەها بێبەری لە هەموو کەرستەکانی خۆپاراستن لە دژی ئەو چەکانەدا، چی پێدەکرێ. "وەرگێڕ"
(٤) ڕزێرڤی دۆزراوەی نەوتی کەرکووک دەگاتە ٣.٢ ملیار تۆن واتە نیوەی هەموو ڕزێرڤی عێراق. لەم بارەیەوە بڕوانە :
م.س بورشتۆف و م. س. لڤۆف، جوگرافیا و جیۆلۆجیای نەوت و غاز لە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی بیانیدا، مۆسکۆ ١٩٧٩، ل ٢٧٣ «بەزمانی ڕووسی» «نووسەر»
(٥) ئۆ. گیراسیمۆف، نەوتی عێراق، مۆسکۆ ١٩٦٩، ل ٩٦ «بەزمانی ڕووسی» «نووسەر»
(٦) ف. زیفارۆف، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە - ئابوورییەکان لە کۆماری عێراقدا لە ساڵانی ١٩٥٨- ١٩٧٦ دا، مۆسکۆ ١٩٧٩، ل ٦٣ «بە زمانی ڕووسی» «نووسەر»
(٧) لەسەردەمی پەرەسەندنی ڕۆڵی ئاودا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەگەری گرگرتنی شەڕی ئاو ڕۆژ بە ڕۆژ پەرەدەسێنێ و بایەغی ئاوی کوردستان ئەوەندی تر گرنگ دەبێ. هەموو لایەک

دەبینێ چۆن تورکیا ئاوی کوردستان وەکو ئامێرێکی تەنگە تاوکردنی سوریا و عێراق بەکار دێنێ. لە هەموو ئەو کەین و بەینانەدا کەس گوێ ناداتە خودانی راستەقینەی ئاو، چونکە کورد نەبووە بە فاکتەرێکی خاوەن هێز لە ناوچەکەدا. «وەرگێڕ»

(8) Les Kurdes et le Kurdistan, Paris 1978, P 72

هەموو ئەو ئامارە سەرژمێرییانەی لێرەدا ئاماژەیان بۆ کراوە لە بارەی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان و پێکهاتەی نەتەوەییانەوە لەسەر بناغەی ئامارە سەرژمێرییە قەومییەکان، کە بۆچوونە شۆڤینییەکانی دەستەلاتداران بە زەقی تێیاندا رەنگ دەدەنەوە و وێنەکان بە شێوەیەکی بێشەرمانە دەشێوێنن. بنیات نەنراون، بۆیەکا پەنامان بردە بەر لێکۆڵینەوەی پسپۆران و لێکدانەوەی تایبەتی کە بەخۆمان کردمان. هەڵبەتە لەم کارەماندا پرۆسە ئەتنۆ دیمۆگرافییەکانی ناوچەکەمان لە پێش چاو گرت.

هەواڵنامەی کتێب

فەرهاد رەسووڵ

# چارەسەری داگیرکردنی کوردستان ... سەربەخۆییە

لە سەرتاسەری جیهاندا مەسەلەی هیچ میللەتێک هێندەی مەسەلەی کورد ئاڵۆز و پڕ لە گرێ و گۆڵ نیە ؛ تەنانەت بە رادەیەکی وەها کە ئاسۆی چارەسەری تەواو نادیارە ؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە لە جیهاندا کورد خاوەنی درێژترین خەباتی سیاسی _ چەکدارییە ، بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ناسنامەی نێودەوڵەتی ، کەچی تا ئەم چرکەساتە لێی بێبەرییە ؛ هیچ گەل و نەتەوەیەک هێندەی نەتەوەی کورد دووچاری چەوسانەوە و کوشتن و بڕین و راگواستن و کاولکاری و لەناوبردن نەهاتووە.

میللەتی کورد لە دواساتی کۆلۆنیالیزمدا هێشتا کۆلۆنییەکی نەناسراوە ، چ لای خۆمان و چ لای داگیرکەرانمان ؛ و بگرە لە سەرانسەری جیهانیشدا ، زیادەڕۆیی نیە گەر بڵێین هیچ گەل و میللەتێک بە وێنەی کورد نەچەوساوەتەوە و ناچەوسێنرێتەوە ، کورد وەک مرۆڤ دەسڕێتەوە و دەکرێتە پاشکۆ ، دادەرزێنرێ و سوکایەتی پێدەکرێت.

یەکێک لە مەینەتییە هەرەگەورەکانی کورد ئەوەیە کە لەلایەن دەوڵەتانی بە رواڵەت موسڵمانەوە داگیرکراوە و دەچەوسێنرێتەوە ؛ بۆیە مەسەلەکەی دەکرێت بەژێر پەردەی ئایینەوە

و رووناکی لێدەبڕێ ، خۆ ئەگەر بهاتبایە و ژێرچەپۆکەی جوو ، یان دیان بووایە ، بێگومان ئەوکاتە گەلێ پشتوپەنا و یارمەتی لەناو گەلان و دەوڵەتانی موسڵماندا بۆ پەیدادەبوو ؛ مەسەلەکانی فەلەستین ، چیچان و بۆسنیەکان نمونە و بەڵگەی بۆچوونەکەمانە کە زۆرترین هاوکاری و هاودەنگی موسڵمانانی جیهانیان هەیە .

کەچی ئێستا لە کوردستان ، لەو کاولە وولاتەدا رەنگبێ تەنیا یەک دوو رێکخراوی گچکەی موسڵمانان کاربکات ...؟ هاوکات کە هیچ جۆرە پشتیوانیەک یان هەر هیچ نەبێ هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی ئازاری داگیرکردنەکەی نیە و موسڵمانانیش بەو بێدەنگییەیان هاوبەشی لە چەوسانەوەیدا دەکەن ؛ تەنانەت (أضعف الایمان) ـەکەش پەیڕەو ناکەن .

کوردستان جگە لەوەی کۆلۆنییەکی عیراق ، ئێران ، تورکیا و سوریایە ؛ کەچی وەک کۆلۆنیش حسابی بۆ ناکرێ و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ودەوڵەتانەوە بە رەسمی ناناسرێ ...؟ تەنانەت خۆشی لە سایەی ئەقڵ و ئەوەزی سیاسی خۆیەوە ، لەناو بازنەی خوێن و چەقۆدا دەخولێتەوە ؛ بگرە بە چەشنێکی وەها کە کەسایەتی کورد چێژ لە چەوسانەوە و مەرگی خۆی وەردەگرێ .

ئەوەی کە دەمانەوێ بیلێین و لەم باسەدا تیشکی بهاوینە سەر ، ئەوەیە کە بەپێی توانا و بوار ، راستی کۆلۆنی بوونی کوردستان ئاشکرا بکەین و راستی و دروستی دروشمی سەربەخۆیی بسەلمێنین و نتشانی بدەین کە دروشمی ئۆتۆنۆمی ، فیدراڵی و ...تاد ، عەمەلی و راستەقینەی وولاتانی کۆلۆنی نیە ؛ هەر هەوڵێکیش لەو بوارەدا بدرێ بێبەرە و خوێن و خەبات و قوربانیە بێژمارەکانی کورد بەفیڕۆدەدات و دەچێتە خانەی خزمەت بە داگیرکەر و درێژەدان بە تەمەنی داگیرکردن .

باسەکەشمان زیاتر تەرخانە بۆ خوارووی کوردستان ، کە ژێرچەپۆکەی داگیرکەری عەرەبییە ، هەرچی لەو بارەیەشەوە بووترێ هەمان راستیە بەگوێرەی داگیرکەرانی تورک و فارسەوە ؛ بۆیە لە رێڕەوی باسەکەدا تەنیا ئاماژە بەو بەشانەی دیکەی کوردستان دەکەین و نمونەیان پێدەهێنینەوە .

بۆیەش باسەکەمان واڕێدەکات ، چونکە ئەو هەلەی بۆ خوارووی کوردستان هاتەگۆڕێ ، کەمتر بۆ پارچەکانی دی کوردستان پێشهاتووە ... هەرچەندە خۆرهەلاتی کوردستان ساڵی 1979م و پاش رووخانی رژێمی شاه ، دەرفەتێکی نزیک لەوەی بۆ پەیدا بوو ، کە بەداخەوە ئەقڵی سیاسی کورد لە هەردوو پارچەکەدا ئەو دوو هەلەیان بەفیڕۆدا و بە کۆمەڵێک دروشمی ناجۆر و سەوداکەرانە ؛ ئەو چرایەی کە خەریک بوو لە شەوەزەنگی کوردستاندا هەلایسێ ... کوژاندیانەوە .

هەولێرنامەی کتێب

هێندەی کورد بەتەنگ دروشمی برایەتییەوەیە ، داگیرکەران نەک هەر ئاوڕی لێنادەنەوە ، بەڵکو بە درۆیەکی گەورەشی دەزانن ؛ هەرچەندە ئەقڵی سیاسی کورد هەر لە تەوەرەی ئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە و بەرگری لە سەروەری و یەکێتی خاکی ئەو وڵاتانەدا دەسوڕێتەوە ، کەچی ئەوان بەپێچەوانەوە هەمیشە بە (الانفصالي، تجزیه طلب ) و تیرۆرست ناونوسیان دەکەن . سەد مەخابن کە سیاسەتمەدارانی کوردیش هەمیشە هەر داد و فیغانیانە کە ئەوان (ولاء المطلق) یان هەیە و بە دەیان شێوە دەیسەلمێنن کە داوای جیابوونەوە ناکەن و بڕوایان بە سەربەخۆیی نیە ...؟ وەکو ئەوەی کە جیابوونەوە و سەرفرازی و سەربەخۆیی ، لکە و بێشەرمییەکی هێندە گەورەبێت ... لە سڕینەوە نەیەت.!!

### تەوەرەی باسەکە

عێراق بەم قەوارەیەی ئێستای هیچ قوڵایی ، یان پێشینەیەکی مێژوویی نەبووە ، بەڵکو لە ساڵی 1920م دروسیبووە و بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ، عێراقی ئەمڕۆ بە کوردستانیشەوە ، بەشێک بووە لە قەلەمڕەوی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی.

شایانی باسە کورد تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم خاوەنی میرنشینی خۆی بووە ؛ لەو کاتەدا عێراقی عەرەبی ، لە دوو ویلایەتی بەغدا و بەسرا پێکهاتبوو ؛ ویلایەتی موسڵیش خوارووی کوردستانی دەگرتەوە ، ئەم سێ ویلایەتە لەلایەن والیەکانی عوسمانییەوە بەڕێوەدەبران.

تێوەگلانی دەوڵەتی داڕزاو و لەرزۆکی عوسمانی لە دوا ساتی تەمەنیا لە جەنگی یەکەمی جیهانی و هاوکاریی ئەڵمانەکان ؛ خەونی سەوز و سووری بەریتانیا و فەرەنسای وەدیهێنا و ئەو هەلە مێژووییەی بۆ رەخساندن تا دەسبگرن بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی عوسمانیدا ، بەتایبەتی ئەوانەی پێشتر نەخشەیان بۆ کێشابوو.

هەڵبەتە زووتر گەڕیدە و پسپۆڕە تایبەتیە ئەورووپایەکان زۆر بە ووردی لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی گەلان و وڵاتانی ناوچەکەیان کۆڵیبووەوە و دەیانزانی تا چ رادەیەک دەوڵەمەندن.

ئەوە بەگشتی و بەتایبەتیش کوردستان کە هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لەو راستیە گەیشتبوون ؛ کە سامانی ژێر زەمینی زۆری هەیە و لە بواری پەترۆڵدا تەواو دەوڵەمەندە ؛ کە ئەوەش یەکێکە لە نەگبەتیەکانی کورد و خاڵە گرنگەکانی لکاندنی بە عێراقەوە.

بەهاتنی سوپای بەریتانیا بۆ عێراق و دەستبەسەرداگرتنی ، بیری دامەزراندنی دەوڵەتێک هاتەگۆڕێ ؛ واتە گۆڕینی میسۆپۆتامیا بە عێراق ... هەر ئەوکاتەش بیری لکاندنی کوردستان

سەریهەڵدا و پاشان بووە واقیعێک ؛ چونکە ئینگلیزەکان دەیانویست بەپەلە بکەونە راکێشانی بۆریە نەوتەکان و نەوتی کوردستان بگەیەننە سەر دەریا و پاشانیش بۆ ئەورووپا.
چەرچڵ لە یاداشتەکانیدا بەراشکاوی دەڵێت : { لە مارچی 1921م کۆنفرانسی قاهیرە بڕیاریدا میسۆپۆیامیا بکرێتە عێراق و دامەزراندنی شانشینێکی عەرەبی ، کە سوپایەکی عەرەبی وەک شتێکی بنەڕەتی بیپارێزێ و بە پەیماننامەیەکیش ببەسترێ بە بەریتانیاوە ؛ هەروەها کاروباری ناوخۆشی بخرێتە ژێر کۆنترۆڵی عەرەبەوە ؛ هێزی ئاسمانی پاشایەتیش پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا دەبێت .} ئەم بڕیارە خۆی لە خۆیدا دژی خواستی کورد بوو ، چونکە میللەتی کورد هیچ کاتێک نەیویستووە ببێتە بەشێک لە عێراق ؛ ئەوەتا سێر ئەرنۆلد ویلسن - ئەفسەری سیاسی بەریتانیا لە بەغدا - دەڵێت :{ کوردەکان نە دەیانەوێ لەژێر دەسەڵاتی تورکدا بمێننەوە و نە دەشیانەوێ بخرێنە ژێر دەسەڵاتی عێراقەوە . } بێگومان دیارە ئەوکاتە هێشتا بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر لە ئارادابوون ؛ کە دواتر بەهۆی پەیمانی لۆزانەوە ئاواتی کورد هەوڵەکانی گۆڕکران و کرانە قوربانیی بەرژەوەندی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان.
دیارە هەر لەسەرەتاوە ئینگلیز و عەرەبەکان ، هەریەکەیان بۆ مەرامی خۆی خەریکی پیلاندانان بوون بۆ قووتدانی کوردستان ؛ ئەوەبوو ئینگلیزەکان دەیانویست بە زووترین کات کۆتایی بە مەسەلەی کوردستان بهێنن و بیخەنە ژێر چنگی عێراقەوە و بە هەرشێوەیەک بێت دەوڵەتێک دامەزرێنن وبێخەم نەوتی کوردستان هەڵێنجێنن . عەرەبەکانیش بە هەمان شێوە دەیانویست کوردستان بخەنە سەر دەوڵەتەکەی خۆیان ، چونکە لەو راستیە گەیشتبوون کە داوڕۆژ ئینگلیزەکان دەبێ بڕۆن ، ئەوسا کوردستان بە یەکجاری دەبێتە بەشێک لە خاکی عەرەب ؛ لەو رووەوە شاە فەیسەڵ لە نامەیەکیدا بۆ چەرچڵ نووسیویەتی : { کوردستان بۆ عێراق وەک سەر بۆ لاشە وایە ، تکایە لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە فەرامۆش مەکەن .} هەڵبەتە کوردستان جگە لەوەی سامانێکی زۆری هەیە ، بەربەستێکی سروشتیشە لەبەردەم پەلاماری ئێران و تورکیادا ، چونکە وڵاتێکی شاخاوی سەختە.
ئەوەی جێی سەرنجە چەرچڵ بەراشکاوی نیگەرانی و دوودڵی خۆی دەربڕیوە لەوەی کە کورد بخرێتە ژێر چنگی عەرەبەوە ، چونکە گومانی لە رەفتاریان هەبوو ، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە دەوڵەتی عەرەبیی عێراق دامەزرێندرا ، هاوکات چەند خاڵێکیش سەبارەت بە کورد راگەیەندرا ، کە هەندێ لە مافە سەرەتاییەکانی کوردی دەسەلماند ... وەک خوێندن بە زمانی خۆی و بەڕێوەبردنی دامودەزگاکانی ناوچەی کوردستان لە لایەن کورد خۆیەوە ؛ بەڵام دیارە ئەوەش هەر بۆ چاو و راو بووە ، تا ئەو دوودڵیە بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق نەهێڵرێ.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ، پێش دامەزراندنی عێراق ، دەوڵەتێکی کوردی بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمودی نەمر لە 1918-1919م دامەزرابوو ؛ کە ئەگەر چاوی تەماع و بڕیاری پێشینەی بەریتانیا نەبووایە ، ئەوا کوردستان بە عێراقەوە نەدەلکێنرا.
ئاشکراشە چۆن هێزی ئاسمانی و زەمینی بەریتانیا کەوتنە بۆردومان و کوشتاری خەڵکی بێ دیفاعی کورد و روخاندنی دەوڵەتەکەی و بەدیلگرتن و دوورخستنەوەی شێخی مەزن بۆ هیندستان ؛ کەچی هێشتا عەرەبە رەگەزپەرستەکان دەیانەوێ قولایی مێژوویی بۆ عێراق بسەلمێنن و وەهای نیشان بدەن کە لەوەتەی دونیا هەیە ، عێراقیش ئەم قەوارەیەی ئێستای هەبووە.!!
وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد ، عەرەبەکان زۆر بە ئاشکرا ویستویانە کوردستان هەڵلوشن ؛ هەر لە دەستووری ساڵی 1925میلادییەوە کە پاش چاووراو و بگرەوبەردەیەک لەتەک بەریتانیادا ، ویستویانە باڵێکی یاسایی بەسەر عێراقدا بکێشن ؛ ئەوەی کە زیاتر مەبەستیان بووە بەستنەوەی کوردستان بووە ، نەک خۆدەربازکردن لە سێبەر و سایەی ئینتیدابی بەریتانی ؛ ئەوەتا لە مادەی دووەمی دەستووری 1925م کە یەکەم دەستوورە و گۆڕانکایەکانی پاشتریشی جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن .بۆیە لەو رۆژەوە پەیتا پەیتا لە دەستوور و یاسا و بگرە لە بەرنامەی پارت و رێکخراوە سیاسیەکانیشدا هەر پێ لەسەر هەمان مەبەست دادەگرن.
مادەی دووەمی دەستووری ساڵی 1925م دەڵێت : { عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازادە ، بە هیچ جۆرێ خاکەکەی پەرت ناکرێ و دەست لە هیچ بەشێکی هەڵناگیرێ ؛ حکومەتەکەشی ، حکومەتێکی پاشایەتی و نیابیە .} لە ڕێڕەوی لێدوان و بێنەوبەرەی ساخکردنەوە و دانانی یەکەم دەستووری عێراقدا - عمر الحاج علوان ، نوێنەری کەربەلا ، **انطوان شماس ، یوسف الیاس و روبن بتان** نوێنەرانی بەغدا - پێشنیارێکیان پێشکەش کردووە ، کە پاشان بۆتە هەوێنی ماددەی چواردەی دەستوورەکە ، کە ئاماژە بە مافی کورد و کەمە نەتەوایەتیەکان دەکات و دەڵێت : { کەمینەکان بۆ فێربوونی منداڵانیان بە زمانی تایبەتی خۆیان ، مافی دامەزراندنی قوتابخانەیان هەیە.}
عبدالمحسن السعدون سەرنجی کۆبوونەوەکانی گوایە بەوە راکێشاوە کە دەڵێت : { ئەو هەڵەیەی کە دەوڵەتی عوسمانی سەبارەت بە مافی گەلان و کەمینەکان کردوویەتی ، دووبارەی نەکەینەوە ؛ بۆیە دەبێ سەربەست بن و ئازادی بە هەموو توخمەکان بدەین . لە عێراقدا توخمێکی مەزن دەژی کە توخمی کوردە ، رەنگە لە پاشەڕۆژدا ئامانجێکی باشی نەبێ ... بۆیە

داوادەکەم کە ئەنجومەن لە دانی ئەم مافەدا بەرچاوتەنگ نەبێ ، تا دڵ و دەروون یەکگرتووبێ و پشتیوانی یەکیەتی عەرەب بکەن .} لێرەدا ئەوە تەواو ئاشکرادەبێ کە ئەو قسانەیان تەنیا بۆ ئەوە کردووە ، تا کورد نەبێتە ڕێگری یەکیەتی عەرەب ..!! بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە کورد هیچ کات دژ و ڕێگر نەبووە .

ئەوان داگیرکردنی کوردستان تەنیا بەوە دادەپۆشن کە مافی خوێندن بکەنە مادەیەک لە ماددەکانی دەستوور ..!! ئەگەر سەرنجی لێدووانەکانی دانانی دەستووری عێراقی بدەن سەرسام دەبن لەوەی کە چۆن بێپەروا و بێ شاردنەوە ، ویستویانە کوردستان قووتبدەن ؛ وەک ئەوەی خاکێک نەبووبێ بەناوی کوردستانەوە و عێراقیش هەر ئەم قەوارەیەی ئێستای هەبووبێت ..!؟

لەمیانەی ئەو ووتووێژانەدا سەبارەت بە عێراقی بوون دەڵێ : { هەرکەسێ لە سەردەمی عوسمانیدا و پێش دابڕانی عێراق لە دەوڵەتی ناوبراو ، نیشتەجێی عێراق بوویێت ؛ ئەوا عێراقیە .}

گەر بمانەوێ لە یەکە یەکەی بڕگە و ماددەکانی یەکەم دەستووری عێراق بدوێین ، کە دواتر هەموو دەستوورەکانی دیکە و ئاڵوگۆڕەکانیشی هەر لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندوون ، ئەوا ماوەی تایبەتیی دەوێ تا شۆڤینیەتی عەرەبمان بە ڕوونی بۆ ئاشکرابێ.

یەکەم ئەرکی سوپای عێراقیش لێدان و تەفروتوناکردنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد و کوشتن و بڕینی خەڵکی کوردستان بووە ؛ کوردستانیش هەمیشە مەشقگایەکی سروشتی و بێ لێپرسینەوەی سوپای عێراق بووە ، تەنانەت کەسێکی وەک عبدالکریم قاسمی یەکەم سەرەک کۆماری عێراق ، لە لێدوان بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانی بارزاندا ، میداڵی شەرەفی وەرگرتووە ... ئەوەش ناشاردرێتەوە کە پاش کودەتای 1958م هێندەی نەمابوو ئەو پیاوەمان لێبکەنە پێغەمبەری سەروەخت و شەهادە بەشانی بێنین .؟!!

عەرەبە داگیرکەرەکان تێکشکاندنی بزوتنەوەکانی شێخ مەحمود و بارزانیان بە گەورەترین ئەرکی خۆیان زانیوە و ئەو بزوتنەوانەشیان بە گەورەترین مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر عێراق زانیوە ؛ بۆیە کۆیان لە هیچ نەکردۆتەوە تا لەناویان بردوون ... هەڵبەتە لە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەشدا ، هێزی ئاسمانی بەریتانیا و حکومەتی بەریتانیا پاڵپشت و یارمەتیدەریان بووە ؛ چونکە بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بەرژەوەندی ئەوانیش دەکەوتە مەترسیەوە ؛ سەیرەکەش لەوەدایە ، عەرەبەکان تا ئێستاش بزوتنەوەکانی کوردیان بە دەستکەلای بێگانە و ئیمپریالیزمی جیهانی و زایونیزم زانیوە و باسێکیش لە داگیرکەرێتی خۆیان ناکەن و ملکەچی خۆیان بۆ بەریتانیا لەبیرکردووە .

هەواڵنامەی کتێب

شۆڤینیتی عەرەب لەتەک کوردا شاردراوە نەبووە و نیە ، هەر لە کۆنەوە ویستویانە کەسایەتی کورد و بوونی کورد وەک نەتەوەیەکە بسڕنەوە ... تەنانەت شاعیر و نووسەرەکانیشیان بێپەردە و بەڕاشکاوی کوردیان کردۆتە عەرەب ..! ئەوەتا شاعیرێکی عەرەب لە وەلامی ئەوەی کە شاعیرێکی فارسەکانیش کوردیان کردووەتە فارس ... دەڵێت:

(لعمرك ماالاكراد ابناء فارس ولكنهم ابناء كرد بني عامر).

لەگەڵ یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی عێراقی عەرەبیدا ، بیری بەعەرەبکردنی کوردستان لە مێشکی دەستەلاتدارە رەگەزپەرستەکانی عیراقدا سەریهەڵداوە و کەوتونەتە نەخشە بو کیشان و جیبەجیکردنی ؛ چونکە لەو راستیە کەیبوون کە زمانی ئاگر و ئاسن بو سەرپیدانەواندنی کورد بەتەنیا بەسنیە ، بەڵکو بو هەڵلوشینی وردە وردەی کوردستان بەعرەبکردنیشی کاریکی سەرەکی و مەرجی سەرکەوتنی یەکجاریە.

بەعەربکردن و ئەنفالکردنی کوردستان هەر لەسەر دەستی حکومەتی بەعسی عەرەبیدا دەستی پینەکردووە ، بەڵکو سەرەتاکەی لە شاری کەرکوکەوە دەستپیدەکات و دەکەڕیتەوە بو ساڵی 1925م کە بە هاوکاری کومپانیای نەوت عەرەبی ناوچەکانی دیبان بو کوردستان هیناوە و پاشتر ئەرکەکە بوتە کورینی باری نەتەوەیی شاری کەرکوک بە تایبەتی . لیرەشدا هاوکاری و هاوئاهەنگی ئینکلیزەکان ناشاردریتەوە.

لەگەڵ بانکی دامەزراندنی عیراقدا ، شاە فەیسەڵی یەکەم ، کە یەکیک بووە لە هەرە شوڤینیە رەگەزپەرستەکانی عەرەب ؛ لە دیسەمبەری 1924م بەمەبەستی هاندانی خەڵکی ناوچەکە بو پەیوەستبوون بە عیراقەوە ، سەردانی کەرکوکی کردووە و یەکرلست ئالای عیراقیان لەسەر دامودەزکاکانی شارەکە هەڵکردووە ؛ کە ئەوەش لە خویدا واتایەکی یاسایی هەیە و سەرپوشیکی دەستووریی بە دەستەلاتی عیراق بەسەر ناوچەکەدا دەدا.

هەروەها یەکیکی دی لەو کاری بەعەرەبکردن و شوڤینیانەی ئەو سەردەمەی دەوڵەتی عیراق ، دامەزراندن و دەستپیکردنی پرۆژەی ئاودیری حەویجە بووە ، بو نیشتەجیکردن و هینانی هوزە کوچەرە عەرەبەکان بو ناوچەکە و دانانی چاودیر و فیرکەری کشتوکاڵی بویان.

بەو جورە یەکەم هەنگاوی بەعەرەبکردن لە کوردستاندا بە هاوکاری و پاڵپشتی کومپانیای نەوت و هاوکاری راستەوخوی ئینکلیز دەستی پیکردووە . شایانی باسە کە ئەو هوزە عەرەبانە بەوە دابین نەبوون کە لە ناوچەکەدا نیشتەجی بوون ؛ بەڵکو هاوکاری تەواوی سوپای عیراقیان بو لیدان و کوشتنوبڕینی کومەلانی خەڵکی کوردستان و شورشەکانی کردووە . لە سەرەتای شەستەکان و

دەستپێکردنی شۆڕشەوە ، ئەو هۆزە عەرەبانە دەهاتنە شارەکانی کوردستان و هاواریان دەکرد : ( احنا البدو ، وين العدو ).

دوای کودەتاکەی 1958م بەعەرەبکردن هەر بەردەوامبووە ، بەلام دوای کودەتای 1963م ئیتر گڕی بەعەرەبکردن زیاتر کلپەی سەندووە و تا ئەمڕوش هەر بەردەوامە.

مەسەلەی بەعەرەبکردنی کوردستان بەشێکە لە ستراتیجی دەوڵەتی عەرەبی عێراق و مەسەلەی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی ، واتە بەپێی بۆچوونی ئەوان ، بەعەرەبکردنی کوردستان ئەرکێمی نەتەوەیی عەرەبە و بەشێکە لە سیاسەتی دەولەت ، جا ئیتر ئەو دەوڵەتە ؛ پاشایەتی ، کۆماری ، نەتەوەیی ، چەپ ... تاد ، یان هەر شێوەیەکی دی بێت ، چونکە کورد بە مەترسی دادەنێن و تا ئەو کاتەی بەتەواوی کوردستان هەڵنەلوشن و عێراقی بوونەکەی نەکەنە ئەمری واقیع ، نابێ دەستبەرداری ئەو سیاسەتە ببن.

لە بواری لێدان و بەرەنگاربوونەوەی بزووتنەوە و شۆڕشی چەکداریی کورددا ، تێکڕای عەرەب ، نەک هەر بە تەنیا عەرەبی عێراق ! لە سالانی 1963-1964م هەردوو سوپای سوری و میسری هاتنە هانای سوپای عێراقەوە و ڕۆڵی گەورەیان لە بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانی کورددا دیتووە و لە شالاو بۆ سەر کوردستاندا بەشداربوون.

کەچی بەداخەوە هەندێ لە پارت و سەرکردە کوردەکان بەشانازیەوە باسی دیتنی (جمال عبدالناصر )ی سەرکردەی ئەوسای میسر دەکەن ؛ کەگوایە دیدێکی مرۆڤانەی سەبارەت بە مەسەلەی کورد هەبووە و داوای چارەسەری مەسەلەی کوردی لەسەر بناغەی ئۆتۆنۆمی و ئەو جۆرە شتانە کردووە ..! بەلام داخۆ باسێک لە هەناردنی سوپای میسر بۆ شەڕی کورد و کۆلۆنیالیستی عەرەب و کۆلۆنی بوونی کوردستان لەگۆڕێ هەبووە و هەیە ..؟!

بەعەرەبکردن و بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشی کوردستان هەموو ڕاستیەکانی داگیرکەری عەرەبی نیە ؛ بەلکو ئەوانە تەنیا لایەنێکی زەق و دیاری داگیرکردنەکەیە ، ڕووبەڕووبوونەوەکە زۆر لایەنی دیکەی هەیە ... ئابووری ، ڕۆشنبیری ، هونەری ، سایکۆلۆجی و ...هیتد . ئەگەر بەراوردێکی بچوک لە نێوان رادەی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئابووری کوردستان لەتەک تەواوی عێراقدا بکەین ، ئەوا دەبینین یەک لە سەدە.

لە سەردەمی پاشایەتیەوە تا ئێستا تەنیا یەکدوو کارگەی بچوک و بێنرخ لەکوردستاندا هەیە ، کە لە ڕووی ئابووری و گەشەی کۆمەلایەتی و دروستکردن و خەملاندنی چین و توێژەکانەوە هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نیە و لە ڕیزی نەبووانە.

**فەرهاد ڕەسووڵ**

عەرەبەکان لە پێناوی بێبەریکردنی کورد لە گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، قوربانیان بە لایەنە زانستیەکانی ئابووری داوە ؛ مەبەستەکەش روون و ئاشکرایە ، کە هێشتنەوەی کوردستانە بە دواکەوتوویی و ئیفلیجی ؛ ئەوە لەلایەکێ و بەستنەوەشی بە سەنتەری عێراقەوە لە لایەکی ترەوە ، ئەوجا دابڕینی ئابووریانە و کۆمەڵایەتیانەی کورد لە پارچەکانی تر.
چاکترین جۆری توتن لە کوردستاندا بەرهەم دێت ، کەچی کارگەکانی چاکردن و دروستکردنی جگەرە لە بەغدایە و ئەو کارگانەی لە سلێمانی و هەولێرن ، لە رووی ئابوورییەوە هیچ نرخێکی نیە . هەروەها خامی ئاسن لە شاخەکانی پێنجوێنە ، کەچی کارگەی ئاسن و پۆڵا لە شاری بەسرایە و رۆژانە خامی ئاسنەکەیان دەگواستەوە بۆ ئەوێ کە دەبووە هۆی بەرزبوونەوەی رادەی تێچوون ؛ مەبەستەکەش هەرئەوەیە کە کارگەکە لە کوردستاندا نەبێت.
ووزەی ئەلەکتریکی هەردوو بەربەستی دوکان و دەربەندیخان دەچێتە عێراق و ئەوسا جارێکی تر بەسەر کوردستاندا دابەشدەکرێتەوە .. بەهەمان شێوە کارگەکانی چیمەنتۆ و ..هتد ؛ واتە لە گشتدا هێشتنەوەی کوردستان بەو جۆرەی کە هەیە و رێگرتن لە خەملان و دروستبوون و سەرهەڵدانی چینە سەرەکیەکانی کرێکاری و بۆرژوازی ، کە دەبنە مایەی بەرەوپێشەوەچوونی کۆمەڵ ؛ جگە لە رێگرتنی گەشەی ئابووری و شەتەکدانی کوردستان بە سەنتەرەوە بۆ هەموو پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە.
لەرووی رۆشنبیریشەوە رێنەدان و چەواشەکردنی فەرهەنگ و ئەدەب و کلتوری کوردی ، بە جۆرێک کە بوارێکی زۆر کەمی بۆ بهێڵرێتەوە ؛ بەراوردێکی ئەو هەموو توانا زۆر و زەوەندەیەی بۆ عەرەب تەرخانکراوە لە بوارەکانی ئەدەب ، هونەر ، شانۆ ، موزیک ..هتد ، لەگەڵ ئەوەی بۆ کورد تەرخانکراوە ئاسمان و رێسمانە.
لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە ، مێژووی کورد قەدەغەبووە و لەسەر کتێبێکی مێژوویی ، کورد رووبەرووی دادگا و زیندان کراوەتەوە و هەر لە قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە مێژووی عەرەبیان بە مندالانی کورد خوێندووە ، تاوانی خوێندنەوە و ووتنی سروودەکانی { ئەی رەقیب و نەورۆز } بەقەدەر تاوانی کوشتن و بگرە زیاتریش بووە .
هەروەها لە بواری چاپەمەنی و لەچاپدانی کتێب و نامیلکە و گۆڤار و رۆژنامەدا ، هیچ بەراوردێک نیە.
ئێستگەکانی رادیۆیی کوردی بەغدا و تەلەفیزیونی کەرکوکش ، کۆپی بەرنامە عەرەبیەکانە و بەهیچ جۆرێ دەستیان نیە لە بەرەوپێشچوونی کلتوری کوردی و بگرە زمانەکەشیان هێندە شێواندووە کە خەڵکی کورد بێز لە بیستن و تەماشاکردنی دەکاتەوە ؛ لە هەمان کاتدا هەوڵ

دەدەن کە سەرنجی کورد بەلای بابەتە عەرەبییەکاندا رابکێشن و کەمتر گوێ بدەنە شتە کوردیەکان.

لە رووی سایکۆلۆژیشەوە ، بەردەوام شەڕی دەروونیان لەگەڵ کردووە و هەمیشە لە هەوڵی سووککردن و بێدەستەڵاتکردنی مرۆڤی کوردان ؛ وایان لە کەسایەتی کورد کردووە کە خۆی بە کەم بزانێ و توخمی عەرەبی بە باڵادەست و نمونەی بەرز بزانێ _ ئەوەش بەتەواوەتی لە سیاسەت و کەسایەتی سیاسی و سەرکردەکانی کورددا روون و ئاشکرایە ..! هەمیشە مرۆڤی جەللاد و تۆقێنەریان هێناوەتە کوردستان و کردوویانن بە مێمڵ و جەللادی خەڵک ؛ بەجۆرێکی وەها کە لە هەموو کاتێکدا سیخوڕێک یان سەربازێکی عەرەب توانیویەتی بێ لێپرسینەوە ، شارێک لە قەفەز بنێ و ئیهانە بکات. سوپای عێراقیش هەمیشە وەک سوپایەکی داگیرکەر رەفتاری کردووە.

لە ساڵانی 1961 میلادییەوە سەربازە عەرەبەکان لە هەموو هێرش و پەلاماریکیاندا بۆ سەر کوردستان ؛ دەکەوتنە تاڵان و بڕین و هەرچی بەردەستیان بکەوتایە وەک پیشەی لە مێژینەی باب و باپیرانیان بە تاڵان دەیانبرد . دەوڵەتی عێراقیش بە ئاشکرا دەستووری رەسمی دەدا بە هێزی سوپا و ئەمن و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیان ، کە هەرچی دەکەن و دەبەن ئازادن و هیچ جۆرە لێپرسینەوەیەکیان بۆ نیە ..!! سەرەتاو پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا نیە و لە پێناوی سڕینەوە و لەناوبردن و تێکشکاندنی کەسایەتی کورددا ، کۆیان لە هیچ جۆرە پێشێلکردن و تاوانکردن دەرهەق بە مرۆڤی کورد نەکردۆتەوە . سەیرئەوەیە خۆشیان پەیمانەکانی کۆمەڵەی گەلان و یاساکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیان مۆرکردووە ؛ کەچی هەرخۆشیان پێشێلیان دەکەن و هیچ نرخ و بایەخێک بۆ یاسا مرۆڤایەتی و تەنانەت ئایینەکانیش دانانێن.

چەند سەرنجێ لە یاسا بنەڕەتیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان زۆر ڕاستیمان بۆ ئاشکرادەکات ، کە دەوڵەتی عەرەبی عێراق هیچ حسابێکیان بۆ ناکات:

بڕگەی دووەمی پرنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەڵێ : { لە پێناوی گەشەپێدانی دۆستانەی گەلان لەسەر بناغەی یەکسانی و چوونیەکی و مافی چارەنووسی کۆمەڵانی خەڵک و هەروەها بۆ بەرژەوەندی ئاشتی جیهانی } ئاشکراشە کە هەرچی یەکسانی و چوونیەکی هەیە لەنێوانی عەرەب و کورددا نیە ..! ئەوان داگیرکەر و کوردیش داگیرکراو ، عەرەب هاووڵاتی دەرەجە یەک و کوردیش نرخی ئاژەڵێکی نەبووە و نیە.

ماددەی (76) بڕگەکانی A, C, D زۆر بەڕاشکاوی پەنجە بۆ مافی ئەو نەتەوانە درێژدەکەن کە لەژێر دەستی گەلان و وولاتانی دیکەدان و دەڵێت : { بۆ زیاتر سەقامگیرکردنی ئاشتی و

ئەمنیەتی جیهانی ، دەبێ رێ بە گەشەکردنی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی ئەو ناوچە مرۆڤنشینانە بدرێ ، بەجۆرێک کە ببێتە مایەی گەشەکردن بەرەو مافی خۆبەڕێوەبردن و ئەوجا سەربەخۆیی و ریز لە بۆچوونی خەڵکەکەی بگیرێ و نابێ جیاوازی لەسەر بناغەی رەگەز و ئایین و زمان و ... بکرێ ... دەبێ رێیان بۆ خۆشبکرێ بەرەو سەربەخۆیی.}
ماددەکانی 55 ، 73 ، 74 ، 77 ، بەگشتی داکۆکی لە مافی چارەنووسی گەلان دەکەن ؛ بەلام ئەوەی لە عێراق ، ئێران ، تورکیا و سوریادا دەرهەق بە مافی کورد دەکرێت ؛ نەک هەر لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا ، بەڵکو لە چاخەکانی ناوەڕاستیشدا دەرهەق بە مرۆڤ نەکراوە.
لە سوریا پشتینەی عەرەبی دروستکراوە و هاوولاتی کورد لە سادەترین مافەکانی مروڤ بێبەشە ؛ تەنانەت پوشینی جلوبەرکی میللی قەدەغەیە و کورد هاوولاتیەکی زور بینرخە و سڕینەوەی کەسایەتیەکەی کەشتوتە لوتکە . خو لە تورکیا ، تا ئیستاش هەر بە تورکی چیا و درندە ناودەبرین و سەربازیکی تورک دەتوانی چەندان کورد هەر بو ئارەزووی خوی بکری و بکوژی ؛ لە سییەکانی ئەم سەدەیەدا سەربازە تورکەکان لە کاتی هیرشیاندا بو سەر کوندە کوردنشینەکان ، کرەویان لەسەر مندالی ناو مندالدانی ژنە سکپڕەکان دەکردوو بە نوکی سوونکیەکانیان مندالەکانیان دەردەهینا ، لە هیرشەکانی سالی 1995م روژنامەی ئویزەرڤەر وینەی سەربازیکی تورکی بلاوکردەوە ، کە سەری دوو لاوی بڕراوی کوردی بە دەستەوە کرتبوو . بەپیی دەستووری تورکیش ، لە تورکیادا تەنیا یەک نەتەوە هەیە ئەویش تورکە.
بەم جورە لە ئیرانی موسڵمانیشدا کار لە پارچەکانی دیکە باشتر نیە .. ئیمام خومەینی فەتوای قەتلوعامی خەڵکی کوردستانی دا و سوپا و پاسدارەکانیشی زور چاک ئەنجامیاندا ؛ نمونەیەکیشی لە کوندەکانی قەرناوقەلاتە بەرچاوە ... ئەمە لەکاتیکدا کە ئیمام فەتوای ئاوای بەرامبەر سوپای عیراق دەرنەکرد ، کە لە زور ناوچە خاکی ئیرانیان داکیرکردبوو ؛ شیاوی باسە کە چوار دەوڵەتە داکیرکەرەکەی کوردستان ، ئەکەر بە رووکەشیش بیت لایەنکیری مافی کەلانن ، جکە لە کەلی کورد ؛ دەوڵەتی ئیران سەفارەتخانەی بو فەلەستینیەکان داناوە ، هاوکات خوینی کورد حەلاڵ دەکات ، تورکەکانیش لە سالی 1970م قوبرووسیان داکیرکردووە و دەوڵەتوکەیەکیان تیا قووتکردوتەوە ؛ کەچی مافی مروڤ بوونی کورد رەوانابینی و تا ئیستاش زمانی خویندن لە کورد قەدەغەیە و کورد وەک توخمی کورد بەڕەسمی ناناسریت .

## هەڵوێستی پارت و ڕێکخراوە عێراقیەکان

پارت و ڕێکخراوە عێراقیەکان ، چ ئەوانەی دەستەڵات بەدەست بوون و ، چ ئەوانەی لەبەرەی ئۆپۆزۆسیوندا بوون ، جیاوازیەکی ئەوتۆیان سەبارەت بە کورد نەبووە نیە . هەموویان لە بەرنامەکانیاندا جەختیان لەسەر ئەوە کردووە و دەکەن ، کە عێراق بەشێکی جیانەبووەوەی نیشتمانی عەرەبە . واتە ئەوانیش لەپاڵ دەسەلاتی داگیرکردندا یەکدەنگن و کوردستان بە بەشێک لە قەلەمرەوی جیهانی عەرەبی دەزانن و بەهیچ جۆرێ نایانەوێ مافی چارەنووسی کورد بناسرێ.

حیزبێکی وەکو حیزبی شیوعی عێراقی ، مافی چارەنووسی بۆ کورد ڕەوانەبینیوە ، لەکاتێکدا بانگاشەی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی دەکرد ، کەچی بۆ میللەتێکی وەک کورد تەنیا مافی چارەنووسی لە چوارچێوەی عێراقدا دەخواست ؛ کە ئەو بۆچوونانەیان تەواو دوورکەوتنەوەیە لە زۆری پرنسیپیەکانی خۆیان ، تەنانەت لە 1984م هەندێک لە کۆنە ئەندامەکانیان بە ئاشکرا لە بلاوکراوەی (الغد الديمقراطي ) دا دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بوون و ئەو هیواو ئاواتەیان بە خەونە چۆلەکە لە قەڵەم دەدا وکردیانەهەلایەک ، وەک کەعبە کەچ بوویێت ، جێی خۆیەتی کە ووتەیەکی لینین لێرەدا بهێنینەوە ، کە پێوەلکاندنی بەزۆر دەکاتە داگیرکردن ؛ ناوبراو لە کتێبی ( حركة شعوب الوطنية التحررية ) دا دەڵێت : { هەر گەلێک بە بڕیارێک دوور لە بڕیار و خواستی خۆی ، خرایەسەر خاک و گەلێکی دیکە ؛ ئەوە گەلێکی دەستبەسەراگیراوە . } سەیرەکە لەوەدایە کە حیزبی شیوعی ئامادەنیە کۆلۆنی بوونی کوردستان بە ڕەسمی بناسێ و داوای جیابوونەوەی بکات ، ئەوە نەک لە عێراق ، بەڵکو لە ئێران و تورکیا و سوریاشدا ، کە دەبوو ئەوان ، ئەوە بۆچوون و بیریان نەبووایە بەرامبەر مەسەلەی کورد ، چونکە بەناو حیزبی جەماوەری زەحمەتکێش و کرێکارانن و دۆستی گەلانی بندەستن.

بەرامبەر ئەوەش (ۆدرۆ ویڵسن ) لە چواردە ماددەکەیدا ، لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەڕاشکاوی لە باسی مافی چارەنووسی گەلانی بندەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ، ئاماژە بۆ گەلانی کورد ، ئەرمەن و عەرەب دەکات و داوای سەربەخۆییان بۆ دەکات ، لە هەمان کاتدا کە خۆی سەرۆکی دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی بوو ..؟!

دەبێ ئەو ڕاستیە بووترێ ، سەردەمانێ حیزبی شیوعی بەتەواوی دژی میللەتی کورد دەوەستان و تەنانەت بە نەتەوەیان نەدەناسی ، چونکە گوایە هاویەکەی ئابووری نیە و دابڕاوە ؛ بەلام سنوورەکانی عێراق ، ئێران ، تورکیا و سوریای بە ڕەسمی دەناسی.

بۆیە حیزبی شیوعیمان کردە نموونە ، چونکە لە حیزبە عێراقیەکانی دی زیاتر جەماوەری هەبووە و بە حساب خۆی پابەندی پرنسیپە مرۆڤایەتیەکان کردووە ؛ دەبوو هەر لە سەرەتاوە دژی کۆلۆنی کردنی کوردستان و بەعەرەبکردنی بوونایە.
هەڵویستی نەتەوەپەرست و ئیسلامیەکانیش بەتەواوی دژایەتی کورد و پشتگیری دەوڵەتی عەرەبی عێراقی بووە ؛ بەتایبەتی ئیسلامیەکان ، تەنانەت بەپێی شەرع و ئایەتە قورئانی و حەدیسە پیرۆزەکانیش رەفتاریان نەکردووە ؛ هیچ رابەر و ئیمامێکی موسڵمان دژی داگیرکردن و قەتلوعامی خەڵکی کوردستان نەوەستاوەتەوە . لەگەڵ ئەوەی زووربەی هەرە زۆری سوپای عەرەبی عێراقی بە مەزهەب شیعەن ، کەچی هیچ فەتوایەک لەلایەن ئاخونێکەوە دەرنەکرا و کوشتنی کورد بە دەستی عەرەب حەرام بکات ، یان هیچ نەبێ بڵێ شەڕکردنتان لە کوردستاندا شەرعی نیە ..؟!
خۆ ئەگەر ئاورێک لە هەڵویست و بۆچوونی پارت و رێکخراوە عێراقیەکانی دیکەش بدەینەوە ، ئەوان نەک لە سەرەتای داگیرکردنی کوردستاندا ، بەڵکو لەم دوا سەدەیەشدا هێشتا مافی چارەنووس بە کورد رەوا نابینن و کلک و باڵی مافی چارەنووس دەکەن و کۆلۆنی بوونی کوردستان بە حەلاڵ دەزانن .. لە ساڵی 1992م کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی لە ڤیننای پایتەختی نۆتریش پێکهات و لە دوای سێ رۆژ مشتومڕی نێوان بەشداربووانی عەرەب لە کۆنگرەکەدا دەربارەی مافی کورد ، ئەوسا لوتفیان فەرموو ، وە مافی چارەنووسیان بە کورد رەوا دیت و لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی ناوبراودا دەڵێن : ( داننان بە مافی چارەنووسی کورددا بەبێ جوودابوونەوە لە عێراق . ) - دیارە ئەوەش مافی چارەنووسە لەسەر شێوەی عەرەبی .!! - کەچی بۆ مەسەلەی فەلەستینیەکان دەڵێن : { دۆزینەوەی چارەسەرێکی عادیلانە بەپێی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی فەلەستینی . } ئەوەش راستی ئەوە دەردەخات کە هیچ گۆڕانێک لە هەڵویستی پارت و رێکخراوە عەرەبیەکان سەبارەت بە مەسەلەی کورد ، هەر لە سەرەتای داتاشین و دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی عێراقەوە ؛ تا ئەمڕۆ نەبووە و هەر هەمان دیدی شۆڤیانە لە ئارادایە.

## عەقڵی سیاسی کورد و مەسەلەی کورد

ئەگەر شێخی مەزن - شێخ مەحمودی قارەمان - ی لێهەلاوێرین ، ئیدی لە بواری عەقڵی سیاسی کورددا ، کەسێکی وەها ، یان هیچ پارت و رێکخراوێک نابینین کە راستەوخۆ و بێ پێچوپەنا خەباتی بۆ رزگاری کورد کردبێ و دژی داگیرکردنی کوردستان وەستابێت ..! ئەگەرچی

بەپێی بۆچوونی چەوتی هەندێک هەرزە و رۆشنبیری ئێستا ؛ شێخ بە وشکە سۆفی لە قەڵەم دەدەن ... کەچی ئەو نەک هەر ئامادەنەبوو کە دەست لە مافە رەواکانی گەلەکەی هەڵبگرێ ، بەڵکو بەوپەڕی بێپەرواییەوە دەستەویەخەی مەرگ بۆتەوە و ئازایانە بەرەنگاری گرتن و دورخستنەوە بۆتەوە و تەماع و بەرژەوەندی تایبەتی بەلاناوە .

شێخ لەسەر رۆشنایی پرنسیپەکانی مافی مرۆڤ و مافی گەلان و بەپێی (14) پرنسیپەکەی ولسن ، داوای مافی چارەنووس و سەربەخۆیی کوردستانی کردووە ؛ تەنانەت هانای بۆ دەوڵەتان بردووە و داوای بەرەسمی ناسینی کوردستانی لێکردوون ؛ بەتایبەتی دەوڵەتێکی وەک سۆڤیەتی ئەوسا و لە نامەیەکیشدا بۆ لینین دەڵێت : ( تەواوی گەلی کوردستان پەرۆشی دۆستایەتی و هاوکاری حکومەتی روسی مەزنن و لە پێناوی ئەم دۆستایەتیەدا ئامادەن قوربانی بدەن . ) ، لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕی و بێدەرەتانی و برسیەتیەی کە هەبووە ، شێخ دەوڵەتی راگەیاندووە و دامودەزگاکانی خستۆتەکار ... خۆئەگەر بەراوردێکی رێژەیی ئەو دەوڵەتەی شێخ و ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان بکەین ؛ دەبینین ئەمەی ئێستا تەنیا درێژەدانە بە سیاسەتی ئیستعماریانەی عێراق و ئەمانە نوێنەری پاراستنی بەرژەوەندیەکانی عەرەبن لە کوردستاندا .

هەڵەنیم کە دەڵێم ئەقڵی سیاسی کورد لەپاش شێخ توشی ئیفلیج بوون بووە و کەوتۆتە پەراوێزی رووداوەکانەوە و بەو تەپکەیەوە بوون کە عەرەب بۆ کوردیان ناوەتەوە ، بەوەی کە دەستبەرداری دروشمی سەربەخۆیی بوون و هەن و دەسەڵاتی عێراقیان بەرەسمی ناساند ؛ بەمەش بوونە پاشکۆی دەسەڵاتی عێراق و حیزبە عێراقیەکان ، کەوتونەتە هەڵگرتنی دروشمی نابەجێ و ناکردەوەیی دژ بە کورد .

لە کاتێکدا کە کوردستان کۆلۆنیەکی عەرەبیە ، کەچی ئەقڵی سیاسی کورد لە بری سەربەخۆیی داوای لامەرکەزی ، ئۆتۆنۆمی ، ئۆتۆنۆمی راستەقینە و ئەوجا فیدراڵیەکی زۆر سەیروسەمەرە ، کە نمونەی لە هیچ جێیەکی جیهاندا نیە .

داخۆ وەک پرسیارێکی لۆژیک ، ئایا ئۆتۆنۆمی یان لە چاکترین حاڵەتدا ، فیدراڵی ... ئەو هەموو خوێن و ماڵوێرانی و بەسوتماککردن و ئەنفال و کیمیاوی بارانە دێنێ ..؟؟ لە چ سوچێکی جیهاندا کۆلۆنیەک داوای پێکەوە ژیانی لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەردا لێکراوە .؟؟ داخۆ دروشمی جەزائیریەکان و ڤێتنامیەکان ، دیموکراسی بۆ فەڕەنسە و ئەمەریکا و ئۆتۆنۆمیش بۆ جەزائیر و ڤێتنام بوو .؟؟ خۆ ئێستا دروشمی فەلەستینیەکان دیموکراسیەت بۆ ئیسرائیل و ئۆتۆنۆمی بۆ فەلەستین نیە .؟! گەلێک سەیروسەمەرەیە کە ئەقڵی سیاسی کورد زۆر بەڕاشکاوی و لەبەر چاوی دۆست و دوژمن ، بەرگری لە یەکێتی خاک و سەروەریی عێراق دەکات .! بەم کارانەش

بەردەوام مەسەلەی کوردیان وەک کێشەیەکی یاخیگەری نیشانداوە و دەیکەنە مەسەلەیەکی ناوخۆی عێراق ؛ کە کۆلۆنی بوونی کوردستان دەسڕنەوە ، بەمەش بەتەواوی دەکەونە (تناقض) دوە :

یەکەم : داخۆ ئەگەر کوردستان بەشێک بێت لە عێراق ، ئیدی چ جیاوازیەک هەیە لە نێوان سلێمانی و بەسرادا .. با کوردێک لە بەسرا بژی و عەرەبێکیش لە زاخۆ .. با بەکوردی نەدوێین و عەرەبی زمانی رەسمیمان بێت ..! خۆ ئیتر هیچ بوارێ بۆ ئۆتۆنۆمی و لامەرکەزی نامێنێتەوە .

دووەم : بەپێی دەستووری عێراقی کە ئەقڵی سیاسی کورد بەرگری لە یەکیەتیەکەی دەکات ، عێراق بەشێکی لەپسان نەهاتووی خاکی عەرەبە .. ئەم تیۆریەش بەشێکە لە سیاسەتی ئوپۆزۆسیونی عێراقی ؛ ئەگەر سەرنجێ بدەین ، دەبینین ئەوەندەی ئۆپۆزۆسیون دژی کوردە ، چارەکێکی ئەوە دژی دەسەڵاتی بەعس نین ..؟!

ئەقڵی سیاسی کورد دەبوو لەو راستیە بگەشتایە کە تەواوی جیهانی عەرەب لە مەسەلەی داگیرکردنی کوردستاندا پشتگیری عێراق دەکەن و هاوئاهەنگن لەسەر قەتلوعامی کورد ؛ بەشداری هەردوو سوپای عەرەبی سوری و میسری لە ساڵانی 1963- 1964 م دا لە شەڕی کورددا ، نموونەیەکی زەقی بۆچوونی جیهانی عەرەبە سەبارەت بە کورد .. خۆ لەپاش کیمیاوی بارانی کوردستان و ئەنفال و کوشتنی زیاتر لە 182 هەزار منداڵ و ژنی کورد ، نەک هەر دەوڵەتێکی عەرەبی ، بەڵکو یەک ڕێکخراوی عەرەبی ، یان پارتێک ، لایەنێکی خێرخوای عەرەبی نەهاتە دەنگ و متەقیان لە خۆیان بڕیبوو ؛ داخۆ ئەگەر ئەو کیمیاوی باران و ئەنفالە لە ( رام الله ) بووایە ، ئێستا چ دەقەوما .؟!

لە سەرتاسەری جیهانی عەرەبیدا جگە لە یەکدوو دەنگی نوزەڵ ، کە پاشان ئەوانیش پاشگەزبوونەوە ، ئیدی دونیایەکی کشومات .!!

جیهانی ئیسلامیش ، چ وەک عەرەب و چ وەک نەتەوە و دەوڵەتانی دیکەی ناعەرەب ، بێدەنگ بوون و لەژێرەوە پشتگیریان لە هەڵوێستی ( سەدام ) دەکرد ، وەک ئەوەی کورد ئیسلام نەبێ . ! ئەقڵی سیاسی کورد تاقیکردنەوەکانی جیهانی لەبەرچاوە لەسەر ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی ، کە چۆن راستەوخۆ دوای رمانی دەسەڵاتی بلۆکی سۆشیالیستی لەتوپەت بوون و هەندێکیان تا ئێستاش لێک دەکوژن و تا سەر مۆخ و ئێسقان بە یەکدا چوونەتە خوارەوە .

ئەقڵی سیاسی کورد لەدوای شێخەوە کەوتوونەتە دژایەتی بیری نەتەوایەتی کورد و هەموو جۆرە بزوتنەوە و سەرهەڵدانێکی بیری نەتەوایەتیان بە سوک و بێنرخ لە قەڵەم داوە . ئەمەش خۆی

لە خۆیدا پشتگیریکردنی سیاسەتی دەسەلاتی داگیرکەری عەرەبییە ، کە بە هەموو شێوەیەک دژی بیری نەتەوایەتی کوردن ؛ هەموو بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرەیان بە دەمارگیری نەتەوایەتی و شۆفینیزم لە قەڵەم داوە .! داخۆ کەسێک هەیە بتوانێ بە یۆنانیەک ، یان تورکێک بڵێ - ئەو رقە ئەستوورەی ئێوە دەمارگیری نەتەوایەتیە ؟؟ بە هەمان شێوە پاکستانی و هیندی ، فەلەستینی و ئیسرائیلی ...... هیتد -

لە تەمەنی هەشت ساڵەی دەرپەراندنی دەستەلاتی عەرەبی عێراق لە زووربەی کوردستاندا ، ئەقڵی سیاسی کورد نەیتوانی گەشە بە بیری نەتەوایەتی کورد بدا و ، یان هیچ نەبێ رێخۆشکەری ئەو بیرە بێت .! نەیتوانی سەرلەنوێ بیری مرۆڤی کورد دابرێژێتەوە و مشتومالی بکات ؛ چونکە خودی ئەقڵی سیاسی کورد هەر لە سەرەتاوە تووشی ئیفلیج بوون هاتوون ؛ هەروەها لە هەموو بزوتنەوەکاندا ، بێبەرنامە و ستراتیج بوون و تەنیا بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی و کەسایەتی ، کەڵکیان لە هەڵچوونی سۆزی پاکی کوردایەتی وەرگرتووە . خۆ ئەگەر سەرنجی دەسەلاتی شۆرش لە ناوچە رزگارکراوەکاندا بدەین ؛ دەبینین تەنیا ئەقڵی سیاسی و چەند قوتە شاخێک بووە ، ئیدی نەیاتوانیوە کۆمەلانی خەڵک بە بیری نەتەوایەتی و گیانی سەربەخۆیی و رزگاری گۆشبکەن و بەرنامە و ستراتیجی سەربەخۆیی دابرێژن ... بۆیە کە راپەرین بەرپابوو ، شالاوی رقی خەڵک دەسەلاتی داگیرکەری عەرەبی رامالی ، ئەقڵی سیاسی کورد دەستەوسان ، نەیاندەزانی چی بکەن و چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ رزگاریدا بکەن ؛ بۆیە لە لوتکەی سەرکەوتنەوە خۆیان گەیاندە بەغدا و داوای دانوستانیان کرد ..؟! بەوەش تەلاری سەربەخۆیی - کەخەریک بوو دروست ببێ - لە بناغەوە هەڵیانتەکاند و روخانیان.

ئەقڵی سیاسی کورد ، ئەقڵێکی ترسنۆک و سات و سەوداکەرە و توانای رووبەروو بوونەوەی واقیعی نیە ، بۆیە هەر جارە و هەر رۆژە خۆی دەخاتە باوەشی داگیرکەرێکی کوردستانەوە ؛ ئەوەندەی شێرانە دەتوانێ بە وارووێخی نەیارە کوردەکاندا بچێتە خوارێ و دژی یەکیەتی و یەکگرتنی کورد راوەستێ... ئەوەندە و بگرە زیاتریش لەبەردەم دوژمنەکانیدا لاوازو بودەڵەیە و ئامادەیە هەموو خواستێکیان بسەلمێنێ.

لە کۆتایی ساڵی 1979م لە سێ پارچەی کوردستاندا شۆرش هەلایسابوو ، کەچی نزیکبوونەوە و تەبایی و یەکگرتن دروست نەبوو ؛ دروشمە نا مەوزوعیەکانی ئۆتۆنۆمی رەنجی هەزاران هەزار کەس و خوێن و ماڵوێرانی میللەتێکیشی بەفیرۆدا .

**فەرهاد رەسووڵ**

لەسەرتاسەری جیهاندا ، کورد لەسایەی ئەقڵە سیاسیەکەیەوە تاکە میللەتە کە داوای سەربەخۆیی ناکات و لە بازنەی خوێن و چەقۆدا ئەخولێتەوە و رۆژ لەدوای رۆژ لە خاک و ئەندامەکانی دەخورێ و کەمدەبێتەوە

بەرئەنجام
کوردستان کۆلۆنیەکی عەرەبیە و نزیکەی پتر لە هەفتا ساڵێکە لەژێر چنگی داگیرکەری عێراقیدایە ؛ خاکی بەسوتماک دەکرێ و گەلەکەی لەناودەبرێ ، دوا تەکنیکی نوێ و چەکی مۆدێرن دژی بەکاردێت و لە سادەترین مافی مرۆڤ بێبەشدەکرێ ؛ پتر لە هەفتا ساڵە بەعەرەبدەکرێ و رەزوباخ و گوندی کوردستان دەسوتێ و ویراندەکرێ ، رێ لە گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی دەگیرێ ، کەسایەتی کورد دەسرێتەوە و لاواز و سووک دەکرێ .. ئەوەی داگیرکەری عەرەب و تورک و فارس بە کوردی دەکەن ، هیچ داگیرکەرێ لە جیهاندا بە هیچ کۆلۆنیەکی نەکردووە ؛ خۆ ئەگەر داگیرکەرە ئەورووپاییەکان چەردەیەک شارستانیان لە تەک خۆیاندا بۆ وڵاتە داگیرکراوەکە بردبێت ، ئەوا عەرەبەکان و داگیرکەرانمان بەگشتی جگە لە پاشکەوتن و ویرانی و هەڵلوشینی سامانی نەتەوەیی کورد چیتریان لەگەڵ خۆیان نەهیناوە .
ئەقڵی سیاسی کوردیش ، ئەقڵێکی ترسنۆک و بێدەستەڵاتە و تا ئێستاش توانای جاڕدانی سەربەخۆیی نیە و هەر لە بازنەی دروشمی داگیرکەردا دەخولێتەوە .
ئیدی کاتی ئەوە هاتووە بیری نەتەوایەتی کورد بخرێتە سەر شاڕێی خۆی و رێ بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی خۆشبکرێ ... چونکە جگە لە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی ، هیچ جۆرە چارەسەرێکی دیکە سەوز نابێ و هەوڵێکی بێبەردەبێت .


سەرچاوەکان

Winston Churchill .. by Martin Gilbert - Volume IV - 1917 -1922 -1

Martyrs , Traitors , and Patriots ... Sheri Laizer -2

A Peopple Without A Country - Gerard Chaliand -3

Charter of the United Nation -4

5- حقوق الانسان – حقوق الاقليات . صحيفة وقائع رقم 18 الامم المتحدة
6- آغد و ديموقراطي و حرمان شعب حتى من حق الحلم
له بلاوكراوەكانی یەكیەتی نیشتمانی كوردستان
7- منطقة كركوك و محاولات تغير واقعهاالقومي – الدكتور نورى طالباني
8- الخلفية التأريخية لدستور 1925م
9- وثائق المؤتمر الوطني العراقي – ڤيێنا 16 – 19 حزيران 1992م
10- شيخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان - بەرگی یەكـەم و دووەم ، م .
ر . هاوار

هەواڵنامەی كتێب

## ساڵح حەمە ئەمین

# لە یادی یۆبیلی زێرینی بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ و یادی حەوتەمین ساڵەی دامەزراندنی «ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان» دا

لەم ڕۆژانەدا مرۆڤـایەتی یادی تێپەڕبوونی نیوسەدە بەسـەر دەرچوونی یەکێک لە بەڵگە نامە مێژوییەکانی خۆیدا دەکاتەوە ... پەنجا ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە ئەنجامی سەرجەم ئەو کارەساتە ناهەموارانەی بوونە هۆی لە ناوچوونی چەندین ملێون مرۆڤ، کە هـەر لە سەرەتای مێژووە وە تا ڕۆژی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکە ڕوویانداو هەردوو جەنگی جیهانی نموونەی زیندووی ئەو کارەساتانە بوون کە بە چەندین تەن پەڕەیان لەسـەر ڕەشکرایەوە، ژمـارەیەکی زۆری کەڵە نووسەر و مێژوو نووس و ئەفسەرانی گەورەی بەشدارانی جەنگ ئەو ڕاستیانەیان لە بیرەوەری، چیرۆک، شیعر، ڕۆمان، مێژوو، پیلانی سەربازی جەنگ و گرتن و وێرانکردنی سەدان و بگرە بەهەزاران شار و شارۆچکەی وا کە بە ئارەق و فرمێسک و خوێن و ماندوێتی دەیان وەچە

## ساڵح حەمە ئەمین

هێنرابوونە ئاراوە، ڕوونکردۆتەوە ....
لەیەکەم ڕۆژی سەرهەڵدانی ململانێی نێوان مرۆڤ خۆیەوە، کە زۆربەی هەرە زۆری لە پێناوی دەستەڵاتگرتنە دەستدابووە، بە دەیان ملیۆن کەس بوونەتە قوربانی و بەنا پەسەندترین شێوە لەناوبراون، خۆ ئەگەر کەسانێکیش لە ڕووی ئەو ستەمانەدا دەنگیان بڵند کردبێتەوە ئەوا دەست لە بینیان نراوە و تاسێنراون، ئەوانەشی سەری خۆهەڵگرتنیان بۆ دەربازبوون لەو دۆزەخانەدا هەڵبژاردبێ، کەمینیان بۆ دانراوە و تۆزیان بە ئاسماندا براوە. خۆ ئەگەر ڕێکەوت یارمەتیدەریان بوایەو دەربازببونایە ئەوا کەس و کارەکانیان بە ئاگری تاوانەکانیان دەسوتێنران. زۆری وولاتەکان بوونەتە بەندیخانەیەکی گەورە و دانیشتوانەکانیان تیایاندا بەندو دەستبەسەرکراون، ئەگەر کەسێکیش ویستبێتی بە هەر ڕێگایەک بێ بێزاری خۆی دەرببڕێ ئەوا دار و دیوار و بەردیشیان لێ بەگوێ هێناوە. ئەوانە و گەلێ شتی تریش بوونە هۆی ئەوەی پیادا هەڵشاخان و بەگژدا چوونەوەی ستەمکاران بەرپابێ، لە ئاکامدا سەدان و بگرە هەزاران شۆڕش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەڵبگیرسێ، خوێنی خەڵکێکی بێشوومار یان تیادا برژێ ....
زۆر لە مێژە ژیرانی دونیا هەستیان بەوە کردووە کە دەبێ مرۆڤی تاکە کەس هەندێ مافی سەرەکی خۆی کە هەیەتی پارێزراوبن، بەشێک لەو مافانە، دوای شۆڕشی فەرەنسا وەک بەڵگەنامەیەک دارێژران، دواتریش و دوای دوو جەنگ گەورەکەی جیهان، ئەو مافانەی بوونە بنەمایەک بۆ بەڵگەنامەیەکی کۆکتر کە لە ڕۆژی (١٠/١٢/١٩٤٨) دا بە ناوی (جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ) دوە ناو نراو لە (٣٠) سی بەندا بڵاوکرایەوە و زۆربەی هەرەزۆری دەوڵەتەکانی ئەوسای دونیا بەڵێنیان دا ئەو مافانە لە سنووری ژێر دەستەڵاتی خۆیاندا بپارێزن و ڕێزیشیان لێبگرن، وولاتانی سەرمایەداری زیاتر پێیان لەسەر مافی تاکە کەس دادەگرت مافی ئەوانیان نەدەکردە قوربانی مافی گشتی، هەرچی وولاتانی بلۆکی سۆسیالیستی ئەوساشە مافی کۆمەڵایەتی و گشتییان پێش مافی تاکە کەس دەخست و هەوڵی ئەوەیاندا کە تاک بە قوربانی گشت بکەن و لە ئاست بەرژەوەندی گشتیدا حسابێکی ئەوتۆی بۆ نەکرێ ... لە ساڵی (١٩٦٦) دا بەڵگە نامەیەکی گرنگی دی هاتەکایەوە، کە ئەویش مافی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و ئابووری کۆمەڵ دەپارێزێ، دەیەوێ ڕێ لە پێشێلکردنی ئەو مافانە بگرێ و هیچ شتێکیش نەکرێتە بیانووی پشتگوێ خستنیان، ئەم بەڵگە نامەیە هەوڵی ڕێگرتن



ئەرشیفی نامەی کتێب

## له یادی پەنجا ساڵەی جاڕی جیهانی

له سزادانی کۆمەڵ دەگرێ، چونکه هەندێ دەوڵەت بەناوی کاروباری ناوخۆوه به هۆی جۆربەجۆرەوه دەست به خوێنی کۆمەڵێک له دانیشتوانی وولاتەکەیان سوور دەکەن. جا بۆ ڕێگرتن لەو قڕکردنه، ئەم بەڵگه نامەیەی دوایی لەو حالاتانه دەکۆڵێتەوه، هەر ئەوەش ڕێی بۆ بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجومەنی ئاسایش خۆشکرد که سەبارەت به گەلی عێراق به گشتی و گەلی کورد به تایبەتی دەرچوو، تیایدا داوا له ڕژێمی عێراق کراوه که مافی مرۆڤ له کوردستان و عێراقدا بپارێزێ ... چەندین ڕێکخراو و کۆمەڵه بۆ بەدوادا چوون و چاودێریکردنی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ له سەرتاسەری دونیادا هاتنه کایەوه، بەناوبانگەکانیان ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر به نەتەوه یەکگرتووەکان که بارەگاکەی له (جنێڤ) ه و، فایلی بۆ هەریەک له دەوڵەته پێشێلکەرەکانی مافی مرۆڤ کردۆتەوه، ڕاپۆرتەکانی به ئەنجومەنی گشتی نەتەوه یەکگرتوەکان دەدرێ، شایانی ووتنه که «ماکس ڤاندەر شتێل» کۆنه وەزیری دەرەوەی هۆڵندا بەرپرسی فایلی عێراقه لەم ڕێکخراوەدا. «ئەمنستی ئەنترناشناڵ-ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی» بارەگاکەی له «لندن» ەو ڕاپۆرتەکانی له ئاستی جیهانیدا بایەخێکی زۆری پێدەدرێ و، چاودێری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ له سەرانسەری دونیادا دەکات. «میدل ئیست ووچ- ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ له خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا» بارەگای له ئەمریکایەو، هەروەک لەناوەکەیەوه ئاشکرایه، چاودێری پێشێلکردنەکانی ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دەکات و گرنگی یەکی زۆر به ڕاپۆرتەکانی دەدرێ، ڕاپۆرتێکی بایەخداری سەبارەت به قڕکردنی کورد بەهۆی پەلاماردانه بەدناوەکەی «ئەنفال» ەوه دەرکرد و به بەڵگەنامه سەلماندبووی که ئەو کاره «جینۆساید»ه و پێویسته سەرانی ڕژێمی عێراق له ئەنجامی ئەو کارەیاندا به تاوانباری جەنگ دابنرێن. ڕێکخراوی «فرانس لیبەرتی - فەرەنسای ئازاد» بارەگاکەی له فەرەنسایەو له پاڵ کاری مرۆڤایەتی تردا گرنگی به مافی مرۆڤیش دەدا و چاودێری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەکات ... گەلێک ڕێکخراوی تریش بۆ پارێزگاری مافی مرۆڤ له جیهاندا هەن، زۆر بەی وولاتەکانیش ڕێکخراوی مافی مرۆڤیان به ناوی خۆیانەوه هەیه، که هەندێکیان تا ڕادەیەک ڕاپۆرتەکانیان بایەخی خۆیان هەیەو هەندێکی تریشیان هەر

ناون و کارتۆنین، وەک ئەو ڕێکخراوانەی لە سایەی ڕژێمە دیکتاتۆریە یەکاندا ڕێگەی کارکردنیان دراوە. ئەمانەیان تەنیا جێگە بڕوای دەستەلاتدارانی ڕژێمی وولاتەکەیانن و کەسی دی، بەلای هاو ولاتیانیانەوە جێگەی تەوس و گاڵتە پێکردنن، چونکە دەستەلاتدارانی ئەو جۆرە وولاتانە نەک هەر مافە بنەڕەتی یەکانی مرۆڤ ناپارێزن بەڵکو بەدوای خراپترین و دڕندانەترین شێوازدا دەگەڕێن تا ئەو مافانەیان پێ پێشیلبکەن، بەڕادەیەک کار بگاتە ئەوەی ڕۆماننوسێکی گەورەی عەرەبی وەک «عەبدولڕەحمان مونیف» ڕۆمانێکی وەک «شرق المتوسط - خۆرهەلاتی دەریای ناوڕاست» بنوسێ (کە نووسەری ئەم چەند دێڕە بەهاوکاری لەگەڵ کاک «ئەنوەر عەلی قادر» دا ساڵی «١٩٨٠» کردوویانەتە کوردی و چاپ و بلاویانکردۆتەوە). ئەو ڕۆمانە پێشەکی یەکەی چەند بەندێکی سەرەکی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤەو، ناوەڕۆکەکەشی چۆنێتی پێشێلکردنی هەریەک لەو مافانەیە بەسەمەرەترین شێوە، کە لەلایەن دەزگا داپلۆسێنەرەکانی ئەو ڕژێمانەوە پیادە دەکرێ، هەر لە زەوتکردنی کەمترین ئازادی مرۆڤەوە بیگرە تا دەگاتە دڕندانەترین جۆری ئازاردان و بەندی تەنیایی و کوشتن.

## دامەزراندنی «ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان»

دوابەدوای ڕاپەڕین و کۆڕەوە مەزنەکەی گەلی کورد لە کوردستانی باشووری بەزۆر لکێنراو بە عێراقەوە و دەرچوونی بڕیاری (٦٨٨)ی ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و هاتنە کایەی کەش و هەوایەکی وا کە لە توانادابێ بەشێکی زۆر لە ڕەوکەران بەرەودوا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی بەجێهێلراوی خۆیان، لە کاتێکدا هێزی سەربازی ڕژێم و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیشی گەڕابوونەوە بۆ کوردستان و قایل نەبوونی گەلی کوردیش بەو بارە، چەند سووکە ڕاپەڕینێک بەرووی سوپای داگیرکەردا، لە ئەنجامی هەڵس و کەوتی نالەباریانەوە بەرپابوون، ئەوانیش فرمانی بۆردومانکردنی شارەکانیان پێکراو لە(٧/١٠/ ١٩٩١) داو لە ئەنجامی تۆپبارانکردنی کوێرانەی زۆربەی گەڕەک و ناوچەکانی شاری سلێمانی بە سەدان کەس گیانیان لە دەستداو ژمارەیەکی زۆر لەوان زیاتریش بریندار‌بوون، ئەوە جگە لە زەرەرو زیانی ماڵی، بۆیە بۆ ڕۆژی دوایی کۆمەڵە ڕۆشنبیرێکی ئەو شارە، لە پزیشک و



هەوالنامەی کتێب

## لە یادی پەنجا ساڵەی جاڕی جیهانی

ئەندازیار و پارێزەر و مامۆستا و پیاوانی ئایینی و نووسەر و .... بە یادداشتێکی نارەزاییەوە چوونە سەر بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە سلێمانی و نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەوکارەی سوپای داگیرکەر راگەیاند، هەروەها یادداشتێکی نارەزاییشیان دا بە پارێزگاری ئەو کاتەی سلێمانی تا لە رێیەوە بەسەرکردایەتی رژێمی عێراق بگات ... ئەوە بیرۆکەی رێکخستنی کۆمەڵەیەکی بەناوی (کۆمەڵەی بەرگری لە مافی مەدەنی کورد لە سلێمانی) هێنایە ئاراوە، پاشان زانرا کە کۆمەڵە مرۆڤ پەروەرە و رۆشنبیری تریش لە شارەکانی دی کوردستاندا سەرگەرمی پێکهێنانی رێکخراوێکی لەو بابەتەن، بەتایبەتی لە شاری هەولێر ... بۆ رێکخستنی کۆمەڵەیەکی مافی مرۆڤی سەرتاسەری کوردستان، نوێنەری ئەو کۆمەڵانە دەستەیەکی دامەزرێنەریان پێکهێناو پێڕەوو پرۆگرامیان ئامادەکردو رۆژی (١٠/١٢/٩١)ی یادی چل و سێ یەمین ساڵەی بڵاوکردنەوەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان دیاریکرد بۆ بەستنی یەکەم کۆنگرە، ئەو کۆنگرەیەیان بە ناوی «کۆنگرەی دامەزراندن» وە لە هۆڵی میدیای شاری «هەولێر» دا بەست، تیایدا (١٢٩) ئەندام لە هەر سێ پارێزگاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک لەگەڵ ناوچەکانی سەر بە پارێزگای «کەرکوک» کە لە ژێر دەسەڵاتی کورد خۆیدا بوون، بەناوی (پارێزگای کەرکوک) ەوە ئامادەبوون، دانیشتنی یەکەم کە دانیشتنێکی ئاشکرابوو، بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و نوێنەرانی حیزبە کوردستانی و عێراقی و رێکخراوە دیموکراسی و پیشەییەکان و ئەو رێکخراوە بیانیانەی کە گرنگی بە مافی مرۆڤ دەدەن، لەوانە نوێنەری (فرانس لیبەرتی - فەرەنسای ئازاد) .... دانیشتنەکانی تری کۆنگرە تایبەتبوون بە ئەندامەکانی خۆیەوە و تەرخانبوو بە هەڵسەنگاندن و رادان لە سەر تەواوی برگەو بەندەکانی پێڕەو و پرۆگرام و پەسندکردن و نەکردنیان، بریار لەسەر دروشمی تایبەتی بە رێکخراوەکە دراو ناوی (رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان) یشی بۆ پەسندکرا. دواتریش لە دوا دانیشتندا هەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەر کە لە بەرچەند هۆیەک بۆ ماوەیەکی کەم دواخرا دەستپێکرد، ئەویش بە جۆرێکی وا کە جێگەی رەخنەی بەشێک لە ئەندامانی کۆنگرەکەبوو، چونکە یەکێک لە بەرێوەبەرانی دانیشتنەکە لیستێکی راگەیاندو وتیشی : (ئێمە لەسەر ئەم لیستە رێککەوتووین !!) کە بەداخەوە ئەو (ئێمە) یە نیشانەی دەستێوەردانی حیزبە کوردستانی یەکانی پێوە دیار بوو، بە تایبەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (یەکێتی نیشتمانی کوردستان). دەستەی بەرێوەبەر لەناو خۆیاندا سکرتارییەتێکیان هەڵبژارد

تاسەرپەرشتی کاروباری لیژنەی شارەکانیش بکات، سکرتیریکیشیان بۆ سکرتاریەتەکە دیاریکرد و لیژنە سەرەکی یەکانی (پێوەندی یەکانی دەرەوە، پێوەندی یەکانی ناوەوە، یاسایی، ڕاگەیاندن، دارایی، ئەنفال ... ) دامەزرێنران و بەرپرسی شارەکانیش دیاریکران و بۆ هەر لیژنەی شاریکیش دواتر لە ناو خۆیاندا بەرپرسی لیژنە دیاریکراوەکان بە پێی شارەزایی و ئارەزوومەندایەتی ئەندامانی دانران، لە ناو ئەندامانی شاریشدا ئەو لیژنانە بەکەسانی لێهاتوو شارەزا پڕکرانەوە ... هەر لە سەرەتاوە ململانێی حیزبایەتی لە نێوان ئەندامانی سکرتاریەت و لیژنەی شارەکاندا سەری هەڵداو بووە هۆی کۆسپ و ڕێگرتن لە بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی ڕێکخراوەکە، ئەگەرچی واش کۆمەڵە کارێکی زۆر گرنگ و دیاریان پشکەشکرد و ڕاپۆرتێکی تێرو تەسلیشیان سەبارەت بە پێشێلکردنەکان بلاوکردەوە، هەروەها جێگە دەستیان لە ڕاپۆرتەکەی (میدل ئیست وۆچ - ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) دا سەبارەت بە کارەساتی «ئەنفال» دیاربوو، کە ڕاپۆرتێکی قەوارە گەورە بوو بەناوی (جینوساید) ی کوردەوە بلاوکردەوە و تیایدا ئامارەی بۆ ڕۆڵی (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان) کرابوو ... سێ ژمارەشی لە بلاوکراوەی «دەنگی مرۆڤ» بلاوکردەوە کە دوانی یەکەمیان بە زمانی کوردی و هەندێ ڕاپۆرتی پێوەندییەکانی دەرەوەی بە زمانی ئینگلیزی لە خۆگرتبو، بەلام ژمارەی سێ یەمیان، جگە لە بەیاننامەیەکی لیژنەی سلێمانی کە بە بۆنەی سەری ساڵی «۱۹۹۲» وە بە کوردی نووسرابوو تێکڕای بابەتەکانی تری ئەو ژمارەیە بە زمانی عەرەبی نووسرابوون ... ئەمە جگە لەوەی ئەم جۆرە ڕێکخراوانە لە ناوچەکەدا بەگشتی و لای گەلی کورد بەتایبەتی نوێن وا بەئاسانی جێگای خۆی بۆ ناکرێتەوە، بەلای خەڵکی ئاساییەوە کارەکە وا کەوتبۆوە کە بوونی ڕێکخراوی لەو جۆرە لەهەر شوێنێکدا هەبێ لەو جێگایە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ هەبێ، ئەوەش بۆچوونێکی وایە دەبێتە هۆی نەمانی بڕوا بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ چونکە وەک ئاشکرایە پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ بە بوونی ڕێکخراوەکان دەست لە کارە ناهەموارەکانی خۆیان هەڵناگرن.

لە (۱۵-۱۹۹۳/۷/۱۷) یشدا دووەم کۆنگرەی ڕێکخراوەکە لە هەردوو هۆڵی (ڕۆشنبیری جەماوەری سلێمانی و ژووری بازرگانی) ئەو شارەدا بەستر. دانیشتنی یەکەم گشتی بوو، جگە لە ئەندامانی کۆنگرە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکانی کوردستان و عێراق و ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵە بیانی یانەش ئامادەبوون کە بایەخ بەمافی مرۆڤ دەدەن.

هەروەها پارێزگاری سلێمانی و نوێنەری دەزگا حکومەتی یەکانیش ئامادەی ئەو دانیشتنانە بوون کە لە هۆڵی یەکەمیان بەستر. دانیشتنەکانی تری کۆنگرە تایبەتبوون بە ئەندامانی و لە هۆڵی دووەم واتە هۆڵی ژووری بازرگانی سازکرا. لەم دانیشتنەدا ڕاپۆرتی سکرتێر و لیژنە سەرەکی یەکان و بەرپرسی هەریەک لە لیژنەی شارەکان خوێندرانەوە و لە لایەن ئەندامانەوە وتووێژیان لەسەر کراو هەڵسەنگێنران. بەداخەوە بۆ جارێکی تریش لەوتو وێژەکانەوە ڕادەی ململانێی هەردوو حیزبە سەرەکی یەکەی خاوەن پەرلەمان و حکومەت لە ڕێکخراوەکەدا زۆر بەزەقی دەرکەوت، هەر ئەندامێک هەر پێشنیار و بۆچوونێکی هەبوایە بە چاویلکەی حیزبایەتی سەرنج دەدرا و پێشنیار و بۆچوونەکان هەڵدەسەنگێنران. دوای ئەوەی باس لە ناکۆکی نێوان لیژنەی شارەکان و سکرتاریەت کراو کەم و کوڕییەکانی سکرتاریەت، یان ڕاستتر بڵێین چەند ئەندامێکی ئەو دەستە بالایەی ڕێکخراو و هەندێ ئەندامی لیژنەی هەولێر و دهۆک کراو لیژنەی لێکۆڵینەوە بۆ هەندێکیان دانرا تا لە ڕاستی و ناڕاستی ئەو کێشانە بکۆڵێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو ململانێ یە و هەندێ هۆی تریش، پێشنیارێک لە لایەن ئەندامێکەوە کرا، کە بۆ ڕێگرتن لە تەنینەوەی ئەو بارە. مەڵبەند لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی بگوێزرێتەوە، چونکە نە بە ئاشکراو نە لە ژێریشەوە هیچ جۆرە ململانێ یەکی لەو بابەتە لە ناو ئەندامانی سلێمانی دا نەبوو، جگە لەوەی کە بەرپرسی زۆربەی لیژنەی سەرەکی یەکان ئەندامی لیژنەی سلێمانی بوون. کەچی لەگەڵ ئەوەی کە زۆربە بە ئاشکرا ئەو ڕاستی یەیان دەسەلماند، بەلام دیاربوو پێشنیارەکە بەداوای چەند ئەندامێک کرا بەوەی بە نهێنی دەنگی لەسەر بدرێ، بە جیاوازی چەند دەنگێکی کەم پێشنیارەکە پەسەند نەکرا، لە شەڕی کورد کوژیشدا بەوە شکایەوە کە مەڵبەند دەنگی کپ ببێ و تەنیا دوو لیژنەی سلێمانی و دهۆک چالاکیان بمێنێ ... لەدوا دانیشتنیشدا ئەندامانی هەر شارەو لەناو خۆیاندا لیژنەی شارەکەی خۆیانیان هەڵبژارد، لیژنەکانیش پێکەوە لەناو خۆیاندا سەرۆک و جێگری سەرۆکیان هەڵبژارد، ئەمیش هەر یەکی پەنجا بە پەنجاکەی پەرلەمانی دایەوەو، من بەش بەحاڵی خۆم دوای کۆنگرە لە ڕێی چەند ئەندامێکی حیزبەکانەوە کە لە مافی مرۆڤیشدا ئەندام بوون ئەو ڕاستی یەم زانی، بۆ مێژوو ئەوە دەڵێم : بێجگە لە سەرۆکی ڕێکخراو کە ئەندامێکی هەڵژێردراوی لیژنەی سلێمانی و مرۆڤ پەروەرێکی ڕاستەقینەو ناسراوی ئەو بوارەیە، کەسی دی لەو لیژنەیەدا (لیژنەی سلێمانی) هەڵبژێردراو، ئەندام یان پێوەندی ڕاستەوخۆی هیچ پارتێکی سیاسی نەبوون و وەک

کەسایەتییەکی سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێستی شارەکەبوون جێبڕوای دانیشتوانی سلێمانی بوون بەهەموو جیاوازی یەکی بیروڕایانەوە .... دواتریش لیژنەکان پێکەوە دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکەیان هەڵبژارد کە بەسەرۆک و جێگری سەرۆکەوە لە «١٣» ئەندام پێکهاتبوون. «٣» ئەندام لە هەر لیژنەیەکی (سلێمانی و دهۆک و کەرکوک) و ٤ ئەندامیش لە لیژنەی هەولێر. لێپرسراوی هەریەک لە لیژنە سەرەکی یەکانی ، پێوەندی یەکانی دەرەوە، پێوەندی یەکانی ناوەوە، یاسایی، دارایی، ڕاگەیاندن لەناو خۆیاندا دیاریکراو بۆ هەر لیژنەیەکیش چەند ئەندامێکیان بەپێی لێهاتوێتی و ویستی خۆیان دیاریکرد ... دوای ماوەیەک لیژنەی شارەکانیش لەناو خۆیاندا سکرتێر و جێگری و بەرپرسی هەریەک لە لیژنە دیاریکراوەکان بە پێی شارەزایی و ویستی ئەندامەکە دانران، دواتریش لە ئەندامانی شارەکان لیژنەکانیان بە هەمان شێوەی مەڵبەند دامەزراند ... دەستەی بەڕێوەبەر و هەریەک لە لیژنەکانی شار کەوتنە چالاکی و هەریەک پلانی بۆ ئیشوکارەکانی خۆی دانا ... ڕێکخراو لە ئاستی دەرەوەدا پێوەندی بە ڕێکخراوە جیهانی یەکانی مافی مرۆڤەوە هەیەو تا ڕادەیەک جێگەی خۆی لەلای ڕێکخراوەکانی : (مافی مرۆڤی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوی لێبوردنی نێو دەوڵەتی –ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ–، میدڵ ئیست ۆچ – چاودێری مافی مرۆڤ لە خۆر هەڵاتی ناوەڕاستدا، فرانس لیبەرتی – ڕێکخراوی فەرەنسای ئازاد)، لە ئاستی ڕێکخراوە کوردی یەکانی دەرەوەیشدا پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ لە «لەندەن»، چاودێری مافی مرۆڤی کورد لە ئەمریکا. لە ئاستی ئۆپۆزسێونی عێراقیشدا پێوەندی خۆی لەگەڵ : نووسینگەی مافی مرۆڤی سەربە «ئای، ئێن، سی» کە غانم جواد بەرپرسی یەکەمی بوو، بارەگاکەشی لە کوردستاندابوو، کۆمەڵەی بەرگری لە مافی مرۆڤی عێراق کە بارەگاکەی لە «دیمەشق» و «ئەحمەد موسەوی، بەرپرسی بوو پتەوکرد.

لیژنەی شارەکان هەر یەکەو لە سنووری خۆیدا ، بە ووردی چاودێری پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤیان دەکرد و بەدوای ئەو سکالانەدا دەچوون کە لەلایەن ماف پێشێلکراوانەوە بەرەو ڕوویان دەکرایەوە، بە مەرجێک سکالاکان بە پێشێلکردنی ڕاستەقینەی مافی مرۆڤەوە بەند بوونایە، خۆشیان لە داواکارییە کەسێتی و بەڕێوەبەرایەتی یەکان دەپاراست ... دواتر کە شەڕی نێوان حیزبە کوردستانی یەکان بەرپابوو : (یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبی شیوعی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی. پارتی دیموکراتی کوردستان و

# لە یادی پەنجا ساڵەی جاڕی جیهانی

حیزبی سۆشیالیستی کوردستان، دوا جاریش شەڕە کاولکەرەکەی نێوان هەردوو حیزبی خاوەن پەرلەمان و حکومەتی کوردستان «پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کە ئەم شەڕەی دواییان ڕاستەوخۆ کاری لە ژیان و هەڵس و کەوتی دانیشتوانی ناوچەکە کرد و ناهەمواری یەکەشی باڵی بەسەر گشت لایەکدا کێشاو مافی مرۆڤیش بەجۆرێک پێشێلکرا کە لەم بارە نوێ یەی کوردستاندا شتی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، بۆیە ئەرکی لیژنەکانی (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ) تا دەهات گرانتر و دژوارتر دەبوو، چونکە مەنتیقی شەڕ وێرانکارییە، نەک هەر ماڵ و حاڵ کاولکردنە بەڵکو مرۆڤیش لە گرێژەنە دەبات و لە ڕووی دەروونی یەوە دایاندەتەپێنێ و لە کەسێکی ئاسایی یەوە دەگۆڕێن بۆ یەکێکی نا ئاسایی ..... شەڕی ئەمجارە بووە هۆی ئیفلیجکردنی لیژنەکانی کەرکوک و هەولێر، چونکە زۆری ئەو ئەندامانەی ئەو دوو لیژنەیەیان بەڕێوە دەبرد ئەندامی یەکێک لەو دوو حیزبە بوون کە لەو دوو شوێنە کشانەوە یان ڕاستتر بڵێین وەک حیزبێکی دەستەڵاتدار نەمانەوە، لایەنی دەستەڵاتداریش بڕوای پێنەدەکردن و هەرچی یەکیان بووتبایە نەک هەر لێیان قبوڵ نەدەکردن بەڵکو هەڕەشەی بێدەنگبوون و دەستبەرداربوون ڕێکخراوەکەشیان لێدەکردن. ئەوە ڕۆژە بوو کە زۆربەمان لێیدەترساین و یەکبینە هاواری سەربەخۆبوونی ڕێکخراوەکەمان دەکرد. هەر ئەوەش بووە هۆی پەیدا بوونی چەند ڕێکخراوێکی مافی مرۆڤی تر کە ئەندامەکانی (ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان) ئەوانەیان کەسەر بە حیزبە دەستەڵاتدارەکانی ئەوکاتە بوون دایانمەزراندن بەو هۆیەوە لەو ناوچانەدا بە قەتیسی مانەوە و هیچ پەرەشیان نەسەند. بەڵام لیژنەی سلێمانی لەبەر زۆر هۆ کە لە سەرووی هەموویانەوە سەربەخۆیی ئەندامەکانی بوو چالاکی یان پەرەی سەند و دەرگای کەسی یەکەم و سەرکردایەتی هەموو حیزبەکان و بەڕێوەبەرایەتی کانی حکومەتیان لەسەرتاسەری کوردستاندا لە ڕوودا والا بوو، هەر سکالایەکیان لە هەرکەس و کۆمەڵێکەوە بە دەست بگەیشتایە بەرەو ڕووی لایەنی پێوەندداریان دەکردەوە و تاڕادەیەکی باشیش گوێ لە دەنگیان دەگیراو حسابیش بۆ بەیاننامەو قسەکانیان دەکرا. بۆیە دەکرا لەو بارە ناهەموارە دا لە بری ئەوەی هەندێ لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە لێی داببڕێن و کۆمەڵەو ڕێکخراوی تری مافی مرۆڤ بە هەرناوێکەوە و لەبەر هەر هۆیەک دابمەزرێن، کە هیچیان تاسەر برناکەن، پشتگیری ئەم لیژنە چالاکەی ڕێکخراوەکەی خۆیان بکردایەو کارێکی وایان مەیسەر بهێنایە بیکەنە تیشکۆیەک لەو بوارەی ژیاندا گەلێک چاکتر و

پەسەندتر دەبوو، پاراستنی مافی مۆرڤیش باشتر بەرەو پێشەوە دەچوو، پێشێلکەرانیش زیاتر سڵیان دەکردەوە. لیژنەی سلێمانی ڕێکخراوەکە هەر بەوەوە نە دەوستا کە بە ڕووی پێشێلکەراندا هەڵشاخێ و داوای پاراستنی مافی مرۆڤیان لێبکات، بەڵکو لە ئەنجامی هەموو بارێکی ناهەمواردا کە بە هۆی شەڕەکەوە بهاتایەتە کایەوە، بەیاننامەی دەر دەکرد و هەڵوێستی خۆی نیشاندەدا، بە ڕادەیەک ئەو لیژنەیە بووە مەڵبەندێک بۆ کەسانی خاوەن ڕاو هەڵوێست لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا خڕ دەبوونەوە و بەو پەڕی ئازادی یەوە قسەیان لەسەر هەموو پێشێلەکان دەکرد و پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ ئەو لیژنەیە نیشان دەدا.

جارێک «د. ئەحمەد موسەوی» لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٦) دا زۆر بەگەرمی بە مەبەستی کردنەوەی لقی کوردستان بۆ (کۆمەڵەی عێراقی مافی مرۆڤ) سەردانی کوردستانی کردو بۆ کۆکردنەوەی ڕای گشتی سەری لیژنەی دهۆک و سلێمانی دا، کە باسەکەی کردەوە، ئێمە پێمان ڕاگەیاند کە: (با هەڵسووڕێنەرانی لیژنەی سلێمانی وەڵامت نەداتەوە، ێمە ئەم ئێوارەیە کۆمەڵە ڕۆشنبیر و یاساناسێکت بۆ کۆدەکەینەوە و ئێوەش پێشنیارەکەی بخەنە ڕوو، بزانن ڕای ئەو خەڵکەی وەک چاودێرێک بەسەر ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوەن وەڵامیان چی دەبێ..) ئێوارە نزیکەی (٤٠) کەسێکمان لە بایەخدەرانی مافی مرۆڤ خڕکردەوە و ئەوش پێشنیارەکەی خۆی باسکرد، وەڵامی زۆربەی ئامادبووان ئەوە بوو کە: (ڕێکخراوەی مافی مرۆڤ لە کوردستان جێگەی شیاوی خۆی لەم کۆمەڵگایەی ئەمڕۆدا کردۆتەوە و بوونەتە جێگەی بڕوای ئەو کەسانەی مافیان پێشێلدەکرێ و ئەوانەش کە بایەخ بەم لایەنەی ژیان دەدەن، بۆیە ئێمە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نین کە هیچ کۆمەڵەو ڕێکخراوێک جێی پێلێژ بکات، چونکە دڵنیاین کە کەس بە جۆری ئەم ڕێکخراوە پرکێشی بەگژا چوونەوەی پێشێلکەران ناکات. بۆیە تکامان وایە باوەڕی خەڵکی لەو ڕووەوە لەق نەکەن) لە ڕۆیشتنیشا ژمارەی حوزەیرانی (١٩٩٦) ی (صوت الانسان) داینێ کە لقی سوریای کۆمەڵەکەیان دەریکردبوو، ئێمەش پێمان ڕاگەیاند کە ئەوە ناوی گۆڤاری ئەم ڕێکخراوەیەو ژمارەی یەکەمی لە (١٩٩١/١٢/١٠) دا دەرچووە و، لیژنەی سلێمانیش لەبەر پەککەوتنی مەڵبەند تازە پاشکۆیەکی بڵاوکردۆتەوە. پاشکۆی (دەنگی مرۆڤ) مان نیشانداو، بەڵێنی دا کە ناوی گۆڤارەکەی خۆیان بگۆڕن، کەچی لەسەرەتای مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵدا (١٩٩٨) لقی هۆڵەندەی کۆمەڵەکەیان کۆڕێکی بە بۆنەی یادی پەنجا ساڵەی بڵاوکردنەوەی (جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ)ە وە بەست، تیایدا (د. ئەحمەد

# له یادی پەنجا ساڵەی جاڕی جیهانی

موسەوی) ووتاری سەبارەت بە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ هەبوو، یەک ووشەی سەبارەت بە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان) نەووت، لە کاتی پرسیار و وەڵامدا، نووسەری ئەم چەند دێرە لەو ڕووەوە سەرزەنشتیکرد و ئەویش چەند جارێک داوای لێبوردنی کرد. کەچی لە هەستاندا دانەیەکی نوێی لە گۆڤارەکەی سوریا دامێ کە هەمان ناوی (صوت الانسان) لەسەر بوو !!!

لەسەرەتای شەڕی کورد کوژەوە لە سلێمانی (لیژنەی ئاشتی و برایەتی) دامەزراو بارەگای ڕێکخراوەکە بۆ ئەو لیژنەیە تەرخانکرا، لیژنەکە لە نوێنەری پێنج حیزب و دوو ڕێکخراو و زیاتر لە سەد ئەندامی تری لە کەسایەتی یە ناسراوەکانی ئەو شارە هەبوو، ئەگەر بۆم لوا لە باسێکی تردا سەبارەت بەم لیژنەیە دەنووسم.

لە یادی یۆبیلی زێڕینی جاڕنامەی مافی مرۆڤدا بە هیوایین پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ تەنگیان پێهەڵچنرێ و بەرەو ڕووی دادگای مرۆڤایەتی بکرێنەوە و سزای تاوانە گەورەکانیان وەربگرن، دڵنیام لەوەی کە ئەو جاڕنامەیە بە دووی پێشێلکەرانەوە دەبێ تا ئەو ڕۆژەی بە سزای خۆیان دەگەیەنێ، جا ئەو پێشێلکەرانە لە ژیاندابن یان لە گۆڕدا. ئەوەتا دیکتاتۆر و پێشێلکەرێکی وەک پینوشێ ی کۆنە سەرۆکی وڵاتی چیلی لە ئاکامی پێشێلکردنەکانی کاتی دەستەڵاتدارایێتی دا بەرامبەر بە مافی مرۆڤ کردوونی ئەمڕۆ لەسەر گۆی ئەم زەمینە ڕسوا و ڕسواتر دەکرێ. بە پێچەوانەشەوە لە کۆماری ئەفریقای باشوور، لیژنەی لێکۆڵینەوەی دژ بە هەموو ئەو کەسانە دانراون کە لە کاتی تێکۆشانی (سەلبی) دا بەرامبەر بە مرۆڤ کردویانە، جا با ئەو پێشێلکردنانە بە ناوی تووند و تیژی شۆڕشگێریشدا بن، داوا لە پێشێلکەران دەکرێ داوای لێبوردن لە مافی پێشێلکراوان بکەن ...

لە یادی حەوت ساڵەی دامەزراندنی (ڕێکخراوی مرۆڤ لە کوردستان) یشدا بە هیوام دڵسۆزانی ئەو ڕێکخراوە لە ئەرکەکانیان بەردەوام بن و ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێیان ژێرانە لێی دەربازبن، چونکە هەرچۆنێک بێ لەو کوردستانە کاول و وێرانەیەدا دەبێ ئەو پێشێلکردنانە نەکرێ کە پێشتر پێشێلکەرانی دی بەرامبەر بە مرۆڤی کورد لەو ناوچەیەدا کردوونی. ئەمڕۆ پێویستە لە هەموو کات زیاتر ئەو ڕێکخراوە وەک چاودێرێکی ووریا بەگژ سەرجەم پێشێلکەراندا بچێتەوە، سەرکەوتن بۆ ئەو ڕێکخراوەی مەبەستێتی کوردستانی ژێر دەستەڵاتی کورد خۆی، کەمترین پێشێلکردنی تیادا ڕوو بدات و کۆمەڵگەیەکی ئاسوودەی تیادا بێتە

## ساڵح حەمە ئەمین

کایەوە، چونکە پاراستنی مافی مرۆڤ چاکترین و لەبارترین دەروازە بۆ کێشەی ئاڵۆز و پڕ مەینەت و ناسۆری گەلی کورد دەخاتە سەرپشت، بە مەرجێک پاراستنەکە هەر قسەو ڕووکەش نەبێ بەڵکو لە باوەڕێکی پتەو و ڕاست و ڕەوانەوە هاتبێ، هەموو هەوڵدانێکیش بۆ لەکارخستنی ئەو ڕێکخراوە بەهەر ناوێکەوە بێ سەرەتایەکی خراپە و بڕوا نەبوونیشە بە پارێزگاری مافی مرۆڤ، ئەویش لەبەر ئەوەی هەڵسوڕێنەرانی ئەو ڕێکخراوە لەو ماوەی حەوت ساڵ دا، بە ئارەقی ناوچەوان و پارەی گیرفانی خۆیان، لەگەڵ هەموو کەم و کورتی و بێدەرەتانی یەکیدا جێگەی خۆی لە ئاستی دەرەوە و ناوەوەی کوردستاندا کردۆتەوە و بۆتە شوێن بڕوای دڵسۆزان و بەویژدانانی دانیشتوانەکەی، ڕسواییش بۆ پێشێلکەرانی مافی مرۆڤ لە ژێر هەر پەردەو ناوێکدا بن ....

هەواڵنامەی کتێب

دکتۆر نوری تاڵەبانی

# مەولانا شێخ عەبدولرحمانی (خالیص)
# زاناو شاعیر و شێخی عیرفان

شێخ عەبدولرەحمانی (خالیص) یەکێکە لەو گەورە زاناو شاعیرانەی کورد کە بەداخەوە تاکو ئێستا لە کۆڕی ئەدەب و شیعری کوردیدا مافی خۆیانیان نەدراوەتێ. دەربارەی شێخایەتیشی، لە چەمەنی شاهانەی ئەولیادا بووە و پایەی لە هی کاک ئەحمەدی شێخ و مەولانا خالد بووە، کەچی بەدەگمەن باس دەکرێ. زانای هەمیشە زیندووی کورد تۆفیق وەهبی بەگ، شێخ عەبدولرمحمانی (خالص) ی وەک فەیلەسوفێک تەماشا دەکرد و دەیووت ئەگەر کورد نەبوایە، ناوو شۆرەتی لە هی (تاگور ) هیندی زیاتر دەبوو. (١) هەروەها زانای گەورە مامۆستا مەلا عە بدولکەریمی مودەریس دەربارەی شێخ عەبدولرەحمان نووسیویەتی : «ئەدیب و نووسەرێکی تاقانە بووە لە باخی ئەصفیاداو، مامۆستایەکی زاناو بەتوانا بووە لەناو مامۆستایانداو، مورشدێکی هەڵکەوتوو بووە لەناو کۆڕی مورشیدەکانا» (٢)

شاعیری شۆرشگێڕی کوردیش حاجی قادری کۆیی کە هەموو ئاگاداری هەڵوێستین بەرانبەر شێخ و شێخایەتی و تەکیە و خانەقاکانیان، کە دێتە سەرباسی شێخی (خالیص) وەکو (غەوثی

ثانی) ناوی دێنێ و لەسەخاوەتدا بە (حاتەمی مەزهەب) وەصفی دەکا :

غەوثی ثانی و حاتەمی مەزهەب

عەبدولرەحمانی خالیص مەشرەب (٣)

ئەم ڕێزگرتنەی حاجی قادر لە شێخ عەبدولرەحمان لەبەر ئەوە بووە کە لە نزیکەوە ناسیویەتی و بە تەجروبە بۆی دەرکەوتووە کە ئەم ذاتە لە کردەوەی ئەو شێخانە بە دوور بووە کە لە شیعرەکانیا دایشۆردوون. کە دەڵێم ئەم شاعیرە بلیمەتە چاو نەترسە لە نزیکەوە شێخ عەبدولرەحمانی ناسیوە، چونکە ماوەیەک لە کەرکوک فەقێی ی (موستەعید) بووە لە خزمەتی شێخی خالیص دا، پێکەوە لەگەڵ شێخ رەزای تاڵەبانیدا.(٤) شێخ رەزا کە باسی باوکی دەکا، هەر بە (غەوثی ثانی) ناوی بردووە :

مەشهور لە جیهان بە (غەوثی ثانی)

عەبدولرەحمانی تاڵەبانی

شێخ عەبدولرەحمان کە پاشان بە مەولانا شێخ عەبدولرەحمانی (خالیص) ناوبانگی دەرکردووە، کوڕی گەورە و جێ نیشینی باوکی بووە کە ئەویش زاناو شێخی ئیرشاد بووە : شێخ ئەحمەدی تاڵەبان، کە ئەویش کوڕی مەلا مەحمودی زەنگنەی کوڕی رۆستەم ئاغای کوڕی یوسف ئاغای کاکە سووریی ناوچەی بۆکانە. دایکی کچی عەبدوللا ئاغای زەنگنە کوڕی میر سمایل خانی زەنگنە بووە. لە ساڵی ١٢١٢ ک (٨- ١٧٩٧ ز) لە گوندی (قرخ) ی سەر بەقەزای چەمچەماڵ هاتووەتە دونیاوە. هەر لە خوێندگاکەی تەکیەکەی خۆیان لە گوندی (تاڵەبان) کە بەرانبەر (قرخ) ە، دەستی بە خوێندن کردووە لە لای باوکی کە مەلا و شێخی ئیرشاد بووە. پاشان بەگوێرەی دابی ئەو سەردەمە، چووەتە کەرکوک و سلێمانی و هەندێ ناوچەکانی تری کوردستان بۆ تەواوکردنی خوێندنی. ماوەیەک لە سلێمانی لەگەڵ کاک ئەحمەدی شێخدا پێکەوە لە خزمەتی شێخ مارفی نۆدەیی خوێندوویانە. هەر لەو کاتەوە دۆستایەتیەکی روحی بەهێز پەیدا بووە لە نێوانیاندا هەتا هاتووە بەهێزتر بووە. کاتێ کاک ئەحمەد لە سەفەری حیجازی دەگەڕێتەوە، لە کەرکوک دەبێتە مێوانی شێخ عەبدولرەحمان (٥).

لە پاش کۆچ کردنی باوکی، شێخ عەبدولرەحمان لە گوندی تاڵەبان دەمێنێتەوە، ئەو گوندەی کە باوکی بنیاتی دامەزراندوە و لەوەوە ناسراوە بە شێخ ئەحمەدی تاڵەبان، پاشان (ی) نەسەبی عەرەبی هاتووەتە سەرو بووە بە (تاڵەبانی). ماوەیەک شێخ عەبدولرەحمان خەریکی دەرس

## مەولانا شێخ عەبدولرحمان (خالیص)

وتنەوە دەبێ لە خوێندگای تەکیەکەی خۆیان، لەگەڵ ئیرشادکردنی موسڵمانان لەسەر ڕێبازی (قادری) کە لە باوک و باپیریەوە وەری گرتبوو، ئەوانیش لە پیرێکی هیندی بە ناوی شێخ ئەحمەدی هیندی لاهوری کە نیشتەجێی سورداشی پاڵ کێوی پیرەمەگرون بووە. لەو ماوە دا خەڵکێکی زۆر لەو ناوچە و لە ناوچەکانی تری کوردستان ڕوو دەکەنە تەکیەکەیی و ناو و شۆرەتێکی زۆر پەیدا دەکا. لەوە دەچێ کاربەدەستانی ئەمارەتی بابان لە ناوچەکەدا نارەحەت بووبن لەوەی کە ئەو خەڵکە بەو چەشنە هامشۆیان کردووە، بە تایبەتی بەشێکیان گەورە پیاوانی ئەو سەردەمەبوون، بۆیە دەکەونە ئەزیەتدانی موریدەکانی و پاشان خۆیشی، ئەویش بە ناچاری دەچێتە گوندی (باش تەپە) ی خوارووی کەرکوک، لە ناو خێڵی داوودەیی گەرمیان کە لە ڕێگای ژنخوازتنەوە ببون بە خزم. موریدەکانی لە شاری کەرکوک دەچنە لای و تکای لێ دەکەن کە بچێتە سەر تەکیەکەیان کە هەر دوو مەرقەدی باوک و باپیری لێ بووە. (٦) ئەویش تکاکەیان قبووڵ دەکاو دەچێتە کەرکوک.

تەکیەی تاڵەبانی کەرکوک کە سەرچاوەی هەمو تەکیەکانی تری تاڵەبانیە، لە کەرکوکدا بە تەکیەی گەورە ناسراوە. ئەم تەکیە یە کە گەلێک فراوان و ئاوەدانە، کەوتووەتە سەر گردێکی گەورە لە کەنار شارەوە، لە نزیکی ڕێگای کەرکوک و سلێمانی. گەڕەکی بەردەمی بە (بەرتەکیە) ناسراوە، دانیشتوانی هەموو کوردن. ئەم تەکیەیە لە سەرەتای دروستکردنیا بچوک بووە، پاشان لە سەردەمی شێخ عەبدولرەحماندا فراوان کراوەتەوە، بە فەرمان سوڵتان عەبدولەجیدی عوسمانی و بە شێوەیەکی تازە دروستکراوەتەوە. شاری کەرکوک لەو سەردەمەدا پایتەختی ویلایەتی شارەزوور بووە و (والی) لەوێ دانیشتوە. وەکو باسی دەکەن، یەکێ لەو والیانە بووە بە موریدی شێخ عەبدولرەحمان و بە هۆی ئەوە وە سوڵتان عەبدولەجید فەرمانی داوە کە بە شێوەیەکی تازە دروستبکرێتەوە. (٧)

لە سەردەمی شێخ عەبدولرەحماندا، تەکیەکەی لە کەرکوک بووە بە مەڵبەندێکی ئایینی و کۆمەلایەتی گەورە لە ناوچەکەدا. هەر وەکو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویەتی، «سەردەمی ئەو زێڕینی هەمو بنەماڵەی تاڵەبانی بووە، چونکە ئەوەندە جیلوەی خودایی بووە تەکیەکەی بووە بە بنکە بۆ دائیرەی تەکیە دەروێشان، خوێندگاکەی دەرمانخانەی دڵریشان بووە، هۆدەکانی تەکیە مەڵبەندی پیاوان و ناوداران بوون، هەموو جۆرە خوێندەوار و زمانزانێ تیایاندا دانیشتوون و چانیان داوە». (٨) کە دێتە سەرباسی تاریفی ڕەوشتی شێخ

عەبدولرەحمان، مامۆستای ناوبراو نووسیویەتی : «بەمەعنای کەلیمە مەردی مەیدان و شێری ناومەردان بووە، تاجی سەری ئەولیاکان بووە، لە ناو پیاوە هەڵکەوتوەکانی جیهاندا لە ڕیزی سەروەی ناوی نوسراوە». (٩)

هەر لەسەردەمی شێخ عەبدولرەحماندا بە دەها تەکیەی تری خانەوادەی تاڵەبانی لە هەر دوو بەشی کوردستانی ئەو سەردەمەدا کراونەتەوە، لە هەولێر و خۆشناوەتی و بادینانەوە، تاکو ناوچەکانی زەهاو و جوانڕۆ و هەوارامان و شارەکانی سنە و مەریوان و بۆکان و سابلاغ و ئورفە و شارەکانی تری باکور و باشور. لە وڵاتانی ئیسلامی تردا، لە (سەمەرقەندەوە) تاکو شام و میسر و شاری (مەدینەی مونەوەرە). (١٠)

مەولانا شێخ عەبدولرەحمان لە مەیدانی تەسەوفدا پایە بەرز بووە و شیعرەکانی هەموویان لەم مەیدانەوە لە مەیدانی فەلسەفەدان. لە پارچە شێعرێکی بەزمانی فارسی فەرموویەتی :

عقل می گوید بمن هردم که ترک یا رکن
عشق می گوید که هی هی ترک این گفتار کن
عقل می گوید برو با سجده و سجاده باش
عشق می گوید برو تسبیح را زنار کن
عقل می گوید بپوش اخر لباس عاقلان
عشق می گوید که ترک جبەو دستار کن
من نمی دانم کدامین نکتەرا باورکنم ؟
ای خدایا از دلم تو کشف این اسرار کن
عقل میگوید چنین و عشق می گوید چنان
همچو (خالص) در جهان یک نکتەرا اقرار کن (١١)

واتە :

هەردەم عەقل پێم دەڵێ یار بەجێ بهێڵە
(بەڵام) عەشق دەڵێ ئامان قسەی وا نەکەی
عەقڵ دەڵێ بچۆ لەگەڵ سەجدەو سەجادە بە
عەشق دەڵێ برۆ تەسبێحەکەت بکە بە زوننار
عەقڵ دەڵێ برۆ بەرگی عاقڵان لەبەربکە



کتێبخانەی کوردستان

## مەولانا شێخ عەبدولرحمان (خالیص)

عەشق دەڵێ ئەم جوببە و مێزەرە بەجێ بهێڵە !
من نازانم کام خاڵ لەم خاڵانە باوەڕیان پێ بکەم
خودایە ئەتۆ ئەم ڕەمز و رازەی دڵم بخەرە ڕوو
عەقڵ دەڵێ ئاوا و عەشقیش دەڵێ ئاوا
«تۆیش» وەکوو (خالص) لەم جیهانەدا، دان بە یەک لادا بنێ (١٢)

شێخ عەبدولرەحمان دۆستایەتی هەر لەگەڵ شێخانی ڕێبازی (قادری) دا بەهێز نەبووە، بە تایبەتی لەگەڵ کاک ئەحمەدی شێخدا، بەڵکو هەمان جۆرە پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ شێخانی سەر بە ڕێبازی (نەقشبەندیش) هەبووە، بە تایبەتی لەگەڵ یەکەم خەلیفەی مەولانا خالید کە شێخ عوسمانی سیراجودین بووە. هەر بۆیە شێخ عوسمان شێخ عومەری کوڕی ناردووەتە کەرکوک تاکو لەگەڵ شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدولرەحماندا پێکەوە بخوێنن. (١٣)
شێخ عەبدولرەحمانی خالیص پیاوێکی زۆر سەخی تەبیعەت بووە، هەرچی هەبووە بە گوێرەی توانا سەرفی کردووە. هەر لەوەیشەوە بووە کە حاجی قادری کۆیی بە (حاتەمی مەذهەب) ناوی بردووە. لێی دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی حەیفە پیاو ئەوەندە پارەی هەبێ کە حەجی لەسەر (واجیب) بکا ! هەروەها فەرمویەتی: «نوێژکردن کاری پیرەژنانە، ڕۆژو گرتن کاری بە خیلانە، حەج کردن گەشتی جیهانە، بەڵام دڵی شکستە بەجێ گەیاندن کاری مەردانە» ! ئەم وتە فەلسەفیەی ڕەنبێ بەلای هەندێ نەزانەوە لادان بێ لە ئیسلامەتی، بەڵام مەبەستی ئەم پیرەمەزنە ئەوە بووە کە نوێژ کردن و ڕۆژو گرتن و حەج کردن بۆ ئەوانەی کە دەبێتە واجیب لە سەریان، بە هەمووکەس دەکرێن، بەڵام دڵی کەسێکی لێ قەوماو و شکستە بەجێ گەیاندن بەهەمووکەس ناکرێ، بۆیە بە کارێکی مەردانەی داوەتە قەڵەم.
شێخ عەبدولرەحمان هەر شێخی عیرفان و تەسەوف نەبووە، بەڵکو شاعیرێکی پایە بەرز و بەتوانا بووە بەهەر سێ زمانی کوردی-شێوەی هەورامی-فارسی و تورکی. بیستومە شیعریشی بە زمانی عەرەبیش هەبووە، بەڵام کۆنەکراوەتەوە و فەوتاون. ئەو شیعرانەشی وا لە دیوانەکەیدا بە هەردوو زمانی فارسی و تورکین، هەموو شیعرەکانی نین، هەندێکیان فەوتاون و بەشێکی تریان نەخراونەتە ناو دیوانەکەی. نازناوی شیعری (خالیص) بووە کە لە (خالصا لله) وە هاتووە، هەر بۆیە نەوەکانی بوون بە (خالیصی)، بە تایبەتی شێخانی ئیرشادیان، هەروەها

## دکتۆر نوری تاڵەبانی

شێخ محمدی (خالیصی) کوڕی شێخ رەزایش ئەم نازناوەی بۆ خۆی هەڵبژاردوە.

شێخ عبدولرەحمان لەگەڵ شاعیرانی بەناوبانگی سەردەمی خۆی، بەتایبەتی (مەولەوی)، شیعریان بە سەریەکدا وتووە. مەولەوی چەند جارێک سەردانی شێخ عبدولرەحمانی کردوە لە کەرکوک. جارێکیان پێش بەرەبەیان دەگاتە تەکیە لە کاتێکدا کە خەڵکی هەموو نوستوون، بەڵام دەبینێ شێخ عبدولرەحمان خەریکی شەو نوێژو عیبادەتکردنە. مەولەوی ئەم بەیتە شیعرەی بێسارانی بۆ دەخوێنێتەوە:

شەوەن خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن

عالەم گرد وتەن دۆس خەوەردارن

لە وەڵامدا شێخی خالیص یەکسەر ئەم بەیتەی بۆ دێ:

ئیرادەم ئێنەن وی کەڵپۆسەوە

شەو ناڵین وەشەن وەلای دۆسەوە

لە قەسیدەیەکی تردا مەولەوی بە هۆی چاککردنەوەی نەک دروستکردنی وەکو هەندێک نووسیویانە تەکیەی تاڵەبانی فەرمویەتی:

عقل گفتا چون تفکر کردو ایست

دانی این بانی و مبنی چیست و کیست ؟

در تنزل کرد جلوه بی چنین

حق در ان و عرش اعظم ان درین

هرکه داند سر این راز نهفت

خوش (علی العرش استوی الرحمن) گفت

مبتدا و منتها هر چیی است

«مظهر حق باد» تاریخ وی است

واتە عەقڵ دوای ئەوەی بیری کردەوە و بە خۆیدا چووەوە، گوتی:

ئایا دەزانی ئەم «بانی» و «مبنی» بە چییە و کێیە ؟

## مەولانا شێخ عەبدولرحمان (خالیص)

لە «تنزل» دا خۆی نواند ... (بێ چنین؟)
حەق لەویانداو عەرشی ئەعزەمیش ئەو لە میاندا
هەرکەسێ رازی ئەم رەمزە داپۆشراوەی زانی
بە باشی گوتی: «علی العرش استوی الرحمن»
سەرەتا و کۆتایی هەموو شەوێک (؟) هەمو شتێک ؟
تەئریخی ئەو، «مظهر حق باد»ە (١٣) = ١٢٦١ ک = ١٨٤٥ ز

دیوانی شیعرەکانی مەولانا شێخ عەبدولرحمان تا ئێستا چوار چاپ کراوە. چاپی یەکەمیان لە ئەستەمووڵ و چاپەکانی تر لە ئێران. زۆربەی شیعرەکانی شێخی خالیص بە فارسی و تورکین دەربارەی تەسەوف و عیشقی خودایی. بەشێک لە شیعرەکانی لێکدانەوەن یا تەخمیسی هەندێ ئەشعاری مەولانا جەلالودینی رۆمین لە (مثنوی) یەکەیدا لەگەڵ ئەشعاری شاعیرانی تری وەکو (مغربی) و (حافظ) و (نورعلی) و چەند شاعیرێکی تری بەناوبانگی فارسی زمان لە مەیدانی عیرفان و تەسەوفدا. (١٤) هەروەها تەخمیسی پارچە شیعرێکی مەولانا خالیدی تێدایە کە بەم شێوە دەست پێ دەکا :

بشمع طلعتت کردم منور خانه خودرا
گشادم درگه عیش و فرح پروانه خودرا
بغواص خیالت یافتم در دانه خودرا
بمعمار غمت نو ساختم ویرانه خودرا
بیادت کعبه کردم عاقبت بتخانه خودرا

واتە
من بەهۆی روخساری تۆوە ماڵی خۆمم رۆشن کرد
دەرگانەی خۆشی و شادیم بۆ پەپوولەی خۆم کردەوە

یاخود :
لە کاتی خۆشی و شادیدا، پەروانەی خۆم رەها کرد
بە هۆی غەواصی خەیاڵی تۆوە، دانەی دووری خۆم دۆزییەوە
بە دەست میعماری خەمی تۆ، کەلاوەی خۆم ئاوەدان کردەوە

## دکتۆر نوری تاڵەبانی

به یادی تۆوه سەر ئەنجام بۆ بتخانەی خۆم کرده ماڵی کەعبه

بەشی زۆر له شیعره تورکیەکانی هەر دەربارەی خۆشەویستی و عیشقی خوداین. له دوسێ قەسیدەدا تەخمیسی چەند بەیته شیعرێکی شاعیری بەناوبانگی تورکی سۆفی مەزهەب (فضولی) کردوه.

لەناو ژوری مەرقەدەکەیدا، به دەست خەتێکی گەورەی جوان، ئەم چەند بەیته شیعرەی خۆی نوسراوەتەوه :

گربیائی به تماشا گەویرانەما
بینی از نیست معمر شده کاشانەما
همه عالم کلمات اند بوو معنی (هو)
درس ینست دراین مکتب شاهانەما
گر بسر منزل عشاق در ائی بینی
رفعت منزلت این دل دیوانەما
مردەها زندەکند زمزمه حلقەما
نفخ صوراست دراین منزل ویرانه ما
ساقی و مطرب و خمار همه یک بینی
گر شوی محرم خلوتگه میخانه نەما
(خالص) از نور تجلای جمالش میرخست
هو بهو میزندش این دل دیوانه نەما

واته :

گەر بێتو بیێته سەیری کاولخانەی ئێمه
دەبینی که هێلانەکەمان له هیچەوه ئاوەدان بووەتەوه
هەمو جیهان و شەیەو واتایان «هو» ه
لەم قوتابخانه شاهانەی ئێمەدا، وانەی دەرس خوێندن ئەوەیه
گەر بێتو بێیه شوێنی عاشقان،

# مەولانا شێخ عەبدولرحمان (خالیص)

چاوت بە بەرزی و ڕێزی ئەم دڵە شێتەی ئێمە دەکەوێت
ورتەی نێو ئاڵقەی (دەروێشی) ئێمە، مردوو زیندوو دەکاتەوە
ئەم ماڵە وێرانەی ئێمە، (نەفخی صور) ی لێیە
ساقی و موتریب و سەرخۆش هەموو بەیەک وەک یەک دەبینی
ئەگەر بێتو ببی بە مەحرەمی خەڵوەتی مەیخانەکەمان
«خالص» لە شەوقی تەجەللای ئەو (سەری خۆی هەڵدەگرت) و دەڕۆیی
(بەڵام) ئەم دڵە دێوانەیەی ئێمە هەر بانگی دەکاتەوە

شێخ عەبدولرەحمان لە ساڵی ١٢٧٥ ک (٩-١٨٥٨ ز) لە کەرکوک ماڵ ئاوایی لە تەکیەو خانەوادەو موریدەکانی کردووە، لە ژوورێکی نزیک بە مەرقەدی باوک و باپیری بە خاک سپێردراوە. گەلێ لە شاعیر و ئەدیبەکانی ئەو سەردەمە لاواندویانەتەوە، یەکێ لەوانە دۆست و هاوچەرخی خۆی (مەولەوی) بووە. لە قەسیدەیەکدا بە زمانی فارسی، مەولەوی بە هۆی کۆچ کردنی شێخی عیرفان و ئەدەب و شیعرەوە وتوویەتی :

ضیائی کو برحمانی دراین کون
میان سایها ممتاز گردید
به فیضش هریک از اجزای عالم
«علی استعداده» همزار گردید
مثالیش چون ز رحمت مشتق امد پی مصدر روان پرواز گردید
بتاریخش قلم زان سان رقم زد
«برحمت جان پاکش بازگردید»

هەروەها بە کوردیش ئەم چەند بەیتەی وتووە، هەر بە هۆی کۆچ کردنی شێخ عەبدولرەحمانەوە:
دونیا نەگێجاو تاریکە شەوبێ
جەلاو و ڕۆشنیش جەلا چۆن خەوبێ

یا دەڵێ :

### دکتۆر نوری تاڵەبانی

دڵ پەی تەئریخ وات وەدەم دەردەوە
ئەی وای دەی دونیاش تاریک کەردەوە ١٢٧٧ ک

شێخ رەزای شاعیریش لەو قەسیدەی وا تیایا باسی باوک و باپیرانی کردووە، بەم شێوەیە باسی باوکی دەکا :

بەرەحمەت چوون ئەوان با بێینەوە سەر باسی «ئەورەحمان»
فیدات بم ئەی نەتیجەی دوو دمانی ئەحمەد و مەحمود
نەتیجەم مەقصەدە تاڵی و موقەدەم شەرتی تەحسیلە
ئەوانەی بۆیە ئیجادکرد خودا تائەم ببێ مەوجود

مەولانا شێخ عەبدولرحمان چوار کوڕی هەبووە : شێخ عەلی کە بە حاجی شێخ عەلی گەورە ناسراوە، ئەویش زاناو شاعیر و شێخی ئیرشاد بووە و لەپاش کۆچ کردنی باوکی لە جێگاکەی ئەودا تەواوکەری ئەرک و کارەکانی بووە، لەگەڵ شێخ عەبدولقادر کە ئەمیش شاعیر بووە و نازناوی شیعری (فایز) بووە، لەگەڵ شێخ رەزای شاعیری ناسراو شێخ عەبدولواحد.

لەندەن
١٩٩٨/١٠/١٨

## سەرچاوەکان:

(١) لە ماوەی ساڵی خویندنی ١٩٧٤–١٩٧٥ دا لە لەندەن بووم بە ئەرکێکی زانستی (تفرغ علمی) ماوەم هەبوو زۆر جاران دیدەنی زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی بەگم دەکرد. جارێکیان کەوتە باسکردنی شێخ عەبدولرەحمان و گووتی : شیعرەکانی هەندێکیان ئەوەندە قووڵن ئەگەر هی ئەو نەبوونایا دەم ووت لادانە لە ئیسلامەتی! چەند ساڵێکی تر شێخ عەلی کاکم کە ئەویش چووە بەر رەحمەتی خوا، داوای لە مامۆستا مەلا عەبدولکەریم کرد کە شیعرە فارسیەکانی بکا بە کوردی لەگەڵ لێکدانەوەیاندا. وەڵامی ئەم زانا گەورە ئەوە بوو « دەترسم هەندێ خەڵکی نەزان هەن کە لەو شیعرانەی تێ ناگەن، ئەویش و منیش بە بێ دین بدەنە قەڵەم»!، تەماشای نووسینەکەم بکە لە ژێر دێری «گەشتێکی تر بە جیهانی شێخ رەزای تاڵەبانیدا»، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە ٢/ باسکار/ زستانی ١٩٩٩

# مەولانا شێخ عەبدولرحمان (خالیص)

ژمارە (٧٠)، ساڵی ١٩٨٨، هەولێرل ٢٤ .

(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بنەماڵەی زانیاران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا ١٩٨٤، ل ٥٧٦ .

(٣) دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی سەردار حەمید میران و کەریم شارەزا، چاپخانەی (دار افاق عربیە) بەغدا ١٩٨٦، ل ٢٢٢.

(٤) محەمەدی مەلا کەریم، هەندێ بابەتی ئەدەبی لە بارەی حاجی قادری کۆیی و شێخ رەزای تاڵەبانیەوە، گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٩٢) ساڵی ١٩٩١، ل ٢٥.

(٥) نووسینەکەم دەربارەی شێخ رەزا، هەمان سەرچاوە، ل ٢١.

(٦)ئەو تەکیەیەی کەرکوک لە سەردەمی مەلا محەمودی باپیری کراوەتەوە لە لایەن موریدەکانی لەو شارەدا. جارێکیان مەلا محمود دەچێتە سەردانی موریدەکانی لە کەرکوک لەوێ نەخۆش دەکەوێ، وەسیەت دەکا ئەگەر چووە بەر رەحمەتی خوا ئەوا هەر لەوێدا بە خاکی بسپێرن. پاش چەند رۆژێک کۆچی دوایی دەکا و موریدەکانی لە کەنارێکی ناو تەکیەدا بە خاکی دەسپێرن. شێخ ئەحمەدی تاڵەبانی کوریشی هەر لەلای مەرقەدی باوکیا بە خاک سپێردراوە، هەر لەسەر وەسیەتی خۆی.

(٧)ئێستاش لە رەسمیاتدا ناوی تەکیە بە (مەجیدیە) ناو دەبرێ، کە لە ناوی سولتان عەبدولەجیدەوە وەرگیراوە

(٨)مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، سەرچاوەی ناوبراو.

(٩) هەمان سەرچاوە.

(١٠)یەکێ لە خەلیفەکانی شێخ عەبدولرەحمان لە هەورامان شێخ حەمە ئازیزی نیجارە کە بە پیری هەورامان ناسراوە. لە شاری (طنطا)ی میسریش خەلیفەیەکی هەبوە بە ناوی (العلامە الشیخ عبدالقادر محی الدین الاربلی) کە کتێبێکی نووسیوەتەوە لە ژێر ناوی (حجە الذاکرین ورد الناکرین). نووسەری ئەم کتێبە لە پێشەکیەکەیدا نوسیویەتی نامەمان بۆ (سیدی ابو علی ضیاالدین عبدالرحمن الکرکوکی الطالبانی) ناردووە کە تەکیەیەکمان کردووەتەوە لەو شارەدا لە سەر ئەرکی (حاجی محمد امین الثاقب) کە ئەویش موریدی بووە. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٢٤ دا لە (طنطا) چاپکراوە، نزیکەی هەشتا ساڵ پاش نووسینی.

(١١)دیوانی (جذبە عشق)، دیوانی حضرت مولانا عبدالرحمان خالصی القادری الطالبانی، از انتشارات حاج محمود محمدی سنندجی، مشهد، چاپخانە سعید، چاپ چهارم ١٣٧٣، ل ٢٢. ئەم دیوانە تاکو ئێستا چوار جار چاپ کراوە. چاپی یەکەم لە ئەستەمبول لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، لە سەردەمی حاجی شێخ عەلی گەورەدا، چاپی دوەهەم لە تاران لە سەرەتای پەنجاکاندا، لە سەردەمی حاجی شێخ جەمیلی باوکم و بە سەرپەرشتی کردنی موریدێکی بە ناوی حاجی محمود محمدی سنەیی. چاپی سێهەم و چوارەهەم، هەر چاپی دوو هەمە کە لەلایەن ئەوەی حاجی محمودە وە چاپکراونەتەوە.

(١٢)لە وەرگێرانی ئەم شیعرە فارسیانەدا بۆ کوردی، ئەدیبی ناسراو کاک ئەنوەری سوڵتانی یارمەتیەکی زۆری داوم، زۆر سوپاسی دەکەم بۆ ئەم هاوکاریەی.

(١٢)نووسینمان دەربارەی شێخ رەزا، گۆڤاری (کاروان) کە پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە.

(١٣)مظهر حق باد : نوێنگەی جیلوەی خودا بێت

(١٤)دیوانی شیعرەکانی : جذبه عشق، چاپی چوارەم، ل ٥ تاکو ٣٩.

(١٥)لە ژیانی شێخ عەبدولرەحماندا، جارێکیان هەر چوار کورەکانی دەنێرێتە بەغدا بۆ زیارەتی مەرقەدی غەوثی گەیلانی، شێخ رەزا لەو سەردەمەدا هەرزەکار بووە. وا مەشهورە وەکو پاشتر شێخ رەزا خۆی گێڕرابێتیەوە، لە کاتی تەوافدا دوعای کردوە کە خودا توانای شیعر ووتنی پێ بدا، پاش ماوەیەک زمانی بەیەکدا دێ و شێخ عەلی کاکی گەورەی زۆر نارەحەت دەبێ، بەڵام پاشتر زمانی دەکرێتەوە. کە دەگەڕێنەوە کەرکوک، شێخ عەلی ئەم رووداوە دەگێڕێتەوە بۆ باوکی، ئەویش بە بزەی یەکی سەرلێوەوە ئەفەرموێ «خۆزگە زمانی نەکرابایەوە» ! تەماشای نووسینەکەم بکە دەربارەی شێخ رەزا، هەمان سەرچاوە.

هەواڵنامەی کتێب

# Angles of Mercy
# Won't Stop a Tyrant

By : Michael Ignatieff*

## فریشتەی ڕەحمەت ناکارن ڕێگە لە زۆردار بگرن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە
سەعد محمد

کەواتە ئەمەیە سیستەمی جیهانی نوێ. کوردەکان لەسەر چیاکان دەمرن، هاوپەیمانانی ناتۆ تەقەیەن بەسەردا دەکەن و ڕێگەی هاتنە خوارەوەیان لێ دەگرن، سەرۆکیش یاری گۆڵف دەکات. ئەو هەفتەیە هەفتەی ئابڕو چوون بوو.

من لە فەرەنسا بووم کە کارەساتەکە ڕوویدا. بەلام کەس نەبوو لە ڕۆژنامەنوسانی فەرەنسا شان بدا لە شانی مستر بیرنارد لیڤن ی** بەشی فرمێسک. ڕۆژی پێنج شەمە لیڤن داوای لە خوێنەران کرد شیوەن بکەن بۆ کوردەکان. بگرین بۆیان، بەلام بیرتان نەچێ دونیا پڕە لە ئەشکەنجە و ئازار، ئێمە ناتوانین گشت جارێک پێوە بگلێین. دەشێ کورد برای ئێمە بن بەلام ئێمە بێ توانایین پارێزگاریان بکەین.

## نوسینی Michael Ignatieff

بۆچوونەکەی خاتو تاچەر لە دەروونی خەڵکەوە نزیکتر بوو لەوەکەی مستر لیڤن. ئەو زانی تشتێک دەبێ بکرێ، بۆیە ئێمە ئەوەمان کرد کە گشت جارێک دەیکەین : دەستمان کرد بە باراندنی خێرو صەدەقە لە ئاسمانەوە. خێوەت و خواردن لە فڕۆکەوە بەردانەوە. نایلۆنمان بۆ ناردن، بەڕای من ئەمە لە هیچ باشترە.

بەڵام هەموو کەس دەزانێ دەمانتوانی لەمە زیاتر بکەین. ئەورۆ فەرانساویەکان بۆ کاری خێرخوایی لە ڕیزی پێشەوەن، بەڵام ئەوان لە کوێندەربوون، بریتانیەکان لە کوێندەر بوون کاتی دەمەتەقێ لەسەر پرۆژەی ئەمریکا بۆ شەڕ ڕاگرتن؟ ئێمە دەمانکاری داوا لە عێراق بکەین جۆرە ئۆتۆنۆمی – فیدرالی، لە ژێر چاودێری نەتەوە یەککگرتوەکاندا، بە کوردی عێراق و بە شیعەکانی خواروی عێراق بدەن.

ئێستاش درەنگ نیە بۆ دەستێوەردان، بۆ هێنانە خوارەوەی ئەو خەڵکە زەندەق چووەی سەر چیاکان و بردنەوەیان بۆ ماڵی خۆیان بە یارمەتی (UN). درەنگ نیە بە سەددام ڕاگەینین ئەگەر پەنجەیان بۆ بەرێ ئەوا بۆمبا بارانی سەنگەرەکانی دەکەین، تابە ئالایەکی سپی یەوە دێتە دەرەوە. «ئاشتی و ئاسایش» لە ناوچەکە لەمە کەمتر هەڵناکرێ. ئەگەر ئێمە تەنها بە یارمەتی ئینسانی ڕازی بین و سوپاکانمان بکێشینەوە، ئەوا مەگەر هەر خودا بۆ خۆی کورد و شیعە بپارێزێ.

ئەگەر ئێمە چ نەکەین مانای وایە ڕێگە دەدەین میللەتێک بین بە پەناهەندە. ئایا لە ڕاستیدا ئێمە وا بیر دەکەینەوە کە کوردەکان، دوای وەرگرتنی خێوەت (ڕەشماڵ) و خواردن و نایلۆن، هەتا هەتایە لە ئۆردوگا دەمێننەوە و خانوە قوڕەکانی خۆیان بە خێوەتی مووشەمما دەگۆڕنەوە؟ ئێستا دوو میللەت هەن، فەلەستینی و کورد، کە لە عەرەب و لە ڕۆژئاوا بە شکایەتن. ئەگەر ئێمە شتێک لە فەلەستینەوە فێربووبێتین، ئەوەیە کە ئۆردوگای پەناهەندان لە تۆڵە بەولاوە چی دی لێ سەوز نابێت. ناتوانین بەوە خۆمان بخەڵەتێنین کە ئەو کێشەیە لە خۆیەوە کۆتایی دێ.

ئەمانە گشت ڕوون و ئاشکران، کەمتر ئاشکرا و ڕوون ئەوەیە کە چۆن چۆنی سینیزم و ریەل پۆلەتیک و ئەوەی خاتوو تاچەر نێوی برد بە زێدە دوودڵی لە «ووردەکاری یاسایی» دەربارەی سیاسەتی دەست تێوەرنەدان وایان لێ کردین بڕوا بهێنین کە ئێمە بۆ کوردان چمان پێ ناکرێ.

دەمەتەقێی فەرەنساوی لەمەڕ ئەم کێشانە گرنگە. هەر لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە میری فەرەنساوی

# فریشتەی ڕەحمەت ناکارن ڕێ لە زۆردار بگرن

هەوڵ دەدا پشتگیری جیهان بۆ فیکرەی «مافی دەستتێوەردان لە پێناوی مرۆڤایەتی» وەدەست بێنێ بۆ بەکارهێنانی لە هەندێ حاڵەتدا وەک عێراق، کە زۆردارێکی ناوخۆیی قڕ دەخاتە کەمە نەتەوەکانەوە. ئێمە لێرەدا باس لە ناردنی خواردن و نایلۆن ناکەین، بەڵکو مەبەستمان لەوەیە (UN) مافی ئەوەی ببێ ئابلۆقەی ئابوری، وەئەگەر پێویستی کرد تەدەخولی سوپایی بخاتە سەر ئەو وولاتانەی جێنوساید دەکەن و بە کۆمەڵ خەڵک دەکوژن یا ئەشکەنجەیان دەدەن.

ئێستا (UN) دەکارێ ئابلۆقەی ئابوری بسەلێنێ و لەو بوارانەدا دەست تێوەربدا کە سنووری نێو دەوڵەتان پێشێل بکرێ، وەک لە کوێت ڕووی دا. بزانە ۷۵۰.۰۰۰ کوێتی کە خۆشبەختانە خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن پاراستنی (UN) وەردەگرن، بەڵام چونکە ملیۆنەها کورد دەوڵەتیان نیە بەرەو شاخەکان ڕاودەنرێن بۆ مردن.

تەنانەت تاوانی جێنوسایدیش ئەو کاتە ڕێگە دەدا بە دەست تێوەردان چونکە بە کۆمەڵ کوشتن ئاشتی نێو دەوڵەتی دەخاتە مەترسیەوە. خاڵی دووهەمی چارتەری (UN) تایبەت ڕێگە لە (UN) دەگرێ تەدەخوول لە کاروباری وولاتان بکا. بە باوەڕی سەدام حسین جێنوساید کارێکی ناوخۆییە و دونیاش بڕوای پێ دەکا.

جاک جولیارد، وتار نووسی گاڵتەباز، حەوتەی ڕابردوو لە نۆڤێل ئۆبزێرڤاتۆر نوسیبوی: مل کەچ کردنی ترسنۆکانەی (UN) لەمەڕ مەسەلەی سیادەی وەتەنی وای لێ دەکا گشت توانای دیفاع کردن لە مافی مرۆڤانەی کەمە نەتەوەکانی نێو وولاتانی ئەندامی لە دەست دەرچێ. بە هەندێک موبالەغەوە کە دەتوانین چاوی لێبپۆشین، جولیارد دەنووسێ کە سەروەرێتی نیشتمانی و مافی مرۆڤ بوون نابێ دوو مەسەلەی دژ بەیەک بن. یاسای نێودەوڵەتی بە یاسای نێو خێزان پێش شۆڕشی فێمێنزم دەشوبهێنرێ، یاسای نێوخێزان دەسەڵاتی بێ سنوور دەدا بە سەرۆکی خێزانەکە منداڵەکانی بچەوسێنێتەوە.

بەپێی سیستەمی (UN) ئەم ڕێزگرتنە لە دەسەڵاتی زۆرداران دەبێتە تووڕدانی بەشەکەی دیکەی یاسای نێودەوڵەتی کە بریتیە لە مافی چارەنووس بۆ میللەتان. ئەم بارە سەپاوە بە هۆی پیلانێکی چەپەڵ لە نێوان وولاتە کۆنە کۆلۆنیەکان و وولاتانی زل هێز هاتۆتە کایەوە. وەک بریگیتا شتێرن پرۆفیسۆری یاسای نێودەوڵەتی لە پاریس لە ڕۆژنامەی لیبراسیون دەستنیشانی کرد، وولاتە کۆنە داگیرکراوەکانی ئەفریقیا و ئاسیا، کە کاتی خۆی بە هۆی بڕیاردانی مافی چارەنووسەرە سەربەخۆیی خۆیان وەدەستهێناوە، ئێستا ئەو دەوڵەتانەی

## نوسینی Michael Ignatieff

خۆیان مافی چارەنووس لە کەمە نەتەوەکان زەوتدەکەن. کۆنە پادشا نشینەکان (ئیمپراتۆریەکان) وەک ڕوسیا و چین، کە کەمە نەتەوەیی زۆریان پڕهەن، پشتگیری لەم هەڵوێستە چەپەڵە دەکەن، بۆ ئەم مەبەستە هاوکاری وولاتانی کۆنە کۆلۆنی دەکەن. ئەوان ئاسایی و هێمنی و بۆ زۆردارانی نوێ دروست دەکەن لەسەر حیسابی پێشێل کردنی مافی چارەنووس بۆ کەمە نەتەوەکان لە میللەتانی باڵتیکەوە بگرە تا کوردان.

تەنانەت ئەوڕۆش دەڵێن هۆی یارمەتی نەدانی کوردان ئەوەیە ئەگەر یارمەتی دران کوردانی یەکێتی سۆفیەتیش هەمان داوایان دەبێ، میللەتانی باڵتیکیش داوای سەربەخۆیی دەکەن، هەروەها میللەتی تامیل، تیبت، کاشمیر، کێبیک، کەتەلان، سکۆتلاند ... نێوی هەر وولاتێک دەبەی، میللەتێک دەبێ داوای مافی چارەنووسی خۆی بکا. نەخشەی جیهانی چی بەسەردێ؟ چی بەسەر ئەو هێڵانەی سەر نەخشەکەدا دێن؟ چی لەسەنگەری دەسەڵاتداران دێ ؟

بۆ ئەم پرسیارە دوو وەڵام هەن ؟ مافی بڕیاردانی چارەنووس مەرج نیە دەسەڵاتی سیاسی بەدەمەوەبێت. ئۆتۆنۆمی، فیدراسیۆنی، دروستکردنی دەوڵەت نیە،، بەڵام بەهۆیەوە کەمە نەتەوەکان دەکارن خۆیان بپارێزن. دوپاتی دەکەمەوە، ئەگەر کوردان ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆیان هەبایە، تووشی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە نەدەهاتن.

وەڵامی دووهەم پەیوەندی بە مافی دەستتێوەردانی مرۆڤایەتی یەوە هەیە. چ دەبوو ئەگەر کەمە نەتەوەکان بیانزانیایە وولاتانی دیکە ئامادەن، لەژێر سایەی (UN) دا، تەدەخوول بکەن و لەچەوساندنەوە و بە کۆمەڵ کوشتن بیانپارێزن ؟ چ دەبوو ئەگەر (UN) لیستەی پاراستنی کەمە نەتەوەکانی بکردبایەتەوە و ڕێزگرتن لە مافی چارەنووسی ئەوانی بکردایە بە مەرجێک بۆ بوونە ئەندام لە (UN) ؟ چ دەبوو ئەگەر (UN) مافی دەستتێوەردانی بدایە ئەگەر هاتو کەمە نەتەوەکان، وەک کورد، بەرەنگاری مەترسی لەناوچوون بهاتنایە ؟ لەمەی خوارەوە چی دی زێدە پێویست نیە :

**چەسپاندنی بڕگەیەک بۆ مافی کەمە نەتەوەکان. دونیا لەوە بچکۆلەترە، لەوە ترسناکترە کە کەمە نەتەوەکان لەژێر چەپۆکی زۆرداراندا بمێننەوە.**

The Observer 7/ 4/ 1991 *.

** بێرنارد لێڤن کۆڵمۆنیستە لە ڕۆژنامەی تایمزی بریتانی (وەرگێر)

بەرگورد

## ناساندنی کتێب

١) الدکتور عونی عبدالرحمن السبعاوی
اسرائیل و مشاریع المیاه الترکیه
مستقبل الجوار المائی العربی
مرکز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتیجیه
العدد ١٥ المطبعه المادی ١٩٩٧

٢) علی جحالو
ثرثره فوق الفرات
النزاع علی المیاه فی الشرق الاوسط
ریاض الریس للکتب و النشر ١٩٩٦

ئاو لەمێژە لای میللەتان و دەوڵەتان نرخ و گرنگی خۆی هەیە و وەک سەرچاوەیەکی هەرە گەورە و دەگمەن حیسابی بۆ کراوە، بەڵام وابێ دەچێ، وەک هەموو تشتێکی دیکە، عەرەب تازە بەم ڕاستیە دەزانێ. بۆیە وا بە پەلەو توند و تیژی و لەپڕ ئاوڕیان لە ئاو داوەتەوە، وەک خاڵێکی گرنگ خستوویانەتە ناو ئاجاندای سیاسەت و تێکنۆلۆجیا و بڵاوکراوەوە. ئەم دوو بڵاوکراوەیەی سەرەوەش دەکرێ بخرێتە ناو ئەم قەوارەیەوە لەو ڕوانگەیەوە هەڵسەنگێنرێن.

## بەرگورد

کتێبی السبعاوی، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ڕێک و پێکە، تا ڕادەیەک لەسەر بناغەی ڕاستی و ژمارە Figures & Facts داڕێژراوە، هەرچەندە بۆنی سیاسەت و لایەنگیری (حیاد) لێ دێ.
بە پێچەوانەی لێکۆڵینەوەکەی السبعاوی، کتێبی جحالو نازانستی و بۆگەنە، زیاتر لە بڵاوکراوەیەکی حیزبی دەچێ وەک لە کتێب. خوێنەر پێش ئەوەی بگا بە ناوەڕۆکەکەی هەر بە ناوەکەی و پێشەکیەکەی نائومێد و بگرە پەستیش دەبێ. مم
«تورکیا لەسەر هەمان بناغەو بەچاوی ئوسمانیەکان دەڕواننە عەرەب، کە گوایە عەرەب لەگەڵ دوژمندا پەیمانی بەست بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی. عوسمانلیەکان «هیلال الخصیب» یان بە برسێتی و بە هەڵۆسین بە فەتارەت دا، ئەوا نەوەکانیشیان بە تینوێتی «العطش المر» سیاسەتی دژ بە عەرەبی تەواو دەکەن».
ناوەڕۆکی کتێبەکەی جحالو وەکو ناونیشان و پێشەکیەکەی پووچ و بێ بایەخە. زیاتر تەرکیز دەکاتە سەر شەڕی نێوان تورکیا و سوریا لەسەر ئاوی فورات. لاپەڕەکانی پڕ کردۆتەوە بە بڵاوکردنەوەی دەقی یادداشت و دۆکیومێنتی ڕەسمی، هەروەها تەسریحات و نامەی کاربەدەستانی عەرەب کە دژ بە تورکیا بڵاوبۆتەوە تاونبارکردنی ئەو وولاتە بە ئاو دز. بە کورتی ئەم کتێب زیاتر لە نامیلکەیەکی حیزبی دەچی نەک هەر لە ڕووی ناوڕۆکەوە بەڵکو لە ڕووی زمانیشەوە بەدەو پڕە لە هەڵەشە و هەڕەشە و تاوانی بێ بناغە.
بە پێچەوانەی جحالو وە، السبعاوی توانیوێتی بە جوانی گرنگی ئاو لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پۆختەی ناکۆکی عێراق و سوریا لەگەڵ تورکیا و دەوری ئیسرائیل بخاتە بەردەم خوێنەر.
بە پێی السبعاوی، ئیسرائیل هەر لەسەردەمی دامەزراندنیوە، وەک دەوڵەت حیسابی بۆ ئاو کردووە و ئاوی وەک خاڵێکی گرنگ خستۆتە نێو ئاجاندای سیاسەتی دەوڵەتەوە.
زقی ئۆزتنبرگ - سەرۆکی دەزگای ئاوی طەبەریە - دەڵێ: «ئەگەر کەمی ئاو لە ئیسرائیل زیادی کرد و نەتوانرا کێشەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، دەبێ بە هۆی جەنگەوە ڕێگا چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە .... وەک خوێن وایە، ژیان بێ ئاو ناچێتە سەر.
ئیسرائیل هەمیشە ویستویەتی ڕێکەوتنی لەگەڵ عەرەب لە بری خاکی فەلەستین ئاویش بگێرێتەوە، بەم هۆیەوە شیمعون پێریز دەڵێ: «ئەگەر لەسەر خاک ڕێککەوتین و لەسەر ئاو نەمان برانەوە، ئەوا بۆتان دەردەکەوێ کە بەراستی ڕێکنەکەوتووین»



هەوالنامەی گێڕی

## ناساندنی کتێب

له موتمر اللجنه الاقتصادیه و الاجتماعیه لغرب اسیا (اسکدا) که له ساڵی ١٩٨٩ له دمشق بەسترا زانایانی ئاو ووتیان له ناوچەکەدا له کۆتایی سەدەی بیستەم، کەمی ئاو ساڵانه دەگاته ١٠٠ ملیم مکعب واته سەد ملیار موکەعەب.

ئاشکرایه ئاو کەمه له ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەشی گشت لایەک ناکات. بەڵام چەند هۆیەک هەن که کەمی ئاوی کردووه به قەیران، بەتایبەتی له نێوان عەرەب لەلایەک و تورکیا و ئیسرائیل له لایەکی دی. ئاشکرایه ئەم دوو وڵاتەی دوایی، دەخوازن ئاو بکەن بەچەک و بەرانبەر چەکی نەوتی عەرەب بەکاری بێنن. لەم هۆیانەش: زۆربوونی ژمارەی خەڵک له ناوچەکەدا، زۆربوونی پرۆژەی ئاودێری و پرۆژەی پیشەسازی، خراپ بەکارهێنانی ئاو، نەبوونی هاوکاری له نێوان دەوڵەتانی ناوچەکەدا، نەبوونی پەیمانەکانی نێو دەوڵەتی بۆ ڕێکخستن و بەکارهێنان و دابەش کردنی ئاو له نێو دەوڵەتەکانی ناوچەکەدا.

تۆرگۆت ئۆزاڵ دەڵێ: «لەم ناوچەیەدا ئاو تەنها بۆ ماوەی (١٥ – ٢٠) ساڵێک بەش دەکا، دوای ئەم ماوەیه شەڕ دەست پێدەکا لەبەر کەمی ئاو». بەڵام سلێمان دیمرێل نەرمتر بۆ دەچێ که دەڵێ: «ئاوی خاکی تورکیا مڵکی تورکیایه، نەوتیش مڵکی ئەو وڵاتانەیه نەوتیان هەیه. ئێمه داوای نەوتیان لێ ناکەین، ئەوانیش نابێ داوای ئاومان لێ بکەن».

ئەم قسەیەی دیمرێل دەمانگەیێنێته پرۆژەی ئاوی گاپی GAPتورکی، که بەتەواو بوونی، ئاوی دیجله و فورات له سوریا و عێراق فره کەم دەکاتەوه، ئەم پرۆژەی GAP ە دەکەوێته ناوچەی کوردستانی تورکیاوه و گشت خاکی ئورفه و ماردین و بەشێکی شاری غازی ئینتاب دادەپۆشێ. واته ئەو خاکەی پرۆژەی سەددەکان دایدەپۆشن دەگاته له سەدا ٩,٥ سەرتاپای مەساحەی تورکیا خۆی. پرۆژەکان ١٣ پرۆژەی مەزنی وەرزێری و ئاودێری و کارەبای تێدایه، لەگەڵ ٢٢ سەددە (١٨ یان لەسەر فورات، ٤ یان لەسەر دیجله). پرۆژەی GAP بڕیاره له ساڵی ٢٠٠١ تەواوبێ، ٢٠ ملیار دۆلاری تێدەچێ. وا چاوەڕوان دەکرێ GAP ١.٨ ملیۆن هێکتار زەوی ئاوبدا، کەئەمەش دەکاته ٢٠ له سەدای ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی گشت تورکیا، سەددەکانیش ٢٧.٧٣٨ ملیار کیلۆ وات/ سەعاتێک، کارەبا له ساڵێکدا بەرهەم دێنێ، ئەمەش زیاتره له بەرهەمی ئێستای تورکیا. هەروەها چاوەڕوان دەکرێ پرۆژەکان ١.٦ ملیۆن کار دروست بکەن!

بەڵام ئەوەی گرنگ بێ بەلای عەرەبەوه، واته سوریا و عێراق، که GAP نزیکەی 40% ئاوی

سوریا و 80% ئاوی عێراق کەم دەکاتەوە. لەمەش زیاتر نەک هەر ئاو کەم دەبێتەوە، بەڵکو ئەو ئاوەی لە فورات دەمێنێتەوە تێکەڵاو و برێتی دەبێ لە ئاوی پیس کە تورکیا لەوەپێش بۆ پیشەسازی بەکاری هێناوە. واتە ئاوەکە نەک کەم دەبێتەوە بەڵکو پیسیش دەبێ و زیان بەزەوی و زاریش لە سوریا و عێراق دەگەیێنێ.

هەروەک پرۆژەی GAP، السبعاوی گومانیش لە پرۆژەی «انابیب السلام» ی تورکی دەکاو بە ئامرازێک یان تەڵەیەکی دژ بە عەرەب دایدەنێ. «انابیب السلام» پرۆژەیەکی تورکی یە بۆ ناردنی ئاو لە تورکیاوە بۆ وولاتە عەرەبیەکان بەتایبەتی وولاتانی کەنداو. تورکیا و ئیسرائیل زۆر بانگی بۆ دەدەن بەڵام هەندێک دەڵێن ئەم پرۆژەیە قەت لە دایک نابێ لەبەر چەند هۆیەک، یەکێک لەوانە (کولفەکەیەتی) نرخەکەیەتی کە دەگاتە ٢١ ملیار دۆلار.

دیارە ئاو و هاوکاری کردنی لە پەیداکردنی و بەکارهێنانی تورکیا و ئیسرائیل زۆر لەیەک نزدیک کردۆتەوە، ئەمەش بەرای هەردوو نووسەر، السبعاوی و جحالو، خەتەرێکی گەورەیە بۆ سەر عەرەب. هەردووک نووسەر لەو بروایەدان کە تورکیا و ئیسرائیل دەیانەوێ بەرە لە ژێر پێی عەرەب دەربکێشن و سیستەمی ئابووری و سیاسی بگۆڕن بە سیستەمێکی «خۆر هەڵاتی ناوەڕاست» کە ئەوان ڕۆڵی سەرەکی تێدا ببینن و ڕۆڵی عەرەب کەمبێتەوە و ببن بە پاشکۆ. جحالو لێرەدا پەنجە ڕادەکێشێ بۆ پرۆژەکەی شیمون پێریز بە ناوی «بازاڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – سوق» کە چولەکە دەیەوێ دایمەزرێنێ لەسەر تێکنولۆژی ئیسرائیل و ئاوی تورکیا و پارەی خەلیج و کرێکاری میسری.

هەر وەک تورکیا، هەردووک نووسەر ئیسرائیل تاوانبار دەکەن بە دزینی ئاو ۆلە عەرەب، وەک ئاوی ڕووباری ئوردون و ئاوی جۆلان و ئاوی و ئاوی ژێر خاکی سیناء. لەوەش زیاتر ئیسرائیل دەڵێ ڕێکەوتن لە ڕوانگەی عەرەب مومکین نی یە بێت بە ڕێکەوتن لەسەرئاو، چونکە لە ڕوانگەی ئیسرائیلەوە مەسەلەکە لەسەر ئاوە نەک لەسەر خاک.

لێرەدا مەسەلەی کوردیش لەڕێگەی PKK وە تێکەڵ بە مەسەلەی ئاو دەبێ لە نێوان تورکیا و سوریا دا. تورکەکان ئاویان بەکار هێناوە وەک چەکێک دژ بە سوریا و هەڕەشەی ئەوەیان لێ کردووە ئەگەر بەردەوام بن لە یارمەتی دانی PKK ئەوا تورکیا بێ ئاو- یان دەکا، واتە ئاوی ڕووباری «فورات» یان لێ دەبەستێ یان کەم دەکەنەوە.

جحالو لە کتێبەکەیدا دەقی ڕێکەوتنی ئەمنی لە نێوان سوریا و تورکیا دا بڵاوکردۆتەوە. خاڵی

## ناساندنی کتێب

دووەم لە ڕێکەوتنەکە دەڵێ :

«هەر دووک لا ڕێگە نادەن بە چالاکی نا شەرعیەیانە کە ئاسایشی وولاتەکەی دیکە بشێوێنێ ...»

خالی هەشت دەڵێ : «تورکیا نارەزایی خۆی دەربارەی چالاکیە ئیرهابیەکانی PKK دەردەبڕێ. سوریایش PKK بە ڕێکخراوێکی نا شەرعی دادەنێ لە خاکی سوریا دا.

لەم دوو کتێبەدا دژوارییەک بەدی دەکرێ ئەویش دەربارەی جەرجی گواستنەوەی ئاوە بە هۆی «انابیب السلام» ەوە لە تورکیاوە بۆ وولاتانی کەنداو.

جحالو دەڵێ : بە پێی دیراساتی کۆمپەنی Brown & Root ی کەنەدییەوە خەرجی گواستنەوەی ئاو کەمترە لە خەرجی شیرین کردنی ئاوی دەریا. بەلام السبعاوی دەنووسێ بە پێچەوانەوە خەرجی گواستنەوە زێدە تر دەبێ لە خەرجی بەشیرین کردنی ئاوی دەریا. جا نازانین کامیان ڕاست دەکا.

# دەقی ڕێکەوتنامەی هەردوو حیزبی
# پارتی دیموکراتی کوردستان
# و
# یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دەقی ڕێکەوتنامەی هەردوو حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان KDP و یەکێتی نیشتمانی کوردستان PUK کە لە واشنتون لە لایەن سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بە شایەتی جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی خواروو مۆرکراوە.

## دەقی ڕێکەوتتنامەکە

دووپاتکردنەوەی جەختکردنە سەر دەستکەوتەکانی پێشوو

لە بری پارتی دیموکراتی کوردستان KDP و یەکێتی نیشتمانی کوردستان PUK

سوپاسی خۆمان پێشکەش بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خاتوو مارلین ئۆلبرایت و حکومەتی ئەمریکا دەکەین کە لەم ڕۆژانەی ڕابردوودا، لێرە لە واشنتۆن زنجیرە بەیەکگەیشتنێکی باش و بە پیتیان بۆ ئاسنکردین. ڕێز بۆ ئەو هەوڵ و تەقەلایانەشیان دادەنێین کە یارمەتی بەستنی ئەم کۆبوونەوەیان داین و پشتگیری خولقاندنی چێوە کارێکیانکردین بۆ هاریکاریکردن ی لە دوا ڕۆژدا. ئەم کۆبوونەوەیە هەنگاوێکی گەورەی بۆ پێشەوە چوونە لە پێناو بەدیهێنانی پێکهاتنەوەیەکی تەواو و هەمیشەیی وادا کە هیوایەکی نوێ بە کورد و تورکمان و کلدانی و ئاشووری یەکانی ناوچەی کوردستانی عێراقی باکوری عێراق بدات ....هەروەها هەردوو

## دەقی ڕێکەوتنامە

حیزبەکە پێشوازی لە هەوڵی بەردەوامی هەردوو حکومەتی تورکیا و بریتانیا دەکەن لە کاری ئاشتی و پێکهاتنەوەی نێوان کوردەکانی عێراقدا. دانیش دەنێین بە گرنگی ڕاوێژە جیا بە جیاکانی هەر لە یەکماندا کە لە ئەنقەرە و لەندەن بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆبوونەوەیە کراون. لە واشنتون ڕێگەی پەرەپێدانی بەڕێوەبەرایەتی ئەو سێ ناوچەیەی باکوری عێراقیان لێ پێکدێ قسەیان لە سەرکراو هەروەها چارەسەری ناکۆکی یە ڕامیاری یە کۆنەکانیش لە چێوەی پەیمانی ئەنقەرەی تەشرینی یەکەم (ئوکتۆبەر) ی ١٩٩٦ دا کران. گەیشتینە چەند خاڵێکی ڕێکەوتن سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو پەیمانە.

ئێمە جەخت لەسەر یەکێتی خاکی عێراق و ئەوەش دەکەین کە هەرسێ ناوچەکەی باکور: دهۆک، هەولێر و سلێمانی بەشێکن لە وولاتی عێراق ... هەردوو حیزب (PUK, KDP) بێ هیچ دوو دڵییەک بە سنووری نێو دەوڵەتی عێراق قایلن، بەڵێنی ئەوەش دەدەن ڕێ لە پێشێلکردنی ئەو سنوورە بگرن کە لە لایەن تیرۆریستان یان هەر کەسێکی ترەوە بکرێ .....
هەردوو حیزب هەوڵ و کۆشش بۆ عێراقێکی یەکگرتووی فرە لایەنی و دیموکراسی دەدەن کە تیایدا مافە ڕامیاری و مرۆڤایەتی یەکانی گەلی کورد لە عێراقدا مسۆگەر بکرێ، بۆ هەموو عێراقی یەکانیش لەسەر بنەمایەکی ڕامیاری کە هەموو گەلی عێراق دایبمەزرێنن ... ئێمە لەوە دەگەین کە کارگێڕیتی ئەمەریکا ڕێزی بۆ ئەم خواستەی سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلی عێراق هەیە.
هەردوو حیزب کاری شەڕی ناوخۆ تاوانبار دەکەن، بەڵێنیش دەدەن ڕێ لە پەنابردنە بەر توند و تیژی بگرن لە کاتی ناکۆکی ڕامیاریاندا، یان هەوڵی خۆهەڵقورتاندنی هێزە دەرەکی یەکان نەدەن دژ بە یەکتری ... هەوڵی دادگایی کردنی ئەو کەسانەش دەدەین کە تێکدەری ئاشتین، ئەوانە بۆچوون و هاندەری ڕامیارایانەیان هەرچی یەک بێ.
ئێمە بۆ یارمەتی بەدیهێنانی کەش و هەوایەکی ئاشتیانە لە پێناو پێکهاتنەوەدا، کارەکان لە ڕێزگرتنی شەڕ وەستانن و ئاسانکردنی هاتووچۆی هاووڵاتیانەدا چڕ دەکەینەوە ڕێ لەوەش دەگرین کە هیچ جۆرە ووتەیەکی خراپ بەڕۆژنامە بەدرێ.

### قۆناغی گواستنەوە

ڕێکەوتن لەسەر بەهێزکردنی لێژنەی تەنسیقی باڵا (HCC) بۆ یەکلاکردنەوە و بەدیهێنانی پێویستی یە مرۆڤایەتی یەکانی گەلی کوردستانی عێراق. هەروەها بۆ پارێزگاری مافە

مرۆڤایەتی و ڕامیاری یەکانی. بڕیارەکانی لیژنەی تەنسیقی باڵا بە قایلبوونی کۆی سەرجەم ئەندامەکانی دەبێ ... لیژنەکە کاری ئامادەکردنی پێکهاتنەوەی تەواوی نێوان هەردوو حیزبەکە دەکات بە ئاساییکردنەوەی بار و دۆخی دهۆک و هەولێر و سلێمانیشەوە ... پێکهاتنەوەی کارگێرییەیەکی یەکگرتوو .. ئەنجومەنێکی کاتی بەپێی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢، دەستبەسەراگرتنی هەموو داهاتە ئابووری یەکان تەنیا بە کارگێڕێتی ناوچەکان بسپێردرێ و هەڵبژاردنە نوێ یەکەش ڕێکبخات .... هەروەها لیژنەکە هاو ئاهەنگی و هاوکاری نێوان وەزارەتە ناوخۆیی و گشتیەکان بەهێز بکات ئەوانەی کە خزمەت پێشکەش بە گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا دەکەن. .. هەر دوو حیزب دڵنیا دەبن لەوەی ئەو وەزارەتانە چی پێویستبێ لە پشتگیری و خزمەت پێشکەشکردنی جەماوەر بخرێتە بەردەستیان ... پارتی دیموکراتی کوردستانیش (KDP) دەرک بەوە دەکات. جیاوازی قەوارەی دەستکەوتەکانە وایە کە بەبەردەوامی شتومەک لە ناوچەکانی ژێردەستەڵاتی خۆییەوە بۆ ناوچەکانی ئێستای ژێر دەستەڵاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (PUK) بڕوات، ئەویش بۆ مسۆگەرکردنی یارمەتی یە مرۆڤایەتی یەکانی دانیشتوانەکەی.

لیژنەکە دەست دەکات بە یارمەتیدان بۆ گێڕانەوە و نیشتە جێبوونی هەرکەسێک لە ئەنجامی ململانێی ئەم دواییەی دوو حیزبەکە لە هەرسێ ناوچەکەی باکوری عێراق ناچار بووبێ ماڵەکەی جێبهێڵێ و هەروەها خانووەکانیان بۆ چاکبکرێتەوە یان قەرەبووی بە جێی زیانەکانیانە بکرێتەوە ... هەروەها لیژنەکە دەبێ دڵنیابێ لەوەی هەر دوو حیزبەکە بۆ ڕێگرتن لە بەزاندنی سنووری تورکیا و ئێران هاوکاری یەکتری دەکەن، ئەویش بەوەی کە لەهاتوو چۆکەرانی سنوورەکە ئاگاداربێ و ڕێ لە تیرۆریستەکان بگرن کە لەو سنوورانەوە بپەڕنەوە ...

دوو حیزبەکە لەگەڵ لیژنەکەدا کار بۆ ئەوە دەکەن تا ڕێی حەوانەوەی ئەندامانی پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) لە هیچ شوێنێکی ناوچەی کوردستانی عێراقدا نەدرێ، پێکەوە کار بۆ ئەوە دەکەن کە لە نەبوونی هەر بنکەیەکی ئەو پارتە (PKK) لە باکوری عێراقدا دڵنیابن، هەروەها تا ڕێی پشێوی و تێکدانی ئاشتی لە ناوچەکەدا یان دزەکردنی لە سنووری تورکیاوە لێبگرن.

هەروەها لیژنەکە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشی کاتی لە سێ مانگی داهاتوو دا دەدا کە دەبێ لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی کوردستانەوە بڕیاری لەسەر بدرێ

## دەقی ڕێکەوتنامە

کارگێڕێتییەکی یەکگرتوو

ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی دوای پێکهێنانی لە سێ مانگدا لە بارەگای خۆی لە هەولێر کۆ دەبێتەوە، کە دانیشتنەکانی دواتری لە هەمان بارەگای خۆیدا یان لە سلێمانی یان لە دهۆک دەبێ ... ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە هەر ئەوانە دەبن کە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ دا بۆ ئەندامێتی پەرلەمان هەڵبژێردراون.

یەکەم کۆبونەوەی ئەنجوومەنە کاتییەکە لە ماوەی سێ مانگدا دەبێ، دوای پێکهێنانی بڕیارەکانی لیژنەی باڵای تەنسیق (HCC) و بڕیارەکانی حکومەتە کاتییەکەی پەسند دەکات ... لەوانەیە ئەنجوومەنەکە بڕیاری زیادکردنی فرمانی نوێ بۆ کارەکانی لیژنەکە بدات، وەک یەکخستنی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا.

لیژنەکە بۆی هەیە بەهاوکاری لەگەڵ ئەنجوومەنەکەدا هێزی ئاسایشی هاوبەش لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان (KDP) و یەکێتی نیشتمانی کوردستان (PUK) و ئاشوری و تورکمانەکان دابمەزرێنێ، ئەویش بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشی پێویست بۆ کاری هەڵبژاردنەکەی لە باکوری عێراق دەکرێ و ئاسایی کردنەوەی بار و دۆخی شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی. دوای ئەو هەڵبژاردنەی کە دواتر باسی دەکرێ، ئەوا لە کوردستانی عێراقدا ئەنجوومەنە کاتی یەکە بە ئەنجوومەنێکی نوێنەرایەتی نوێ دەگۆڕێ .... ئەویش حکومەتێکی نوێ بەرێژەی ئەو دەنگانەی کە هەریەک لە حیزبەکان لە ئەنجومەنەکەدا بەدەستیان هێناوە پێکدەهێنێ، بە پێکهێنانی حکومەتە نوێیەکە، ئیتر لیژنەی باڵای تەنسیق هەڵدەوەشێتەوە، ماوەی هەریەک لە ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی و حکومەتە نوێ یەکە بۆ سێ ساڵ دەبێ.

دابەشکردنی داهاتەکان

لەبەر جیاوازی بڕی داهاتەکان ئەوا ئەوەی پێویستە بۆ خزمەتە گشتیەکان لە ناوچەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ناوچەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بەردەوامی دەنێردرێت تا حکومەتێکی هاوبەشی کاتی پێکدەهێنرێ. کاتێکیش حکومەتە هاوبەشە کاتییەکە دادەمەزرێ ئەوا ئەو لە خەرجکردنەوە و دابەشکردنی داهاتەکان بەرپرسیار دەبێ.

دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنە نوێنەرایەتییە نوێ یەکەش، ئەوا تەنیا یەک وەزارەتی تایبەتمەند بە

داهات و باج دەبێت بۆ ئەوەی ئەرکی کۆکردنەوەی ئەو داهاتانەی کە باج و گومرکیش دەگرێتەوە لە ئەستۆ بگرێ ... داهاتەکەش بە دەست حکومەتە نوێ یە نوێنەرایەتی یە هەڵبژێردراوەکەوە دەبێ.

بارو دۆخی هەولێر و دهۆک و سلێمانی

ئەنجومەنە کاتی یەکەو لێژنەی باڵا کێشەی ئاساییکردنەوەی باری هەولێر و دهۆک و سلێمانی و شارەکانی تر چارەسەر دەکەن. لێژنەی باڵا بۆی هەیە پەنا بۆ کەوتنە بەینەوەی نێو دەوڵەتی سەبارەت بەم مەسەلەیە بەرێ، ئەویش ئەگەر زانی ئەوە کارێکی لەبارە ... پێویستە باری ئەو شارانە بە ڕادەیەکی وا ئاساییبکرێتەوە کە بتوانرێ هەڵبژاردنێکی ئازاد و خاوێنی تیادا بکرێ.

هەڵبژاردن

ئەنجومەنی کاتی و لێژنەی باڵا لە بەدیهێنانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و خاوێندا بۆ نوێنەرایەتی یەکی نوێ بەرپرسیارن، ئەویش لە ماوەیەکدا کە شەش مانگ زیاتر بەسەر پێکهاتنەوەی ئەنجومەنە کاتی یەکەدا تێنەپەڕێ ... پێکهێنانی ئەنجومەنە نوێنەرایەتی یە نوێ یەکە پشت بە وردترین زانیاری سەرژمێری بەردەست دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی هەرسێ ناوچەکەی باکوری عێراق دەبەستێ، هەروەها دابەشبوونی کۆمەڵە ئاینی و کەمە نەتەوەییەکانی تر تیایدا .. کورسی بۆ تورکمان و ئاشووری و کلدانی یەکان لە ئەنجومەنەکەدا دادەنرێ. ئەگەر بلوێ ئەنجومەنی کاتی و لیژنەی باڵا سەرژمێرێکی دانیشتوان دەکەن بەمەبەستی دانانی ئاماری هەڵبژاردن، خۆ ئەگەر یارمەتی نێو دەوڵەتی نەبوو ئەوا هەر دووکیان خۆیان سەر ژمێرەکە دەکەن یان بەهاوکاری شارەزایان لە دەرەوە پشت بەو زانیاریانەی لەبەردەستدایە ببەستن تا بگەنە باشترین خەملاندن بۆ سەرژمێری دانیشتوان.

بارو دۆخی کوردستانی عێراق

بڕیاری (٦٨٨) ی ئەنجوومەنی ئاسایش تێبینی ئەو سەرکوتکردنە توند و تیژەی گەلی عێراقی کردبوو، بەتایبەتی لە باکور. قەوارەی سەرکوتکردنەکەش لە ساڵی (١٩٩١) دوە کە بڕیارەکەی

## دەقی ڕێکەوتنامە

تیادا دەرچووە کەم نەبۆتەوە. شایانی تێبینی یە کە نێردراوی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکی ساڵی ڕابردوودیدا یەکلایی بوونی چەند دەلیلێکی بەهێز دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە بەندیخانەکانی عێراقدا لە سێدارە درابن، هەروەها دەرکردنی کورد و تورکمان لە کەرکوک و شاری تریشدا بەردەوامە ... سیاسەتی دژی کورد و تورکمان لە عێراقدا گەیشتۆتە ڕادەیەک پاکیان بکەنەوە و نەیانهێڵن و ماڵ و خاکیان لێ زەوتبکەن و بیدەن بەوانەی ڕەچەڵەکیان عەرەبە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڕەشە بەردەوامەدا ئێمە خۆمان بەقەرزاری کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی دەزانین و سوپاسی یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانیان و هەر وەها ڕۆڵیان لە ڕێگرتنی دووبارە بوونەوەی بەسەرهاتە جەرگبڕەکانی ساڵی ١٩٩١ و مەترسییەکانی پەلاماری «ئەنفال» ی ساڵەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ دەکەین.

گەیشتن بە ڕێکەوتنی «نەوت بەرامبەر بە خۆراک» یارمەتی چاککردنی باری ژیانی لە کوردستانی عێراقدا داوە، ئێمە بە هیواین ڕێکەوتنەکە بەردەوام بێ لەگەڵ ئەو بەشەیدا کە بۆ گەلی کورد دیاریکراوە، تکاشمان وایە لە دواڕۆژدا نووسینگەی تایبەت بۆ پێوەندی بە ناوچە کوردی یەکانەوە دابمەزرێنرێ بۆ زیادکردنی سوود وەرگرتن لە یارمەتی یەکان و سەرپەرشتیکردنی دابەشکردنەکەی.

دیسان بەهیواین کە لە کاتی «ڕاگرتنی نەوت بەرامبەر خۆراک» دا بەهۆی هەر ڕەفتارێکی یەک لایەنەی بەغداوە، ئەوا نەتەوە یەکگرتوەکان بەردەوامبێ لە پێشکەشکردنی یارمەتییە مرۆڤایەتی یە پێویستەکانی گەلی کورد لە باکوری عێراقدا.

حکومەتەکانی وولاتە یەکگرتووەکان و مەملەکەتی یەکگرتوو و تورکیا لە ڕێی کاری «چاودێری باکور» ەوە یارمەتی پارێزگاری ناوچە کوردییەکانیان بە دیهێناوە، ئێمە داوا لەوان و لە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی یەکانی تریش دەکەین کە لە ووریایی و پێشکەشکردنی پارێزگاری ناوچە کوردی یەکانی عێراقدا بەردەوامبن.

هەروەها ڕێکخراوە ناحکومەتییەکان ئەوانەی لە کوردستانی عێراقدا کاردەکەن لە پەناگیرێتیان کەمکردینەوە و خزمەتی وایان پێشکەشکردین کە لە ژمارە نایەن.

بەیەکگەیشتنەکانی ئایندەی سەرکردەکان

سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان و سكرتێری گشتی یەكێتی نیشتمانی كوردستان هەموو دوو مانگ جارێك لە ناوەوە یان لە دەرەوەی كوردستانی عێراق لەو شوێنانەی هەردوو لا لەسەری رێكدەكەون بەیەك دەگەن و كۆبونەوەی دەوریان دەبێ ...

لە چاوەڕوانی قایلبوونی حكومەتە بایەخدەرەكاندا، ئێمە بە هیواین كۆبوونەوەی داهاتوومان لە ئەنقەرە و ئەمجا لە لەندەن بێ.

لە كۆبوونەوەی ئەنقەرە دا لەسەر ئەو كارە هاوبەشانە دەكرێ كە بۆ دابینكردنی سنور و نەهێشتنی تیرۆرە، ئەویش بە بەهێزكردنی ئاسایش لە سنووری عێراقدا.

دەكرێ لە كۆبوونەوەكەی لەندەندا زۆرتر سەبارەت بە بارودۆخی دهۆك و سلێمانی بكۆڵرێتەوە، هەروەها باسی خولقاندنی میكانیزمێك بۆ كردنی هەڵبژاردنێكی ئازاد و خاوێن بكرێ.

جەلال تاڵەبانی
یەكێتی نیشتمانی كوردستان

مەسعود بەرزانی
پارتی دیموكراتی كوردستان

شاهید
دەیفد وێڵش
جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریكا
بۆ كاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

* ئەم دەقە لە ڕۆژنامەی «القدس العربی»، ژمارە «۲۹۳۱»، ڕۆژی سێ شەممە، ۱۳ی ئۆكتۆبەری ۱۹۹۸ دوە وەرگیراوە.

هەواڵنامەی كتێب

نامه

# باسکار

گۆڤارێکی وەرزیی باس و لێکۆڵینەوەیە

برای هێژاو دەلال مام جەلال تاڵەبانی

ڕێککەوتنی ئێوەو هێژا کاک مەسعود بارزانی مژدەی هێنانەوەی هیوایە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد. شامادانی خۆمان دەردەبڕین و چاوەڕوانی هەنگاوی بەرقەراری ئاشتی و ئاساییشی سەرانسەریتان لێدەکەین.
بەم بۆنەیەوە دەخوازین لەگەڕانەوەتاندا بە «لەندەن» دا لەگەڵ هێژا «کاک مەسعود» ئێوارە کۆڕ و ئاهەنگێکتان بۆ سازبکەین.
تکایە لەو بارەوە لەگەڵ «کاک مەسعود» دا هاریکاری بکەن و لەکات و ڕۆژەکەی بە «فاکس» ئاگادارمان بکەنەوە تائێمەش جێگەو ڕێگە ئامادەبکەین.

صەباحی غالیب
لەجیاتی گۆڤاری باسکار و
دەستەیەک ڕووناکبیر
١٩٩٨/٩/٢٣

# باسكار

گۆڤارێکی وەرزیی باس و لێکۆڵینەوەیە

برای هێژاو دەلال کاک مەسعود بارزانی

ڕێککەوتنی ئێوەو هێژا مام جەلال تاڵەبانی مژدەی هێنانەوەی هیوایە بۆ تەواوی نەتەوەی کورد. شامادانی خۆمان دەردەبڕین و چاوەڕوانی هەنگاوی بەرقەراری ئاشتی و ئاسایشی سەرانسەریتان لێدەکەین.
بەم بۆنەیەوە دەخوازین لەگەڕانەوەتاندا بە «لەندەن» دا لەگەڵ هێژا «مام جەلال» ئێوارە کۆڕ و ئاهەنگێکتان بۆ سازبکەین.
تکایە لەو بارەوە لەگەڵ «مام جەلال» دا هاریکاری بکەن و لەکات و ڕۆژەکەی بە «فاکس» ئاگادارمان بکەنەوە تائێمەش جێگەو ڕێگە ئامادەبکەین.

صەباحی غالیب
لەجیاتی گۆڤاری باسکار و
دەستەیەک ڕووناکبیر
١٩٩٨/٩/٢٣

# ڕوونکردنەوەیەک

ئەو دوو نامەیەی بۆ بەڕێزان کاک مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و مام جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نووسراون. بۆ ئەوە بوو، بۆ بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی و مەسەلە سەرەکییەکانی چاوەنووسی نەتەوە و نیشتمان، بتوانرێ سەرەتای دیالۆگێک لە نێوان ڕووناکبیران و سیاسەتمەداراندا دروست بێ، هەر لایەنە، لای خۆیەوە لێکدانەوە و تێڕوانین پێشکەش بکا و هەوڵبدرێ مەیدانی فراوان بۆ بیرو باوەڕ گۆڕینەوە و چوارچێوەی تێگەیشتن دیاری بکرێ. بەلام وەلامیان نەبوو.

**باسکار**

# له بابهتهكانى ژمارهى ئاينده

١- سوارهى ئيلخانيزاده : قهڵهمێكى بههێز و ئهدهبياتێكى بهپێز
نووسينى ئهسعهد نهقشبهندى

٢- كورد له يادداشتهكانى «تالب شبيب» دا
وهرگێڕانى ساڵح حهمه ئهمين

٣- ئاوڕێك له ڕابوردوويهكى نزيك
نووسينى حهمهى عهزيز (خاڵه حهمه)

Kitêbxaneya Kurdî
Kurdiska Biblioteket · Kurdish Library

# BASKAR

**Magazine For Studies & Research in Kurdish**

**Editor:**
Sabah Ghalib

**Address:**
105 Gladstone Park Gardens
London NW2 9JY

**One Year Subscription:**
Europe £25.00
Others £35.00

Published in London

No. 2

Winter 1999